# کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف

## چیرۆکی راستەقینەی پێنج ژنی کوژراو

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO

**نوسین و ڕێکخستنی**

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ناوی پەرتوک: کوشتنی ژنان بەبیانووی شەرەف

بابەت: چیرۆک و بەسەرهاتی راستەقینە

پرۆژەی هاوبەشی رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ

سەرپەرشتیاری پرۆژە: ڕۆژە محمد غەریب

بەڕێوەبەری پڕۆژە: هانا شوان حەسەن

نوسین و ڕێکخستنی: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (١٥٥٠)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

بەڕێوەبەری هونەری: سۆران نەقشبەندی

بەرگ: ئاودێر عومەر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: یەکەم سلێمانی ٢٠٢١

چاپخانە: کارۆ

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO

**ناوەڕۆك:**

پێشەکی ڕێکخراوەی گەشەپێدانی مەدەنیەت ... .......................................... ٤
پێشەکیی نووسەر ........................................................................ ٦

چیرۆکەکان

پێچەوانەی تەوژم ........................................................................ ٨
خونچەیەك زوو سیس بوو........................................................... ٢٥
کانییەك، کەس ئاوی لێ نەخواردۆتەوە ...................................... ٤٠
تاریکی لەنێو تاریکی ...................................................................... ٦٠
ڕۆشناییەك لە کۆتایی تونێلەکەدا ................................................ ٧٦

## پێشەکیی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت CDO

لـە کۆمەڵگـە تەندروسـتەکاندا مافـی ژیـان بـۆ ڕەگـەزەکان سازشـی لەسـەر ناکرێـت، بـۆ مافەکانـی تـر زۆر فاکتـەر هـەن هـۆکارن بـۆ دەسـتەبەربوون یـان نەبوونیـان، لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا (شـەرەف) هەڕەشـەیەکی لـە مێژینەیـە بۆسـەر ژیانـی کچـان و ژنـان و سـەدەها ژن بونەتـە قوربانـی چەمکێـک کـە نەریـت و ئایـن و دەسـەڵاتی سیاسـی و قەیرانـە جیـاوازەکان لـە کۆمەڵگـەدا چەسـپاندویانە و برەویـان پێـداوە

ئـەم کتێبـەی لەبـەر دەسـتدایە بەسـەرهاتی پێنـج ژنـە کـە عەقلیەتـی بـاوی کۆمەڵگـە ڕۆحـی لـێ سـەندونەتەوە. چیرۆکـی ئـەم ژنانـە بەشـێکن لـە واقیعـی تاڵـی کۆمەڵگەیـەک کـە سـەدەهای لـە تاکەکانـی بـە منـداڵ و پیاو و ژنـەوە کردۆتـە قوربانی عەقلیەتێـک کـە ڕێگـە بـە ژیـان نـادات بەڵکـو هانـی کوشـتن دەدات، ئـەم کتێبـەی لەبـەر دەسـتدایە بەشـێکە لـە پـڕۆژەی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی و کوشـتن

بـە بینـاوی شـەرەف ئامانـج لێـی نوسـینەوە و خسـتنە بەرچـاوی ئـەو چیرۆکـە پـڕ ئازارانەیـە کـە بـاس لـە کوشـتنی ژنـان دەکات و بەشـێوەیەکی جیـاواز بۆتـۆی خوێنـەر ئامادەکـراوە، ئامانجیـش لێـی کـە تـۆی خوێنـەر دوای خوێندنـەوەی چیرۆکـەکان بـە ڕۆڵـی خـۆت وەک تاکێکـی بەرپـرس بەشـداربیت لـە گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی و بـە شـێوەیەک کـە هەمـووان بەیەکـەوە بەرپرسـیارانە ڕووبـەڕوی کوشـتنی ژنـان بـە بیانـوی شـەرەف ببینـەوە و لـە بـاوەڕی جیاوازمانـەوە بـەوەی کوشـتن بـە بیانـوی شـەرەف نەریتێکـی لەمێژینەیـە وە دەبێـت ڕابگیرێـت، لـە جێبەجێکردنـی ئـەم پڕۆژەیـە دا بەشـداربووین بـۆ ئامانجەکەمـان میکانیزمـی جیـاوازی دیراسـەکراوی وەڵامدەرەوەمـان بڕیارلێـدا یەکێـک لـەو میکانیزمانـە هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی یـە، بـۆ هۆشـیاریش میکانیزمـی جیـاواز پەرەپێدەدەیـن و یەکێـک لـە هەنگاوەکانمـان لـەم بـوارەدا نوسـینەوەی چیرۆکـی قوربانیەکانـە، ئامانـج لێـی هاوسـۆزی و پشـتگیری کۆمەڵگەیـە بـۆ گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی.

## پێشەکیی نووسەر

ئـەم کتێبـە، بریتییـە لـە پێنـج چیرۆکـی کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف، بـەڵام ئـەم چیرۆکانـە، بـە مانـا ئەدەبییەکـەی، چیـرۆك نیـن، واتـە لێـرەدا خوێنـەر چیرۆکـی هونـەری ناخوێنێتـەوە، بەڵکـو کۆمەڵـێ رووداوی راسـتەقینە دەخوێنێتـەوە کـە لەسـەر زەویـی واقیـع و لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا روویـان داوە، ئێمـە بـە شـێوازێکی ئەدەبـی و بـە زمانێکـی روون دامانڕشـتوونەتەوە، لەلایـەك هەوڵـمان داوە رەگـەز و تەکنیکەکانـی چیـرۆك بەکاربێنیـن، لەلایەکـی تـر تـا ئەندازەیـەك مـۆرك و شـێوازی توێژینەوەمـان پێبەخشـیوە، واتـە لەسـەرێك هونەرەکانـی گێڕانەوەمـان بەکارهێنـاوە و لەسـەرێکی تـر شـێوازی توێژینـەوە، بێئـەوەی پەراوێـزی بـۆ دابنێیـن و سـەرچاوەکان دەستنیشـان بکەیـن.

دەتوانیـن بڵێیـن، ژانـری ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە توێژینـەوەی چیرۆکئامێـز، یـان بریتییـە لـە چیرۆکـی شـیکردنەوەیی کـە تیایـدا تیشـکمان خسـتۆتە سـەر هـۆکار و دەرئەنجام و چارەسـەر. لـە سـەرجەم چیرۆکەکانیشـدا جەختـمان کردۆتـە سـەر چەمکـی "شـەرەف" و ماناکانــی "شــەرەف" لــە کۆمەڵگــە جیاجیاکانــدا، هەوڵمانــداوە ماناکانــی تــری چەمکـی "شـەرەف" بخەینـەڕوو، رەهەندەکانـی دیکـەی "شـەرەف" پیشـان بدەیـن، نـەك تەنهـا ئـەو مانایـەی لـە کۆمەڵگـە دواکەوتووەکانـدا هەیـە و تەنهـا دەبەسـترێتەوە بـە جەسـتەی ژنـەوە.

سـەرلەبەری ئـەم چیرۆکانـە، کتومـت وەك ئـەوەی لـە واقیعـدا روویـان داوە، نەنوسراونەتـەوە، بەڵکـو، بەپێـی ئـەو دۆکیومێنتانـەی دەسـتمان کەوتـوون، چەنـد بەشـێکی سـەرەکیمان لـە رووداوە راسـتەقینەکە وەرگرتـووە، پاشـان بـە خەیاڵـی خۆمان دامانڕشـتوونەتەوە، واتـە رووداوی راسـتەقینە و رووداوی خەیاڵـی، بـە یەکسـانی، بەشـیان لـەم چیرۆکانـەدا هەیـە، چونکـە هـەم نـاوی کارەکتەرەکانمـان گۆڕیـوە، هـەم شـوێنەکان. ئـەم کارەشـمان بـۆ ئـەوە کـردووە تـا هەرچـی زیاتـر بتوانیـن شـێوازێکی دیکـە لـە گێڕانـەوەی رووداوەکانـی کوشـتنی ژنـان دابهێنیـن کـە ببێتـە مایـەی راکێشـانی سـەرنجی گەنجـان بـۆ ئـەم مەسـەلەیە.

ئامانجـی ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی گەنجـان لـە بەرامبـەر کێشـەیەکی گـەورەی وەکـو تاوانـی ژنکوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف، هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی بتوانـرێ لـەم رێگەیـەوە کاریگـەری لەسـەر گەنجـان دابنـرێ، تـا پـتر هاوسـۆزییان لەگـەڵ مەسـەلەی ژنانـدا هەبێـت و لـە دژی تاوانـی ژنکوشـتن بووەسـتنەوە، سـا ئـەو کوشـتنە بـە هـەر بیانوویـەك بێـت.

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

سلێمانی ٢٠٢١/٤/٢٥

# پێچەوانەی تەوژم

**دیمەنی یەکەم:**

پیشاندانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە بریتییە لە خستنەڕووی هەندێ لایەنی کوشتنی "باخان عەلی"، لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە تۆمار کراوە. فیلمەکە هەشت خولەکە و لە هۆڵێکی گەورەی ڕێکخراوی کاری هاوبەشی مافەکانی مرۆڤدا، بە داتاشۆ، پیشان دەدرێت. کۆمەڵێ گەنجی کوڕ و کچ، بەشێوەی نیوە بازنەیی، لەسەر کورسییەکانی دەوری مێزە بازنەییەکە دانیشتوون و بە بێدەنگی تەماشای فیلمە دۆکیومێنتارییەکە دەکەن. لە پێشەوە و لەلای ڕاستی لاپتۆپەکە و لە نزیکی داتاشۆکەوە، سەردار حەمە ساڵح، کە یەکێکە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە و شارەزایە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، دانیشتووە و ئەویش سەیری فیلمەکە دەکات.

سەرەتای دیمەنەکە بریتییە لە پیشاندانی پرسەی باخان عەلی لە مزگەوتێکدا، باخان بەدەستی مێردەکەی کوژراوە، پرسەکە زۆر قەرەباڵغە، دەستەیەك دێن و دەستەیەك دەڕۆن، لە سەرووی مزگەوتەکەیشەوە دەنگی گریان و ناڵەی ژنان لە ماڵێکەوە دێت، ماڵی باوکی باخان، خەڵکی هەموو بۆ کوشتنی باخان عەلی خەمبار بوون .

پەیامنێری کەناڵەکە دەڵێ: ئێوارەی دوێنێ پیاوێك بەناوی جەزا سەعید ئیبراهیم، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بە دەمانچە ژنەکەی خۆی کوشتووە و سێ فیشەکی پێوە ناوە، دەستبەجێ پۆلیس هاتوون و پیاوەکەیان دەستگیر کردووە، پیاوەکە قسەی بۆ پۆلیس کردووە و گوتوویەتی بە ئەنقەست نەمکوشتووە و لەکاتی تووڕەبووندا لەدەستم دەرچووە، تەنها ویستوومە بیترسێنم. هێشتا وردەکارییەکانی کوشتنەکە دیار نییە و پۆلیسیش خەریکی لێکۆڵینەوەن لە ڕووداوەکە. ژنە کوژراوەکە ناوی باخان عەلی مەحەمەدە و تەمەنی ٢٩ ساڵە، دوو منداڵی هەیە، دە ساڵ لەمەوبەر شووی بە جەزا سەعید ئیبراهیم کردووە کە خزمی خۆیەتی.

کامێراکـە دەچێتـە نێـو پرسـەکەوە و دەیخاتـە سـەر دایکـی باخـان کـە زۆر بـە کـوڵ و سـۆزەوە دەگـری و بـۆ باخانـی کچـی دەلاوێنێتـەوە.

لـە بەشـێکی تـردا، ژنـان لـە پرسـەکەدا دەوری دایکـی باخانیـان داوە کـە بـۆ کوژرانـی کچـە گەنجەکـەی دەگـری، بـەدەم گریانـەوە باسـی ناڕەحەتیـی ژیانـی باخانـی بـۆ ژنـەکان دەکـرد کـە بـە چ نەهامەتییـەك ژیـاوە، چەنـد دەردی سـەریی بەدەسـت ئـەو پیـاوەوە چەشـتووە، دەڵـێ: "ئـەو کچـە دامـاوەم لەوەتـەی شـووی کـردووە خێـری لەخـۆی نەدیـوە، پیاوەکـەی زۆر بـۆی خـراپ بـوو، کـە تـووڕە دەبـوو پەنـای دەبـردە بـەر لێـدان، چەندیـن جـار لێیـداوە، چەندیـن جـار هەڕەشـەی کوشـتنی لێکـردووە، زۆر دڵپیـس بـوو، هـەر لەخۆیـەوە تۆمەتـی بـۆ کچەکـەم هەڵدەبەسـت، پیاوێکـی زۆر تـووڕە و گومانـکار بـوو، جارێکیـان یـەك کـتری ئـاوی گەرمـی پیـا کـردووە و پێـی وتـووە نابـێ تـۆ بەرپەرچـی قسـەکانم بدەیتـەوە، جارێکـی تـر هێلکـە و رۆنەکـەی بـە گەرمـی بـە سـەروچاویدا کـردووە و بـە بەرچـاوی منداڵەکانـەوە لێیـداوە، گوایـە باخانیـش بـە تووڕەییـەوە قسـەی لەگەڵـدا کـردووە و وتوویەتـی تـۆ بۆچـی ئیشـێك ناکەیـت و هـەر لـە چایخانەکانـدا لەگـەڵ رەفیقەکانـت خەریکـی دۆمینـە و جگەرەکێشـانیت. کچەکـەم چەندیـن جـار تـۆراوە و هاتۆتـەوە بـۆ ماڵـەوە، چەندیـن رۆژ لـەلام ماوەتـەوە، کەچـی ئـەو نەهاتـووە بەشـوێنیا تـا بیباتـەوە، کچەکەیشـم ناچـار بـووە لەبـەر منداڵەکانـی دان بەخۆیـدا بگرێـت و بگەڕێتـەوە بـۆ لای، بەشـکو ئـەو پیـاوە بێتـەوە هـۆش خـۆی و تۆزێـك بەتەنـگ خێزانەکەیـەوە بێـت".

دایکـی باخـان، بـەدەم لاواندنـەوەی کچەکەیـەوە لەسـەر قسـەکانی بەردەوامـە و دەڵـێ: "ئای باخـان گیـان، ئێسـتا چـی بکـەم رۆڵـە شـیرینەکەم، ناخـی منـت هەپـروون بـە هەپـروون کـرد. بڕسـتم لێبـڕا. ئێمـە دوو کـۆڵان لـە ماڵـی کچەکەمـەوە دووریـن، ئـاگام لـە هەمـوو شـتێکی بـوو، مێردەکـەی زۆر خـراپ بـوو بـۆی، لەسـەر بچووکتریـن شـت لێیـدەدا، تەنانـەت جارێکیـان مـن و کچێکـم چووینـە ماڵیـان ئـەوان شـەڕیان بـوو، بـە بەرچـاوی ئێمـەوە لێیـدەدا و ئێمـە بـەزۆر لەژێـر دەسـتی دەرمانهێنـا، جنێـوی پێـدەدا و دەیـووت دایکتـت بینیـوە زیاتـر هـار بوویـت. ئـەو تاوانبـارە بـەردەوام تۆمەتـی بێئەخلاقیـی بـۆ کچەکـەم

هەڵدەبەست، هەموو کەسێك دەزانێت کچەکەی من چەندە سەنگین و بە ئەخلاقە، بەس ئەوەندەی هەیە وەکو ئەو مێشك پووتە نەبوو، حەزی لە پێکەنین و تێکەڵبوون دەکرد، دەیویست لە دەرەوەی ماڵەوە کارێك بکات و داهاتێکی هەبێت، حەزی دەکرد ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت و خۆی مەسرەفی منداڵەکانی بکات، هەردەم چاوی لە دەستی مێردە قرچۆکەکەی نەبێت کە بە بێکار دەسوڕایەوە، خۆ ئەگەر پارەیەکی بە باخان بدایە، ئەوا بە جنێو پێیدەدا. ئەو تاوانبارە درۆی دەکرد و تۆمەتی بۆ کچەکەم هەڵدەبەست، زوو زوو پێیوتووە رۆژێك لەسەر ئەو بێشەرەفییەت دەتکوژم، یانی پێشوەخت پلانی هەبووە کە بە بیانووی شەرەف بیکوژێت. بۆیە دوێنێ ئێوارە ئەو تاوانبارە سێ گوللەی ناوە بە کچەکەمەوە، درۆ دەکات لە دەستی دەرنەچووە، گوللەی بە دڵی کچەکەمەوە ناوە، هەی دڵی لەتوپەت و هەلاهەلا بێت. تا دراوسێکان گەیاندبوویانە نەخۆشخانە، ئەو گیانی دەرچووبوو. بەخوا هەرگیز لێی خۆش نابم. دەبێ لە زینداندا دابڕزێت. نەمهێشت لەسەر لافیتەی کچەکەم ناوی ئەو تاوانبارە بنووسرێت".

پەیامنێرەکە دەڵێ: "ئەو رووداوە لە گەڕەکی ئیسکان رووی داوە، چەند جارێك پەیوەندیمان بە گوتەبێژی پۆلیسەوە کردووە، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەیان نەداوینەتەوە. تەنها لە راگەیەندراوی پۆلیسدا هاتووە: ژنێك بەناوی (ب.ع.م) لە گەڕەکی ئیسکان لە ماڵەکەی خۆیدا بەدەستی مێردەکەی کوژراوە. خاوەنی دوو منداڵە. پۆلیس بەردەوامە لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە. بەپێی وتەی سەرەتایی مێردی ژنەکە، کوشتنەکە بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو لەدەستی دەرچووە، سێ فیشەکی تەقاندووە و بەری کەوتووە و بە سەختی بریندار کردووە، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. پاش گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوکە، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەستیان پێکردووە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر دۆسییەکە رەوانەی بنکەی پۆلیس کراوە ، دواتر دەبرێتە دادگا".

لــە گرتەیەکــی دیکــەدا، پەیامنێرەکــە لەبــەردەم ماڵــی باخــان عەلــی و جــەزا ســەعید ئیبراهیـم وەسـتاوە و دەڵـێ ئـەو ژن و مێـردە بـە کـرێ لـەم خانـووەدا دادەنیشـتن و ”بەپێـی زانیارییەکانـی ئێمـە، جگـە لـە مێردەکـەی، ژن و پیاوێکیـش لەکاتـی کوشـتنەکەدا لـەوێ بـوون کـە خزمـی نزیکـی پیاوەکـەن و لـە شـارێکی تـرەوە هاتبـوون، ئـەو ئێوارەیـە میوانـی ماڵـی ئەمـان بـوون، ئەوانیـش دەسـتگیر کـراون، ژن و پیـاوە میوانەکـە وتوویانـە خۆمـان ئامـادە کردبـوو بچیـن بـۆ پارکـی وەنەوشـە. لەدواییـدا دەرکـەوت میوانەکـە بـرای جـەزا سـەعید ئیبراهیمـە“.

**دیمەنی دووەم:**

سـەردار حەمـە سـاڵح رووی کـردە گەنجـەکان و گووتـی: ”لەڕاسـتیدا ئەمـە بەشـێکە لـە وردەکارییەکانـی کوشـتنی باخـان عەلـی بەدەسـتی مێردەکـەی، ئـەم گرتـە ڤیدیۆییـە چەنـد لایەنێکـی تاوانـی کوشـتنی باخـان عەلـی بـە بیانـووی شـەرەف دەگێڕێتـەوە، هەنـدێ لایەنـی شـاراوەی دیکـەی هەیـە ئێسـتا دەمانـەوێ ئـەو لایەنانـەی دیکـە بخەینـەڕوو، ئینجـا دوای ئـەوە بەگشـتی لـە هۆکارەکانـی کوشـتنی ژنـان بەبیانـووی شـەرەف دەکۆڵینـەوە و گفتوگـۆی لەسـەر دەکەیـن، بەداخـەوە ئـەم حاڵەتانـە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا خەریکـە دەبێـت بـە دیـاردە، چونکـە وەك دەبینـن ئەنجامدانـی ئـەو چەشـنە تاوانـە، بـە بیانـووی شـەرەف و پاراسـتنی نامـوس، بەردەوامـە، وەختـە بڵێـم هەمـوو رۆژێـك هەواڵـی کوشـتنی کچێـك یـان ژنێـك بـە دەسـتی مێردەکـەی یاخـود براکـەی یـان باوکـی یـان مامـی یـان ئامۆزاکـەی و کەسـە نزیکەکانیـەوە دەبیسـتین، کەسـە نزیکەکانـی قوربانییەکـە خۆیـان بـە پارێـزەری شـەرەفی ژنـان دەزانـن و رێگـە و هـەق بەخۆیـان دەدەن تـاوان ئەنجـام بـدەن. رۆژێـك لـەم شـارۆچکە و گونـد و رۆژێـك لـەم شـار و ئـەو شـار، هەواڵـی کوشـتنی ژنێـك بەبیانـووی شـەرەف بـڵاو دەبێتـەوە. ئێمـە چەندیـن سـاڵە ئـەم مەسـەلانە دەخەینـەڕوو، کـۆڕ و سـیمیناری بـۆ

ڕێکدەخەیـن و لـە کەناڵەکانـدا باسـی دەکەیـن و هەوڵـی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی وشـیاریی گەنجـان دەدەیـن، کەچـی ئـەو دیاردەیـە هـەر بەردەوامـە. ئاخـۆ هـۆکارە بنەڕەتییەکانـی ئەم تاوانـە لەکوێدایـە؟ کـێ تاوانبـارە لـە بەردەوامبوونـی ئـەم دیـاردە نێگەتیـڤ و ناشـیرینە و ئـەم تاوانـە گەورەیـە، تـاك یـان کۆمەڵـگە؟ دادگـە و یاسـاکانی؟ یـان حکومـەت و بڕیارەکانـی؟ ئاییـن و دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی؟ یـان ناهۆشـیاریی تاکـەکان؟

پێـش ئـەوەی ئـەم لایەنانـە یـەکالا و شـیبکەینەوە و گفتوگـۆی لەسـەر بکەیـن، بـا هەنـدێ لایەنـی دیکـەی کوشـتنی (باخـان عەلی)تـان بـە دەسـتی مێردەکـەی، بەپێـی قسـەکانی دایکـی باخـان لـەو فیلمـە دۆکیومێنتارییـەدا، بـۆ روون بکەمـەوە. خۆیشـمان لەدواییـدا بەدواداچووڼمـان بـۆ کـردووە و تەفاسـیلی زیاترمـان کۆکردۆتـەوە، جگـە لـەوەی (باخـان عەلی)مـان دەناسـی و چەنـد جارێـك سـەردانیی ئۆفیسـی ڕێکخراوەکەمانـی کـردووە.

باخـان عەلـی چەنـد جارێـك سـەردانیی کردوویـن، دەسـتی کچـە بچکۆلەکـەی دەگـرت و بـە ڕوویەکـی شـیرین و بـە زەردەخەنـەوە سـڵاوی لـە کارمەندانـی ڕێکخراوەکـە دەکـرد و گفتوگـۆی لەگەڵـدا دەکـردن، جاروبـار هەنـدێ کتێبـی بـۆ خوێندنـەوە دەبـرد، بەتایبەتـی زۆری حـەز لـە کتێبـی (پیاوانـی ئـازا و ژنانـی جـوان) بـوو، دوو جـار ئـەو کتێبـەی بـۆ خوێندنـەوە خواسـتبوو، وابزانـم زۆربەتـان کتێبەکەتـان بینیـوە، باسـی مەسـەلەی جێنـدەر و توندوتیژیـی هێمایـی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا دەکات، ژنێکـی ئەڵمانـی نوسـیویەتی کـە ماوەیەکـی زۆر لـە کوردسـتاندا ژیـاوە، نـاوی ئەندریـا فیشـەرە، حـەز دەکـەم بیخوێننـەوە، ئەوانـەی نەیانخوێندۆتـەوە لـە کتێبخانەکـەی ئێمـەدا بەردەسـتە.

هەمـوو جـارێ باخـان، وەك خـۆی دیگـوت، بـە پـاس دەچـوو سـەردانیی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی دەکـرد، دەیویسـت شـارەزایی لـەو بـوارەدا هەبێـت و ئەحواڵـی دونیـای دەوروبـەری خـۆی بزانێـت، دیسـان هەوڵـی دەدا لـەو بـوارەدا کارێکـی دەسـت بکـەوێ، هەنـدێ جـار سـکاڵای لـە مێردەکەیشـی هەبـوو، بـە ئاشـکرا دەیگـوت: "مێردەکـەم ڕێگریـم بـۆ دروسـت دەکات و ناهێڵێـت بچمـە دەرەوە، یـان ڕێگـە نـادات لـە شـوێنێکدا کار بکـەم، بەتایبەتـی لـەم ڕێکخراوانـەدا، بۆچوونێکـی خـراپ و هەڵـەی لەسـەر ڕێکخراوەکانـی ژنـان

و ڕێکخـراوەکان بـە گشـتی هەیـە“. یانـی باخـان ئاسـتێکی هۆشـیاریی بـەرزی هەبـوو، گرفتـی ئـەم ژن و مێـردە ئەوەبـوو ئاسـتی هۆشـیاریی ژنەکـە زۆر لـە پێـش ئاسـتی هۆشیاریی پیاوەکـە بـوو. ئێـوە لـەو گرتـە ڤیدیۆییـەدا گوێتـان لـە قسـەکانی دایکـی باخـان بـوو، ئەگـەر جـوان دیقەتتـان دابێـت، باسـی ئـەوە دەکات مێردەکـەی هـەر لـە ئەوەڵـەوە خـراپ هەڵسـوکەگووتی لەگەڵـدا کـردووە، چەندیـن جـار لێیـداوە، تۆمەتـی نائەخلاقیـی بـۆ هەڵبەسـتووە، نەیویسـتووە باخـان لـە دەرەوەی ماڵـەوە کار بـکات، گومانـی لـە ڕەفتارەکانـی هەبـووە و تۆمەتـی بـۆ هەڵبەسـتووە، واتـە هەمـوو جووڵانـەوە و قسـەیەکی باخـان لەلایـەن مێردەکەیـەوە لێکدانـەوەی خراپـی بـۆ کـراوە، بۆچـی؟ چونکـە پێشـوەخت گومانـکار بـووە و بـە خەیاڵـی خـۆی باخـان کاری ناشایسـتە دەکات، لـە مێشـکی خۆیـدا سـیناریۆی ناڕاسـتی دروسـت دەکـرد و گومانـی زیاتـری لـە ژنەکـەی دەبـوو.

رق و کینـەی مێـردی باخـان گەیشـتۆتە ئاسـتێك کـە تەنانـەت لەبەردەمـی منداڵەکەیانـدا لێـی بـدات، ئـاوی گەرمـی پیـادا بـکات و هێلکـەو ڕۆنەکـە بـە گەرمـی بـە سـەروچاویدا بـکات، مەبەسـتم ئەوەیـە بیـر لـەوە بکەنـەوە ئـەم پیـاوە پێشـوەخت چ بیرکردنـەوە و چ هەسـت و ناخێکـی بەرامبـەر بـە باخـان هەڵگرتـووە، گومـان و لێـدان و تۆمەتـی ناڕاسـت، رق و توندوتیژیـی ڕاسـتەوخۆ، ئەمانـە وردە وردە بـەرەو بڕیاردانـی کوشـتنیان بـردووە.

چوونـە دەرەوەی باخـان و سـەردانیکردنی بـۆ ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان، مێردەکـەی قەڵـس کـردووە و زیاتـر گومـان و فشـاری خسـتۆتە سـەر، باخانیـش هەمیشـە تەحـەدای کـردووە و وتوویەتـی خـۆ مـن کۆیلـەی تـۆ نیـم. باخـان لـەم چوونـە دەرەوە و سـەردانیکردنەی ڕێکخراوەکانـدا، بـە تەبیعەتـی حـاڵ کۆمەڵـێ هـاوڕێ پەیـدا دەکات، چەندیـن هاوڕێـی کـوڕ و کچـی هەبـوو، هەوڵیـان دەدا کارێکـی بـۆ بدۆزنـەوە، ببـوو بـە هاوڕێـی هەنـدێ لـە کچـان و کوڕانـی ڕێکخراوەکـە.

جارێکیـان یەکێـك لـە کارمەندەکانـی ئێمـە ویسـتوویەتی بـە ئۆتۆمبێلەکـەی، باخـان و کچەکـەی بگەیەنێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، پێـی وتـووە مـن دەتانگەیەنمـەوە و زۆر ئاسـاییە، ئـەم وتوویەتـی ئاخـر عەزیەتـە و ئەویـش وتوویەتـی نـا زۆر ئاسـاییە، دواجـار باخـان بـە

شـەرمێکەوە سـەردەکەوێت. بـەڵام کـە ئۆتۆمبێلەکـە گەیشـتۆتە نزیـك ماڵی باخان لە ئیسـکان، مێردەکـەی بینیوپەتـی باخـان لـە ئۆتۆمبێلـی کەسـێکی غەریـب دادەبەزێـت و بـە سوپاسـەوە ماڵئاوایـی لێـدەکات. ئیـتر هـەر کـە چۆتـە ماڵـەوە، مێردەکـەی یەکسـەر بەدوایـدا خـۆی بـە ماڵەکـەدا کـردووە و بـە تووڕەییـەوە پرسـیاری ئـەو ئۆتۆمبێلـە و شـۆفێرەکەی کـردووە، باخـان هەرچییەکـی وتـووە، ئـەو بـاوەڕی نەکـردووە، چونکـە مێردەکـەی لـە بنەڕەتـدا گاڵتـەی بـە ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ دەهـات و نەیدەویسـت باخـان سـەردانیی ئـەو شـوێنانە بـکات، ئەمـە جگـە لـەوەی بینیوپەتـی باخـان بـە ئۆتۆمبێلـی ڕێکخراوێـك دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، خۆیشـی پێشـتر گومانـی هەبـووە و گوێـی لـە چەندیـن قسـە و قسـەڵۆك و پـلاری خزمـان و دراوسـێکان بـووە، ئیـتر نەیتوانیـوە کۆنترۆڵـی خـۆی بـکات و بـە توندتریـن شـێوە لێیـداوە، دراوسـێکان گوێیـان لـە قیـژە و هـاواری باخـان بـووە و فریـای کەوتـوون، بـەزۆر لەژێـر دەسـتی دەریانهێنـاوە و بـە پەلـە گەیاندوویانەتـە ماڵـی باوکـی کـە دوو کـۆڵان لەولاتـر بـووە. باخـان خـۆی دواتـر ئـەو شـتانەی بـۆ گێڕاوینەتـەوە، ئێمـە زۆرمـان هەوڵـدا پەیوەنـدی بـە مێردەکەیـەوە بکەیـن و قسـەی لەگەڵـدا بکەیـن، سـوودی نەبـوو، دەمانویسـت ئـەو هەمـوو وەهـم و گومانـە لـە مێشـکیدا بسـڕینەوە و بـە جۆرێکـی تـر بڕوانێتـە ژیـان و ڕێکخـراوەکان و پەیوەندییەکانـی نێـوان ژنـان و پیـاوان، بـەڵام بـە هیـچ جۆرێـك قایـل نەدەبـوو دیدەنیـمان بـکات. باسـی ئـەوەش دەکـرێ گوایـە براکانـی جـەزا سـەعید ئیبراهیـم، هەڕەشـەیان لـە جـەزا کـردووە و وتوویانـە ژنەکـەت خەریکـی کاری ناشایسـتە و بێئەخلاقییـە، ئەگـەر نەیکوژیـت ئـەوا ئێمـە تـۆ دەکوژیـن، واتـە ئـەوان پـتر جەزایـان پـڕ کـردووە لـە گومـان و رق، پاشـان هاندانـی تاوانـی کوشـتن. ئـەو شـەوەی کـە تاوانـی کوشـتنەکەی تیـادا ئەنجـام درا، یەکێـك لـە براکانـی مێردەکـەی لـەوێ بـوو، گوایـە ئەویـش بـۆ ئـەو کارە هاتـووە و یارمەتیـی داوە ـ ئەویـش دەستبەسـەرە و لەژێـر لێکۆڵینەوەدایـە.

ئێسـتا بـا ڕێسـتێك وەربگریـن، فەرمـوون چایـی و قـاوەی لێیـە، دوای دە خولـەك دەگەڕێینەوە بـۆ هۆڵەکـە و گفتوگـۆ دەکەیـن لەسـەر ئـەم کەیسـە و هۆکارەکانـی تاوانـی کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف.

**دیمەنی سێیەم:**

سـەردار حەمـە سـاڵح، دەرگای گفتوگـۆی کـردەوە و گووتـی: "ئێسـتا بـە راشـکاوی لەسـەر ئـەم بابەتـە هەسـتیارە قسـە دەکەیـن، بیـروڕا ئاڵوگـۆڕ دەکەیـن و حـەز دەکـەم گوێـم لـە بۆچوونـی ئێـوەش بێـت، بێگومـان دەتوانـن هەمـوو پرسـیارێکیش بکـەن".

یەکێـك لـەو کـوڕە گەنجانـەی لـەو مێزگـردەدا ئامـادە ببـوو، سـەرەتای گفتوگۆکـەی کـردەوە، دەستپێشـخەریی کـرد و گووتـی: "مامۆسـتا سـەردار، تـۆ لـە قسـەکانتدا باسـی شـتێکت کـرد، بـووە مایـەی بیرکردنـەوەی مـن، شـتێکی سـەرنجڕاکێش بـوو، تـۆ وتـت گرفتـی باخـان عەلـی و مێردەکـەی ئەوەبـوو کـە ئاسـتی هۆشـیاریی باخـان عەلـی زۆر لەپێـش ئاسـتی هۆشـیاریی مێردەکەیـەوە بـوو، ئەمـەش بـە بۆچوونـی تـۆ یەکێـك لـە هۆکارەکانـی کوژرانـی باخـان عەلـی بـوو".

سەردار حەمە ساڵح بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"ئەمـە راسـتە و نموونـەی لـەو چەشـنە کـەم نییـە، بێگومـان پێچەوانـەی ئـەم حاڵەتـەش هەیـە، واتـە ئاسـتی رۆشـنبیریی پیاوەکـە لـە پێـش ئاسـتی رۆشـنبیریی ژنەکەوەیـە، لـەم حاڵەتـەدا رۆڵـی پیـاو زۆر بـاش دەبێـت لـە کردنـەوەی بوارێـك بـۆ ئـازادی و مافـی ژنـان. واتـە پیـاوان دەتوانـن کاربکەنـە سـەر هۆشـیارکردنەوەی ژنـان و رۆڵێکـی پۆزەتیـڤ بگێـڕن، بێگومـان دەبـێ ژنـان خۆیشـیان رۆڵـە سـەرەکییەکە ببینـن. بـەڵام لـە حاڵەتـی باخـان عەلیـدا، کارەسـات دەخوڵقـێ، چونکـە پیـاو لـە کۆمەڵگـەی نێرسـالاری و دواکەوتـوودا، هەرگیـز گـوێ لـە ئامـۆژگاری و داواکاری و دانایـی ژن ناگـرێ، چونکـە هـەزاران ساڵە بـەو شـێوەیە پـەروەردە کـراوە کـە هەرچـی پیـاو بیڵـێ و بیـکات، هـەر ئـەوە راسـتە، لـە بیرکردنـەوەی ئـەو جـۆرە پیاوانـەدا ژن پلـە دووە و لـە خـوار پیاوەوەیـە. ئەزانـی گرفتەکـە پەیوەندیـی

بـەوەوە هەیـە کـە وەك عەلـی وەردی دەڵـێ ئازادیـی ژنـان پێـش هۆشـیاریی کۆمەڵگـە و قبوڵکردنـی پیاوانـەوە هاتـە دی، عەلـی وەردی باسـی پەنجـاکان و شەسـتەکانی کۆمەڵگـەی عێراقـی دەکات کـە ژنـان بـە هـۆی پێشـکەوتن و مۆدێرنـەوە، جلـی سـفوریان لەبـەر دەکـرد و ئازادییەکـی زیاتریـان بـۆ دەسـتەبەر بـوو، بـەڵام هێشـتا بونیـادی کۆمەڵگەکـە بونیادێکـی خێڵەکییانـەی کۆنەپەرسـتانە بـوو، هێشـتا زۆربـەی پیـاوان نەیاندەتوانـی ئـەو ئازادییـەی ژنـان قبـوڵ بکـەن، تەنهـا لـەلای دەسـتەبژێرێکی خوێنـدەوار نەبـێ، بۆیـە زۆر جـار کارەسـاتی بـەدوادا دەهـات".

کوڕێکـی دیکـە گووتـی: "مامۆسـتا، لـەوە دەچـێ مێردەکەیشـی کەمێـك ئـاگای لـە سـزادانی تاوانـی کوشـتن بەبیانـووی شـەرەف بووبێـت، بۆیـە وتوویەتـی بـە ئەنقەسـت نەمکوشـتووە و لەدەسـتم دەرچـووە".

سـەردار حەمـە سـاڵح بـەم جـۆرە وەڵامـی دایـەوە: "لەوانەیـە، نازانـم، بـەڵام ئەمـەش دادی نـادات، کوشـتن هـەر کوشـتنە، ئیـتر بـە ئەنقەسـت بێـت یـان بیانـوو بهێنێتـەوە، هەمـووی لەکاتـی تووڕەبـوون و بـە بیانـووی شـەرەفەوەیە، ئاخـر کەسـانی وا هـەن بـە شـانازییەوە دەڵێـن بەڵـێ لەسـەر شـەرەف کوشـتوومە، هەیـە لـە دادگادا و لەبەردەمـی دادوەرەکەشـدا نکوڵـی لـە تاوانەکـەی نـاکات و بگـرە شـانازی بـە دەسـەڵات و توانـا و پیاوبوونـی خۆیـەوە دەکات.".

کچێـك کـە لـە پێشـەوە دانیشـتبوو، دەسـتی بـەرز کـردەوە و گووتـی: "مامۆسـتا، دەمـەوێ لـەوە تێبگـەم کـە وشـەی "شـەرەف" چییـە و ماناکانـی چیـن، ئێمـە هـەر وا چۆتـە مێشـکمانەوە کـە شـەرەف تەنهـا پەیوەنـدی بـە رەگـەزی مێینـەوە هەیـە".

سـەردار گووتـی: "ئافەریـن پرسـیارێکی باشـت کـرد، بابەتێکـی گرنگـت وروژانـد کـە لـە ڕاسـتیدا کرۆکـی هەمـوو مەسـەلەکانە. وشـەی "شـەرەف" لەتـەك چەندیـن وشـەی دیکـەی هاومانـادا دەبرێـت، وەکـو وشـەی "نامـوس" و "حەیـا" و "ئەخـلاق" و "ئابـڕوو". ئەمانـە تـا ئەندازەیەکـی زۆر ماناکانیـان نزیکـن لـە یەکـترەوە. واتـە شـەرەف مانایەك هەڵدەگرێـت، یانی شـەرەف لـەلای ئێمـە تەنهـا یـەك مانـای هەیـە، کـە دەڵێیـن شـەرەف یەکسـەر لـە زەینـی

ئێمـەدا مانایـەك دروسـت دەبێـت تەنیـا مانـای شـەرەفی ژن و زایەنـدی ژن و سێکسـی ژن دەگرێتـەوە. لەکاتێکـدا چەمکـی شـەرەف چەندیـن مانـای دیکـە هەڵدەگرێـت، ئـەو مانایـەی سـەرەوە تەنهـا لـە کۆمەڵگـە دواکەوتووەکانـدا هەیـە، لـە کۆمەڵگـەی پێشـکەوتوودا شـەرەف مانـای تـر و رەهەنـدی دیکـەی هەیـە، کـە نابەسـترێتەوە بـە ژنـەوە، بەڵکـو دەبەسـترێتەوە بە بەهاکانـی مرۆڤایەتییـەوە. کەواتـە شـەرەفیش رێژەییـە و مانـای جیاجیـای هەیـە. هەروەکـو چـۆن جوانــی رێژەییــە، ناشــیرینی رێژەییــە، شــەرەفیش رێژەییــە. چەمکــی شــەرەف لــە کۆمەڵگـەی کوردیـدا وەك سـیفەتێکی جوانیـی ژن سـەیرکراوە، هەروەهـا شـەرەف بەپیـرۆزی لێکدەدرێتــەوە، شــەرەف هاومانــای (جوانی)یــە و پێویســتییەکی کۆمەڵایەتییــە کــە خــودی ڕەگــەزی نێــر خــۆی بــە خاوەنــی دەزانێــت و پارێزگاریــی لێــدەکات، بــەڵام پێویســتە بــە ئاشـکرا رایبگەیەنیـن کـە کوشـتنی ژن بەبیانـووی شـەرەف ڕەفتارێکـی دڕندانەیـە بەرامبـەر بـە ژن دەکرێـت، هەروەهـا کوشـتنی ڕەگـەزی مـێ پەیوەندیـی نییـە بەشـەرەفەوە، بەڵکـو بریتییـە لـە وێناکردنـی توندوتیـژی نێرانـە و باڵادەسـتیی نێـر .

لێـرەدا لەوانەیـە بپرسـن، ئەگـەر ژن ببێتـە شـەرەفی پیـاو، ئـەی پیـاو خـۆی دەبێتـە شـەرەفی کـێ؟ ئـەم پرسـیارە ڕەنگـە زۆر جـار کرابێـت، بـەڵام بـێ وەڵام ماوەتـەوە، وەکـو ئـەو تاوانانەی بەنــاوی شــەرەفەوە ئەنجامەدرێــت و هەمیشــە بــێ وەڵام دەمێننــەوە، یاخــود ڕەنگــە ئەوپـەڕی نەرمیـی تێـدا بـەکار ببرێـت، بۆنموونـە بـە سـوڵحی عەشـایەری و دەسـتێوەردانی ڕیـش سـپی و پیـاو ماقوڵانـی ناوچەکـە چارەسـەر بکرێـت و بەڕێکەوتـن لەسـەر بڕێـك پـارە کـە لـە ماڵـی دەسـتدرێژیکار یـان تاوانبـار وەردەگیرێـت، بـەم شـێوە نایاسـاییە کێشـەکە (بەنـاو) چارەسـەر دەکرێـت و ئـەو مەسـەلەیە چاوپۆشـی لێدەکرێـت، بکوژەکـە ژن یـان خوشـك یـان دایـك یاخـود کچـی خـۆی کـە بەشـەرەفی خـۆی پێناسـەی دەکات، بـەو بـڕە پارەیـە دەگۆڕێتـەوە، ئەگـەر مەسـەلەی پـارەش نەیەتـە ئـاراوە لەبریـی خوێنـی کوژراوەکـە، ئـەوا کچێکـی دیکـە دەبێتـە قوربانـی و دەدرێتـە ماڵـی کوژراوەکـە، ئـەو کچـە تـا مـردن دەبـێ بـە ئـازارو ئەشـکەنجەوە لـەو ماڵـەدا وەك خزمەتکارێـك بژێـت.

کچەکـە دیسـان گووتـی: "ئـێ باشـە شـەرەف خـۆی چییـە؟ مەبەسـتم لـەڕووی زانسـتییەوە،

چونکـە هێشـتا روون نییـە کـە مەبەسـتمان لـە شـەرەف چییـە، مـەرج نییـە تەنهـا لـە کۆمەڵگـەی ئێمـە، بەڵکـو دەمانـەوێ ئـەو ئەزموونـە لـە کۆمەڵگـە پێشـکەوتووەکاندا بزانیـن".
سـەردار گووتـی: "زەحەمەتـە پێناسـەیەکی دیاریکـراو بـۆ شـەرەف دابنرێـت، چونکـە شـەرەف مانـای جیـاواز جیـاوازی هەیـە، لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی دیکـە جیـاوازە، شـەرەف بریتییـە لەهەڵسـەنگاندنی ڕەوشـتی کۆمەڵایەتیـی تاکەکەسـی لەلایـەن تاکەکانـی تـری کۆمەڵگـەوە، ئەمـە پێناسـێکی گشـتییە.
لەڕاسـتیدا شـەرەف لـە کۆمەڵگەکانـی ئێمـەدا تەنهـا بـە ئافرەتـەوە دەبەسـترێتەوە، لـەم حاڵەتەشـدا شـەرەف پێوەرێکـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە ژنـان وکچانـەوە دەلکێندرێـت، لەلایـەن پیـاوی خێـزان بـە ڕەزامەندیـی کۆمەڵگـە، کـە گوایـە کۆمەڵگـە بـۆ پاراسـتنی سـومعە و ئـاکاری خـۆی، ئـەو کارە دەکات.
شـەرەف چەمکێکـی ڕێژەییـە، لـە کۆمەڵگەیەکەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکی تـر گۆڕانکاریی بەسـەردا دێـت و تـا ڕادەیەکـی زۆر بەسـتراوە بـە بارودۆخـی مـادی و پلـەو پایـەی کۆمەڵایەتییـەوە، واتـە مـەرج نییـە چەنـد پرەنسـیپێکی بنەڕەتـی بێـت، گەرچـی زۆر جـار واش دەردەکەوێـت کـە جێگیـرو نەگـۆڕ بێـت. زۆر جاریـش مانـای وەهـای پێدەبەخشرێـت کـە دەبێتـە هـۆی حەشـاردانی مانـا ئەسـڵییەکەی، وەك خانەدانیـی رۆح، جوامێـری، هەروەهـا ئابـڕوو، حەیـا، ئەمانیـش دیسـان ماناکانیـان جیرییـان هەیـەو دەشـێت بکشـێنرین. لـە هەندێـك کۆمەڵگـەی دواکەوتـوودا مانـای سـەرەکیی شـەرەف لـە سـنوردارکردنی ژیانـی سێکسـیدا کـورت دەبێتەوە، وەك پاکیزەیـی و داوێنپاکـی و ...هتـد. واتـە لێـرەدا مانـای شـەرەف بەرتەسـك دەکرێتـەوە و تەنهـا دەبەسـترێتەوە بـە ئەخلاقـەوە، ئەخلاقیـش تەنهـا لـە روانگـەی سێکسـییەوە تەماشـا دەکرێـت، واتـە شـەرەف و ئەخـلاق لـە نەریتـی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـە دواکەوتووەکانـدا تەنهـا لـە روانگـەی سێکسـەوە تەماشـا دەکرێـن، لێـرەدا پاکـی، راسـتگۆیی، دڵسـۆزی، لێکبـوردن، رێزگرتـن، مرۆڤدۆسـتی، یارمەتیدانـی ئەوانیـدی و زۆر ئـاکار و سـیفەتی جوانـی دیکـە، لـەڕووی ئەخلاقییـەوە وەکـو شـەرەف حیسـابیان بـۆ ناکرێـت.
یەکێکـی دیکـە لـە گەنجـەکان گووتـی: "مامۆسـتا سـەردار، ئایـا دەتوانـی نـاوی کتێبێکـم پـێ

بڵێیت کە لەرووی زانستییەوە بە زمانی کوردی باسی چەمکی شەرەف بکات؟".
سەردار حەمە ساڵح گووتی: "بەڵێ بێگومان، لە کوردیدا هەندێ کتێب لەم بوارەدا هەن، بۆ نموونە سەرنجتان بۆ دوو کتێب رادەکێشم کە لێرە لە کتێبخانەکەی خۆماندا هەیە، دەتوانن داوای بکەن و بیخوێننەوە، ئەو دوو کتێبەیش ئەمانەن:
١- شەرەف: تاوان، چەمک، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن. سەرپەرشتیاری نووسینەوەی لەلایەن لین وێڵشمان و سارا حسێنەوە کراوە و چەند کەسێك وەریانگێڕاوە، نەزەند بەگیخانی سەرپەرشتیی کردووە، وەك بەشێك لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف، لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێم وەرگێڕدراوەو لە دەزگای ئاراس لەساڵی ٢٠١١ دا چاپ کراوە.
٢-شەرەفنامە: شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن. لە نووسینی مەهاباد قەرەداغی، لەساڵی ٢٠٠٤ لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراوە.
ئەو کتێبانە و چەندین کتێبی دیکەش، هۆشیاریمان فراوانتر دەکەنەوە و لەوە ئاگادارمان دەکەنەوە کە هەتا چەمکی شەرەف و نامووس، ئەو پێناسە سامناکەی هەبێت کە ئێستا لە کۆمەڵگە نەریتخوازەکاندا باوە، هەتا ئەم چەمکە لە جەستەی ژندا کۆکرابێتەوە، جەستەی ژن و بە تایبەتی ئەندامی سێکسیی ژن پێوەری بن، دۆخی کارەساتئامێز لە ئارادا دەبێت، ئەوسا تاوانی ژنکوشتن بەبیانووی شەرەف بەردەوام دەبێت، لەو دۆخەدا جەستەی ژن بەهای سروشتیی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە وەهمی شوێنێك بۆ پاراستنی شەرەفی پیاو، شەرەفیش لە مانا سروشتییەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە کە دەبێت پێوەری سیفەتە گرنگەکانی مرۆڤ بێت، وەکو: ڕاستگۆیی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی...هتد.

چەمکی (شەرەف) واتە (ڕێز)، واتە بەهای (مرۆڤبوون)، واتە ئەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆبوونی مرۆڤ، گەورەیی و شکۆداری، خاوەنی خودێکی ڕێزلێگیراو، بەشێوەیەکی سروشتی هەموو مرۆڤێك سەربەرزی و شکۆی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خاوەنی جەستەیەك و دەروونێکی سەربەخۆ بێت، هیچ کەسێك دەستدرێژی نەکاتە سەر

مافەکانی، بە ئیزن و ڕێگەپێدانی خۆی نەبێت، کەواتە شەرەف و نامووس و حەیا ئەو بەها هەرە بەهێزەن کەمرۆڤ خۆی بەخاوەنی دەزانێت، بەڵام بە مانا مرۆڤدۆستییەکەی نەك بە مانا تەسکە ئەخلاقییە نەریتییەکەی، ئایین و بیرو ئایدیۆلۆژیا و کەلتورەکانیش بەهای شەرەفیان لە پلەیەکی بەرزی بەهاکانیاندا داناوە، بۆیە مرۆڤەکان بە هەموو هێز و توانایانەوە بەرگری لەو بەهایە دەکەن، واتە بەرگری لە ئەخلاقی مرۆڤدۆستانەی خۆیان دەکەن بۆ خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و بۆ زیاتر جوانکردنی ژیان.
کەواتە دەتوانین بڵێین شەرەف و حەیا و نامووس پەیوەندییان بە بەهای مرۆڤایەتی و مرۆڤبوونەوە هەیە نەوەك بەپاکیزەیی ڕەگەزی (مێ)و سێکسییەوە، شەرەف واتە بەهای خودی هەرمرۆڤێك جا نێر بێت یان مێ، بەڵام لە کولتوری کۆمەڵگە نەریتی و دواکەوتووەکاندا هەموو ئەخلاق تەنها لە شەرەفدا کۆکراوەتەوە، شەرەفیش تەنها لە سێکس و ئەندامی مێینەی ئافرەتدا کۆکراوەتەوە. بۆیە تاوانی ژنکوشتن بەبیانووی شەرەف لە کۆمەڵگە عەشایەری و دواکەوتووەکاندا کۆتایی پێنەهاتووە.
کچێکی تر پرسیاری کرد و گووتی: "کەواتە مامۆستا گیان، ئێمە لەدوای چەند نەوەی تر ئینجا لە ماناکانی شەرەف تێدەگەین؟ ئێمە کەی شەرەف دەبەستینەوە بە بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە، نەك بە سێکسی ژنەوە؟ کەی تاوانی کوشتن بەبیانووی شەرەف کۆتایی پێدێت؟".

سەردار حەمە ساڵح گووتی: ""ئەمەیە پرسیارەکە، ڕێك ئەمەیە ئەو پرسیارەی ئێمە بەدوایەوەین و هەوڵی بنەبڕکردنی ئەو دیاردە خێڵەکییە دەدەین، تا کۆمەڵگەی ئێمەش وەکو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بچێتە سەر ڕێچکەی زانست و مۆدێرنە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەش بیر لە زانست و داهێنان و ئازادیی تاك و بەهاکانی مرۆڤبوون بکەنەوە، نەك خەیاڵیان هەر لای شەرەفی ژن و تاوانی کوشتن بێت، بۆ ئەوەی کاری زانستی و داهێنان ئەنجام بدەن و خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، نەك تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف ئەنجام بدەن. پێش ڕاپەڕین و لە سەردەمی بەعسدا مەسەلەی کوشتن لەسەر "شەرەف" بەئاشکرا

قسەی لەسەر نەدەکرا و بگرە پەردەپۆش دەکرا، بەڵام دوای ئازادبوونی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنان دەستیان کرد بە وروژاندنی ئەم مەسەلەیە و جۆرێك لە هۆشیاری درووست بوو، ئەم هۆشیارییە لەبواری گشتی و فەرمیدا پەیوەندی بەوەشەوە هەبوو کە لەوکاتەدا توندوتیژی لەسەر بنەمای "شەرەف" بە تایبەتی تاوانی کوشتن بەبیانووی شەرەف بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندا بوو، تاوانی پەیوەست بە شەرەف دەشێ هەر کردەیەکی ئەنجامدراو یا هەڕەشەئامێزی توندوتیژی و پێشێلکاری بێت لە دژی ژن لەلایەن ئەندامانی نێرینەی ناو خێزان و کۆمەڵگەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی نموونەیی پیاوان ئەنجامدەری سەرەکیی تاوانەکانی "شەرەف"ن، بەڵام ژنانیش بەدەرنین لە سەرکوتکردن و کوشتنی کچان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری ڕووناکبیریی ژنان، چەندین ژنی ناهۆشیار هەن نەك هەر ڕازین بە کوشتن لەسەر شەرەف، بگرە بەشداری لە ئەنجامدانی تاوانەکەشدا دەکەن. واتە لێرەدا ڕۆڵێکی شاراوە هەیە لە بەشداریکردنی ژنان خۆیان لە تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف. کارەساتەکە لێرەدایە، ئەمە ئەوپەڕی ناهۆشیارییە. نموونەی لەو چەشنە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەن، کە ڕقیان لە یەکدییە، یان ناوبانگی یەکدی دەزڕێنن، ئەمەش بەشێکی ترە لە ناهۆشیاریی ژنان.

کچێك هەڵیدایە و گووتی: "بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی لە ماڵی باخان عەلیدا بووە و لەکاتی کردەوەی تاوانی کوشتنەکەدا ئەویش دەستی تێدا هەبووە".

سەردار حەمە ساڵح گووتی: "بەڵێ وایە، گوایە ئەو ئافرەتە زۆری ڕق لە باخان بووە و زانیاریی ناڕاستی لەسەر کۆکردۆتەوە و مێردەکەی خۆی لێ ئاگادار کردۆتەوە کە برای جەزا سەعید بوو، یانی هەرچییەکی لەسەر باخان بیستووە و هەرچییەکی بینیوە، بە زیادەوە و بە پێوەنانێکی زۆرەوە گێڕاویەتییەوە. ئەمە جیا لەوەی ژنانێکی زۆریش هەن قەناعەتی تەواویان بەوە هەیە کە دەبێ ژن لەسەر ئەو شتەی بە بێئەخلاقی ناودەبرێت، بکوژرێت. سا لە ڕوانگەی ئاینییەوە بێت یان لە ڕوانگەی خێڵەکی و عەشایەرییەوە بێت".

یەکێک لە کوڕە گەنجەکان گووتی: "نا مامۆستا، لە ئایینی ئیسلامدا یەکسەر ژن بە بیانووی شەرەف ناکوژرێت، تەنها دەبێ بسەلمێنرێت کە ئەمە زینایە، واتە دەبێ چوار کەس شایەتی لەسەر بدەن، واتە دەبێ چوار کەس بە بەڵگەوە پیاوێک لەگەڵ ژنێکدا بە ڕووتی ببینن کە ژن و مێردی یەکتر نەبن، بە زینا حیسابی بۆ دەکرێ، ئینجا هەردووکیان هەم ژنەکە و هەم پیاوەکە حوکمی ئیسلامیان بەسەردا دەسەپێنن، خۆ ئەگەر ژنەکە مێردی هەبووبێ و لە ژیاندا مابێت، ئەوا حوکمەکەی قورستر دەبێت. جا مامۆستا گیان قەت شتی وابووە چوار کەس ئەو کارە ببینن و چوار کەس بە بەڵگەوە بێن بە شایەت؟ زۆر بە دەگمەن".

سەردار حەمە ساڵح گووتی: "ئافەرین، کەواتە هێشتا ئایین نەرمتر مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکات، یەکسەر بڕیاری کوشتنی بەسەردا نادرێت ئەگەر بەتەواوی نەسەلمێندرێت. بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (وعاشروهن بالمعروف) واتە بە باشی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن، یان لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە و دەڵێ: "ما اکرم النساء الا کریم، و لا اهانهن الا لئیم" واتە تەنها کەسی ڕێزدار ڕێزی ژن دەگرێت و تەنها کەسی بەدکار سووکایەتی بە ژن دەکات. یان هەر لە فەرموودەیەکی دیکەی پێغەمبەردا هاتووە: "لا تضربوهن و لا تلعنوهن"، واتە لێیان مەدەن و نەفرەتیان لێ مەکەن. ئەم خاڵە تا ڕادەیەک نەرمترە لە حوکمی خێڵ و عەشایەر کە پیاوی خێڵەکی لەسەر بنەمای گومان یەکسەر مێشکی قفڵ دەبێت و دەست بۆ چەکەکەی دەبات، یان تەنانەت هەر بەگومانکردنیش پەنا بۆ چەک و کوشتن دەبات. پیاوی ژنکوژیش سوود لە مامەڵەی نەرمی یاسا وەردەگرێت و سڵ لە کوشتنی ژن ناکاتەوە. لەراستیدا ئەم باسە زۆر دوورو درێژە و دەیان دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە، تۆ بابەتێکی هەستیارت ورووژاند کە بابەتێکی ئاینییە، ئەگەرچی پێویستە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین و ڕەخنە لە هەموو ئەو بیروباوەڕ و عەقیدە و ئایین و ئایدیۆلۆژیایانەیش بگرین کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، سا ئەو مرۆڤە ژن بێت یان پیاو".

با لە کۆتاییدا، سەبارەت بە چەمک و ماناکانی شەرەف، قسەیەکی دکتۆر عەلی

وەردیتان بۆ بهێنمەوە کە بەسەر خۆیدا هاتووە، دواجار گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەیدا بێت، تێبگات مانای شەرەف زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە کە لەلای ئێمە بە جەستەی ژن و سێکسی ئافرەتەوە گرێ دراوە.

عەلی وەردی دەڵێ: ئەو کاتەی لە سەرەتای پەنجاکاندا خوێندکاری دکتۆرا بووم لە ئەمریکا، من و چەند خوێندکارێکی تری عێراقی لە ماڵی ژنێکی بە تەمەندا دەژیاین، ڕۆژێکیان لە دەوام دەگەڕامەوە و گەیشتمە نزیکی ماڵەکە، سڵاوم لە ژنێکی دراوسێ کرد کە لەبەردەمی دەرگای خۆیاندا وەستابوو، ژنی خاوەن ئەو ماڵەی ئێمەی تیادا دەژیاین، چاوی لێبوو کە من سڵاو لە دراوسێکەیان دەکەم، لە ژوورەوە سەرکۆنەی کردم و گووتی: نابێت سڵاو لەو ژنە بێئابڕووە بکەیت، منیش گووتم بۆچی؟ گووتی: ئاخر ئەو ژنە بێئەخلاق و بێشەرەفە. منیش بزەیەك گرتمی و گووتم: ئەها.. کەواتە بێشەرەفە و کاری بێڕەوشتی دەکات. ژنە ئەمریکییەکە یەکسەر لە جۆری تێگەیشتنەکەم حاڵیبوو و دەیزانی من وەکو خۆرهەڵاتییەك چۆن بیر لە شەرەف و ئەخلاق دەکەمەوە، بۆیە دەمودەست گووتی: ئەزانی بۆچی بێئەخلاق و بێشەرەفە؟ منیش پێکەنیم و گووتم: بەڵێ بەڵێ ئەی چۆن نازانم، ژنە ئەمریکییەکە گووتی: نا نا تۆ بە هەڵە تێگەیشتوویت، تۆ بە هەڵە لە شەرەف و ئەخلاق تێگەیشتوویت، شەرەف و ئەخلاق مانایەکی تر و پێوەری دیکەیان هەیە، ئەو ژنە بۆیە بێئەخلاقە چونکە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا شەوان گڵۆپەکانی نەدەکوژاندەوە و هەموومانی دوچاری مەترسیی بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمن کردبوو، عەلی وەردی دەڵێ: تێگەیشتم شەرەف و ئەخلاق مانایەکی گەورەتریان هەیە، ژنە ئەمریکییەکە گووتی من هەقم نییە بەسەر ئەوەی ئەو ژنە چۆن دەژی و چی دەکات و پەیوەندیی لەگەڵ کێدا هەیە، لای من شەرەف ئەوەیە کە ژیانی من نەخاتە مەترسییەوە، شەرەف ئەوەیە من راستگۆ بم و خزمەتی کۆمەڵگەکەم بکەم و پەیڕەویی یاساکان بکەم و یارمەتیی کەسانی دیکە بدەم.

• ناو و شوێنی کەسایەتیەکانی ئەم چیرۆکە خوازراوە

# خونچەیەك زوو سیس بوو

(١)

من "دەشنێ سامی"م دەناسی، کاتی خۆی دراوسێ بووین، منداڵ بوو و لە کۆڵان یاریی دەکرد، تەمەنی لە دەوروبەری حەوت ساڵان دەبوو کە دەمبینی لەگەڵ منداڵەکانی من و کۆمەڵێ منداڵی کچ و کوڕی دیکەدا لە کۆڵان یاریی شلکێن و بازبازێن و چەندین یاریی دیکەی منداڵانەیان دەکرد، کچێکی جوان و هێمن و شەرمن بوو، کە دەمگووت چۆنی دەشنێ؟، سەری بەرز دەکردەوەو بە پەنجە بچووکەکانی قژە خورماییەکەی لەسەر چاوی لادەبرد و بێئەوەی تەماشام بکات دەیگووت: باشم. کاك سامی باوکی دەشنێ کرێکاریی دەکرد و دایکیشی ژنی ماڵەوە بوو، جاروبار خەیاتیی دەکرد، بەڵام کەمجار ئیشی دەست دەکەوت، دەشنێ خوشکێکی گەورەی هەبوو زوو دابوویان بە شوو، برایەکی لەخۆی گەورەتری هەبوو، دەشنێ هەر لەگەڵ منداڵەکانی من و هەندێ منداڵی دیکەی کۆڵانەکەدا، پێکەوە دەچوونە قوتابخانە.

لەنێو منداڵەکاندا واباو بوو هەر یەکەیان پاسکیلێکی هەبوو، تەنها دەشنێ پاسکیلی نەبوو، خەفەتی دەخوارد، کاتێك بە دایکیم گووت: "بۆچی پاسکیلێك بۆ دەشنێ ناکڕن، گوناحە با لەنێو منداڵەکاندا هەست بە کەمی نەکات"، دایکی دەشنێ لە سەرەتادا وەڵامێکی وەهای دامەوە کە بەهۆی دەستکورتییەوە ناتوانن پاسکیلی بۆ بکڕن، کاتێکیش پێم وت ئامادەم یارمەتیی کڕینی پاسکیلەکە بدەم، کەچی دایکی ڕاشکاوانە گووتی: "پاسکیل بۆ کچ نابێت، بۆ دوارۆژی باش نییە"، وەهمی وا لە مێشکی دایکیدا هەبوو کە نابێت کچ لە منداڵییەوە ئارەزووەکانی جێبەجێ بکرێن. وابزانم ئەمە یەکەم حەسرەت و یەکەمین بێبەشبوونی دەشنێ بوو لە حەز و خواستەکانی.

دەشنێ جگە لەوەی لەنێو خێزانێکی هەژاردا گەورە ببوو، بەڵام ئەو خێزانە بەردەوام لەنێو شەڕ و ئاژاوەدا ژیانیان بەڕێدەکرد، دایك و باوکی هەمیشە دەنگە دەنگیان بوو و بەردەوام لە شەڕ و ناکۆکیدا بوون، باوکێکی تووڕە و دایکێکی لەو تووڕەتر، دەشنێ

کـە گەورەبـوو دەیـووت: "رۆژ نەبـوو بـە شـەڕ و دەنگەدەنگـی دایـك و باوکـم خەبـەرم نەبێتـەوە، دراوسـێکان گوێیـان لێدەبـوو و بەزەییـان پێمـدا دەهاتـەوە، کاتێـك شـەڕیان دەکـرد ئەوەنـدە جنێـوی پیسـیان بـە یەکـدی دەدا دەترسـام یەکێکیـان ئەویدیکەیـان بکوژێـت، رقـم لـە هەردووکیـان هەڵگـرت، حـەزم نەدەکـرد لـەو ماڵـەدا بژیـم. هـەژاری کێشـە نییـە ئەگـەر دایـك و بـاوك گونجـاو بـن و پێکـەوە بـە تەبایـی هـەوڵ بـدەن". بـەڵام سـەرباری هـەژاری، ئەمانـە بـەردەوام لـە شـەڕو ناکۆکیـدا بـوون، لەوانەیـە سـەرچاوەی شەڕەکانیشـیان بەهـۆی کەمدەرامەتـی و هەژارییـەوە بووبێـت.

هێشـتا دەشـنێ تەمەنـی نەگەیشـتبووە ١٢ سـاڵی، دایکـی پەلـی گـرت و لـە یاریـی نێـو کـۆڵان و هاوڕێیەتـی لەگـەڵ منداڵانـی دیکـەدا، دووری خسـتەوە. ئـەو هێشـتا حـەزی لـە لێخوڕینـی پاسـکیل و گەمـەی نێـو کـۆڵان و ماڵەباجێنـە و یاریـی چاوشـارکێ و راوڕاوێـن بـوو کـە دایکـی هـات و پەلـی گـرت و بـە گریانـەوە بردیـەوە بـۆ ماڵـەوە، پێشـتریش هەڕەشـەی لێکردبـوو و پێـی وتبـوو تـۆ ئیـتر گـەورە بوویـت و نابـێ چیـتر لـە کـۆڵان لەگـەڵ کوڕانـدا یـاری بکەیـت. هاوڕێکانـی دەشـنێ سـەریان سـوڕما و نەیانزانـی بۆچـی دایکـی دەشـنێ ناهێڵێـت دەشـنێ بێتـە دەرێ و گەمەیـان لەگەڵـدا بـکات، بۆیـە چوونـە بـەردەرگای ماڵـی دەشـنێ بۆئـەوەی دەشـنێ بانـگ بکەنـە دەرەوە، کەچـی دایکـی پێـی وتبـوون: "دەشـنێ گـەورە بـووە و نابـێ چیـتر بچێتـە کـۆڵان بـۆ یـاری کـردن"، کچـەکان هەمـوو بـە تێڕامانـەوە سـەیری یەکتریـان کـرد و وتیـان: "خـۆ ئێمـەش هـاوڕێ و هاوتەمەنـی دەشـنێین، ئەگـەر وابێـت ئێمـەش نابـێ یـاری بکەیـن؟"، دایکـی دەشـنێ پێـی وتبـوون: "بەڵـێ ئێـوەش گـەورە بـوون و ئیـتر نابـێ لـە کـۆڵان یاریـی منداڵانـە بکـەن".

دوای سـێ سـاڵ، دەشـنێ بـۆ کوڕێکـی زۆر لەخـۆی گەورەتـر، مـارە کـرا، کوڕەکـە ناوی سـۆران حەمیـد بـوو و تەمەنـی ٢٥ سـاڵ بـوو، شـۆفێری تەکسـی بـوو، ئەڵقـەی دەزگیرانداریيـان خسـتە پەنجـەی دەشـنێوە، بێئـەوەی بزانـێ ئەڵقـەی دەزگیرانـداری یانـی چـی. ئـەو هێشـتا منداڵێـك بـوو حـەز و خولیـای منداڵانـەی تیـادا مابـوو، هێشـتا پەنجەکانـی ئـارەزووی گرتنـی بووکەڵـە و ماڵەباجێنەیـان بـوو، کەچـی ئەڵقـەی دەزگیرانییـان خسـتە پەنجـەی دەسـتی

راستی و لە قوتابخانەش دەریانهێنا. دەشنێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر دەگریا و پتر ئارەزووی چووونە دەرەوەو گەمەی نێو هاوڕێکانی بوو، هێشتا لە حەزەکانی منداڵیی تێر نەببوو، کەچی دوچاری شووکردن و دروستکردنی خێزانیان کرد.
دەشنێ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا ببوو بە ژن، من حەپەسابووم لەوەی چۆن کاك سامی و نەزیرە خان ئەو تاوانە گەورەیەیان کردووە، چۆن دڵیان هاتووە ئەو منداڵە ناسك و بێئاگایە فڕێ بدەنە ناو ژیانی هاوسەرگیری و بەرپرسیاریی بارودۆخێك لە توانا و تێگەیشتن و حەوسەڵەی دەشنێدا نییە. کە دەمبینی دەشنێی تەمەن پانزە ساڵ روخساری مکیاج کردووە و دەیەوێ وەکو گەورەیەك دەربکەوێت و وەکو ژنێك خۆی پیشان بدات، لێی نەدەهات و دیمەنێکی ناشرین و نائاسایی هەبوو، چونکە هێشتا رەنگوڕووی منداڵیی بە روخسار و جەستەیەوە دیار بوو. کەواتە دەشنێ لە تەمەنێکدا چووە نێو بەرپرسیارێتیی هاوسەرگیرییەوە، هێشتا لە ماناکانی هاوسەرگیری تێنەدەگەیشت و نەیدەزانی ئەرکەکانی هاوسەرگیری چین و نەیدەتوانی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییە جێبەجێ بکات.

(٢)

ڕۆژێکیان، لە ناکاو، هەواڵێکی ناخۆش و جەرگبڕ لە کۆڵانەکەدا بڵاوبووەوە، هەواڵێك لەسەرەتادا باوەڕم نەدەکرد، هەواڵێك نەدەچووە زەین و گوێچکەکانمەوە، دواتر کە هەواڵەکە پشتڕاست کرایەوە، دوچاری حەپەسان و واقوڕمان بووم: دەشنێ سامی بە دەستی مێردەکەی کوژرا. هێشتا بەتەواوی وردەکارییەکانی کوشتنەکەی نەدەزانرا، روون نەبوو بە چ هۆکارێك سۆران دەستی چووەتە کوشتنی دەشنێوە کە هێشتا ساڵێك بەسەر هاوسەرگیرییاندا تێنەپەڕیوە. تا ئەو کاتەی سۆران خۆی رادەستی پۆلیس کردبوو،

دواتـر لـە دادگادا، لەکاتـی دادگاییکردنیـدا بـە تۆمەتـی کوشـتنی هاوسـەرەکەی بـە بیانـووی شـەرەف، دانـی بـە تاوانەکەیـدا نابـوو، لەبەردەمـی دادوەر و پارێـزەر و هەنـدێ خەڵکـی دیکـەی کەسـوکاری هـەردوولادا کـە لـەوێ ئامـادە ببـوون، وردەکارییەکانـی کوشـتنەکەی گێڕابـووەوە.

کەواتـە دوو جـار تـاوان بەرامبـەر بـە دەشـنێ سـامی کـراوە، جـاری یەکـەم لەلایـەن دایـك و باوکییـەوە کـە لـە تەمەنـی منداڵییـەوە داویانـە بـە شـوو، واتـە تاوانـی هاوسـەرگیریی پێشـوەخت، جـاری دووەم تاوانـی کوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف، لەلایـەن مێردەکەیـەوە.

(٣)

سـۆران حەمیـد، مێـردی دەشـنێ سـامی، لـە دادگادا دانـی بـە تاوانەکەیـدا نابـوو، مـن خـۆم یەکێـك بـووم لەوانـەی لـە کاتـی دادگاییکردنەکـەدا دانیشـتبووم، گوێـم لێبـوو سـۆران بـەم شـێوەیە تاوانـی کوشـتنەکەی گێڕایـەوە:

"ماوەیـەك بـوو گومانێکـم لەسـەر دەشـنێ لـەلادا دروسـت ببـوو، هەسـتم دەکـرد هەڵسـوکەوتەکانی ئاسـایی نیـن، ئیشـوکارەکانی ماڵـەوە جێبەجـێ نـاکات، زیاتـر دەچێتـە کـۆڵان و لەبـەر دەرگا دەوەسـتێت و سـەیری کـوڕان دەکات، خـۆی لـە ئەرکـی ژن و مێردایەتی دەدزییـەوە و مەیلـی بـۆ مـن نەبـوو، گومانـم لـەلا دروسـت ببـوو کـە لەوانەیـە پەیوەندیـی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا هەبێـت، چاودێریـم دەکـرد. چاودێریکردنـی دەشـنێ زەیـن و مێشـکی داگرتبـووم، خەیاڵـی ئـەوەم دەکـرد کـە پەیوەندیـی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا هەیـە و کەمێکـی تـر ئـەو کەسـە پەیـدا دەبێـت، دەشـنێ بـۆی پێدەکەنـێ و چاوبازیـی لەگەڵـدا دەکات، لـە دوورەوە چـاوم لێیـە کوڕەکـە سـەیری ئەمـلاو ئـەولا دەکات تـا بزانـێ کـەس دیـار نییـە، لـە دەشـنێ نزیـك دەبێتـەوە، دەشـنێش تەماشـای ئەمـلاو ئـەولا دەکات و ئامـاژە بـۆ کوڕەکـە دەکات کـە بێتـە ژوورەوە، هەردووکیـان دەچنـە ژوورەوە، دەشـنێ ئـەو

کـوڕە دەباتـە ژووری نووسـتنەکە، هەمـوو کارێکـی ناشایسـتە دەکـەن، مـن بـە پەلـە خـۆم دەگەیەنمـە ماڵـەوە، دەبینـم دەشـنێ لـە ژووری نووسـتنەکەدا ڕاکشـاوە، بـەڵام بەتەنهایـە و کەسـی لەگەڵـدا نییـە، هەمـوو سـوچێکی ژوورەکـە دەگەڕێـم، سـەیری ژێـر سیسـەمەکە دەکـەم و نـاو کەنتۆرەکـە دەپشـکنم، کەسـی تیـا نابینـم، دەشـنێ بـە حەپەسـان و ترسـەوە تەماشـام دەکات...".

دادوەرەکە دەپرسێت: کەواتە دان بەوەدا دەنێیت کە تەنها گومان بووە.

سۆران حەمید: نەخێر قوربان، هەر گومان نەبوو...

دادوەر: چۆن؟ بەڵگەت چییە کە ناپاکیی لەگەڵدا کردوویت؟

سـۆران حەمیـد: گـەورەم، کـە مـن لێـی چوومـە ژوورەوە ئـەو تۆقیبـوو، لـە ترسـاندا خەریـك بـوو هەڵبـێ، هـەر دەیـووت: بەخـوا هیچـم نەکـردووە، خەتـای مـن نییـە...

دادوەر: بەپێـی قسـەکانی تـۆ، تەنهـا گومانـە و هیـچ بەڵگەیەکـت نییـە کـە کەسێکی تـر لـە ژووری نووسـتنەکەدا لەگەڵـی بووبێـت..

سـۆران: نـا گـەورەم، هـەر گومـان نییـە، ئاخـر مـن چەندیـن جـاری دیکـە چاودێریـم کـردووە و بـەردەوام چاودێریـم دەکـرد، هەمـان شـت دووبـارە بۆتـەوە..

دادوەر: چی دووبارە دەبووەوە؟

سۆران: هەموو جارێ ئەو کەسە دەهاتە ژوورەوە بۆ لای دەشنێ..

دادوەر: ئەو کەسە کێ بوو؟ دەیناسیتەوە؟

سۆران: نا نەخێر..هەر جارەی کەسێك دەهات بۆ لای...

دادوەر: شتی وەها ڕوو نادات، ئەمە وەهمە، ئەمە دروستکراوی خەیاڵی خۆت بووە..

سـۆران: نـا قوربـان، هەمـوو جـارێ کـە لێـی دەهاتمـە ژوورەوە، دەشـنێ شـپرزە دەبـوو، بەجۆرێـك دەشـڵەژا کـە تاوانـی کـردووە.. هەسـتم بـەوە دەکـرد خەڵکـی گـەڕەك بـە چاوێکـی نـزم سـەیرم دەکـەن، هەسـتم دەکـرد ئـەوان شـتێك دەزانـن و لـە منـی دەشـارنەوە، بگـرە پلاریـان دەهاویشـت و دەمزانـی مەبەسـتیان منـە، باسـی ژنـی کەسێکیان دەکـرد کـە کاری نەشـیاو دەکات، منیـش تەریـق دەبوومـەوە و بەخۆمـدا دەشـکامەوە، بۆیـە هـەر دەبوایـە

ئـەم مەسـەلەیە چارەسـەر بکـەم..

دادوەر: سـۆران تـۆ گومـان زەیـن و بیرکردنەوەتـی داگیـر کردبـوو، گومانکـردن خەیـاڵ و سـیناریۆ و ڕووداوی ناواقعیـی لـە مێشـکتدا خوڵقانـدووە، ئـەو ڕووداوە ناواقعییانـەت لـەلا بـووە بـە ڕووداوی ڕاسـتەقینە...

سـۆران: نـا گـەورەم، هەسـتم دەکـرد ئـەو کارانـە دەکات، زۆر دەترسـا، کـە پرسـیار و لێکۆڵینـەوەم لەگەڵـدا دەکـرد، دەیقیژانـد بەسـەرمدا..

دادوەر: بـە چ شـێوەیەك پرسـیارت لێدەکـرد؟ بێگومـان بـە دنیایـەك گومانـی پێشـوەخت و بـە تووڕەبوونـەوە..

سـۆران: بەڵـێ بێگومـان، ئـەی چـۆن ئەعسـاب نەمگـرێ و تـووڕە نەبـم کـە ژنەکـەم لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا پەیوەندیـی هەبێـت.

دادوەر: کەواتە دەشنێیت بە بیانووی نامووس و پاراستنی شەرەف کوشتووە.

سۆران: بەڵێ بێگومان، بە شانازییەوە..

دادوەر: قسـەکانت هیـچ بەڵگـە و بنەمایەکیـان نییە..ئایـا دەزانیـت کوشـتن بەبیانـووی شـەرەف توندتریـن سـزای لەسـەرە؟

سـۆران: نـەوەڵا نازانم..بۆچـی سـزای تونـدی لەسـەرە، مـن پیـاوم و هەقـی خۆمـە شـەرەفی ژنەکـەم بپارێـزم کـە شـەرەفی منیشـە، بۆچـی لەسـەر شـەرەف توندتریـن سـزا بدرێـم..

دادوەر: بەڵـێ کوشـتن بەبیانـووی نامـووس و پاراسـتنی شـەرەف سـزای قورسـی بەدواوەیـە، تـا ڕادەی لـە سـێدارەدان..

سـۆران: هەڵـڵا هەڵـڵا... گـەورەم ئـەوە ژنـی خۆمە..لەسـەر شـەرەف ژنـی خـۆم بکـوژم و لـە سـێدارەش بدرێـم...

دادوەر: ڕێـزی خـۆت بگـرە و بزانـە چـۆن دەدوێیـت، تـۆ لـە دادگادایـت، جـوان بووەسـتە، دەسـت لـە گیرفانـت دەربێنـە..

سـۆران: گـەورەم نەریتـی کۆمەڵگـە بـەو جۆرەیـە، ئەگـەر نەیکـوژم، دایمـە سەرشـۆڕ و ڕیسـوا دەردەکـەوم لـەلای خزمـان و دراوسـێکان..

دادوەر: ژنیش مرۆڤە، ناتوانیت چۆنت بوێ بیکوژیت، کوشتنی ژنان بە هەر بیانوویەك بێت سزای توندی لەسەرە، لەم وڵاتەدا دادگا هەیە و ڕێگە نادات پیاوان وەکو کەرەستەیەك مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکەن... ڕێگە نادات بەهەر بیانوویەك بێت ژنان بکوژرێن. ئەگەر پێکەوە ناگونجێن ئەوا جیا دەبنەوە، نەك کاری کوشتن ئەنجام بدرێت، تۆ کە لەگەڵ دەشنێ سامی پێکەوە نەدەگونجان، دەتانتوانی جیا ببنەوە، نەوەکو بیکوژیت...

سۆران: ...........

دادوەر: ئێستا پێمان بڵێ چۆن کوشتت؟

سۆران: گەورەم، کاتێك لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکرد، ئەو پتر دەترسا و تووڕە دەبوو، لەگەڵ تووڕەبوون و ئەعسابی مندا ئەویش تووڕە دەبوو و دەیقیژاند بەسەرمدا، جنێوی پێدام، منیش بە پارچە ئاسنێك کە پێشتر ئامادەم کردبوو، زۆرم لێدا، کێشام بە سەر و مل و شان و قۆڵەکانیدا، لە پەلوپۆم خست، وامزانی مرد، خستمە ناو گۆنییەکەوە و بە بێدەنگی خستمە ناو سنووقی تاکسییەکەمەوە، دەمانچەکەشم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت و بردم بۆ چەمی ڕۆخانە، ئێوارە بوو و دنیا تاریك ببوو، چەمەکە چۆڵ بوو و کەسی لێنەبوو، تاکسییەکەم لە کەناری ڕۆخانە ڕاگرت، سنووقی سەیارەکەم هەڵدایەوە، گوێم لە نووزە نووزی دەشنێ بوو، زانیم نەمردووە، گۆنییەکەم دەرهێنا و فڕێمدایە سەر ئەرزەکە، سەری گۆنییەکەم کردەوە و دەشنێ بە ڕوخساری خوێناوی و دوو چاوی ئەبڵەق و ترساوەوە، دەگریا و دەپاڕایەوە و دەیووت بەسە مەمکوژە، منیش دەمانچەکەم دەرهێنا و چوار فیشەکم پێوەنا. لەگەڵ تەقەکردندا هاوارم دەکرد: چۆن ناتکوژم کە تۆ حەیا و شەرەفم ببەیت...

دادوەر: کەواتە تۆ بە هۆشیاری و بڕیاری پێشوەختەوە کوشتووتە..

سۆران: بەڵێ گەورەم، هەقی خۆمە و پەشیمانیش نیم......".

(٤)

ئەمە بەشێك بوو لە دادگاییکردنی سۆران حەمید، خۆم لەوێ بووم، ئەمە ئەو بەشە بوو کە سۆران حەمید بە ڕاشکاوی دانی بە تاوانەکەیدا نابوو، بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ناپاکیی دەشنێ هەبووبێت، تەنها گومانی هەبوو، گومان هەموو زەینی سۆرانی داگیر کردبوو، بە جۆرێك هەموو رەفتار و هەڵسوکەوتێکی دەشنێ ببووە جێگەی گومانی سۆرانی مێردی، هەرچییەکی بکردایە، بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتایە، لەگەڵ هەر کەسێکدا قسەی بکردایە، لەلای سۆرانی مێردی دەبوو بە گومان، دەیان سیناریۆ و چیرۆکی ناواقعیی لە مێشکی خۆیدا دروست دەکرد.

گرفتەکە ئەوەیە هەموو شتێك لەسەر گومان هەڵچنرابوو، گومان دەشنێی بە کوشت دا، سەرباری ئەقڵی دواکەوتووانە و رزیوی سۆرانی مێردی، کە بەهەمان ئەقڵییەتی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی سەردەمی دەرەبەگایەتی بیری دەکردەوە.

دەشنێ سامی، سەرباری هاوسەرگیریی پێشوەخت، هێشتا قۆناغی منداڵیی بەجێنەهێشتبوو، هێشتا حەزی لە گەمەی نێو کۆڵان بوو، خواستی منداڵانەی تیادا مابوو، بۆیە بە چوونە بەردەرگا و چوونەکۆڵان، دەروونی دەکرایەوە، هێشتا تامەزرۆی گەمەکانی سەردەمی منداڵیی بوو، هەر بەو بیرکردنەوە منداڵییانەشەوە رەفتاری دەکرد و قسەی لەگەڵ کوڕان و کچانی گەڕەکدا دەکرد، هێشتا زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی سەردەمی منداڵیی تیادا مابوو، ئەمانەش ببوون بە مایەی گومان و سیناریۆی ناڕاست لەلای مێردە نەزان و کۆنەپەرستەکەی.

ژن هەمیشە جێی گومانە. لە کۆمەڵگە نەریتی و دواکەوتووەکاندا، ژن شوێنی گومانکردنێکی گەورەیە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو ژنێك گومانی لەسەرە. ئەمە بەشێکی گەورەی بیرکردنەوەی پیاوانە. ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەی نێرسالارییە.

(٥)

لـە دواییـدا زانیـمان کـە سـۆران لـە بەندیخانـەدا هەسـت بـە پەشـیمان بوونـەوە دەکات، هەسـت بـەوە دەکات بـە ناهـەق دەشـنێی کوشـتووە، لـەلای هاوڕێیەکـی زیندانیـی، دانـی بـەوەدا نـاوە کـە پەلـەی کـردووە لـە کوشـتنی دەشـنێ، وتوویەتـی: دەشـنێ زۆر گونـاح بـوو، مـن غـەدرم لێکـرد. هەروەهـا وتوویەتـی: ئەگـەر بمزانیبایـە کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف، سـزای قورسـی لەسـەرە، هەرگیـز ئـەو کارەم نەدەکـرد، پیـاو ئەگـەر بزانێت کوشـتنی ژنـان سـزای سـێدارەی لەسـەرە، ئاقڵانەتـر بیـر دەکاتـەوە و دەسـتی ناچێتـە کوشـتنی ژنەکەی. سـۆران لـە بەندیخانـەدا، دوای ئـەوەی سـزای ١٠ سـاڵ زیندانیـی بـۆ بڕایـەوە، دانـی بـەوەدا نابـوو کـە لـە کوشـتنی دەشـنێ سـامیدا هەڵـەی کـردووە، بـە ئاشـکرا لـەلای ڕەفیقەکـەی وتوویەتـی: "ئامۆژگارییەکانـی دادوەرەکـە زۆر ڕاسـت بـوون، دادوەرەکـە پێـی گووتـم: مـادام دەشـنێت بـە دڵ نەبـووە، دەبوایـە جیـا ببنـەوە، نـەك پەنـا ببەیتـە بـەر کوشـتن".

(٦)

لـە سـەرەتادا دەیانگـووت سـزایەکی زۆر توونـد بەسـەر سـۆران حەمیـددا دەسـەپێنرێت، کـە لەوانەیـە بگاتـە سـزای هەتـا هەتایـی یـان لەسـێدارەدان، کەسـوکارەکەی سـۆران کەوتنەخـۆ بــۆ چارەســەر و ڕێگەچــارەی دیکــە، واتــە بــەر لــەوەی دادگا ســزای یاســایی بەســەردا بســەپێنێت، کەســوکاری بکوژەکــە بــە پەلــە بیریــان لــە چارەســەر و ســوڵحی عەشــایەری کــردەوە و دەســتیان کــرد بــە جووڵانــەوە و پەیوەندیکــردن بــە کەســوکاری دەشــنێوە.
دواجــار بیســتم کــە هەوڵــی چارەســەری عەشــایەری ســەری گرتــووە، لەبــری ســزایەکی زۆر قــورس، کەچــی بــە دە ســاڵ زیندانــی کێشــەکە کۆتایــی پێهێــنراوە، بێگومــان لەڕێگــەی ســوڵحی عەشــایەرییەوە. بــەڵام چــۆن؟ چ جــۆرە چارەســەرێکی عەشــایەری؟ ئەمــە لای مــن

جێگـەی سەرسـوڕمان نەبـوو، چونکـە هەمیشـە لـە کۆمەڵگـەی پێـش مۆدێرنـدا، یـان ئـەو کۆمەڵگەیانـەی لـە سـەرەتاکانی مەدەنیـەت و مۆدێرنـدان، چەندیـن کەسـایەتی و خێزانـی وا هـەن، بـۆ چارەسـەری کێشـەکانیان، پەنـا دەبەنـە بـەر چارەسـەری عەشـایەری، بڕوایـان بـە یاسـا و ڕێسـا و دادگا و حکومـەت نییـە.

بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە، ڕۆژێکیـان چوومـە لای کاك کامـەران حسـێن، کامـەران کوڕێکـی ناسـیاوی خۆمانـە و بەڕێوەبـەری ڕێکخـراوی مافەکانـی منداڵـە، کەسـێکە جێگـەی متمانەیـە، ڕێکخراوەکـەش بـەدوای ئـەو کەیسـانەوەیە کـە تایبەتـن بـە پێشـێلکردنی مافەکانـی منـداڵ، ڕێکخراوەکـە هـەوڵ دەدات لـە ڕێگـەی یاسـایی و بەپێـی بەندەکانـی "جـاڕی گەردوونیـی مافەکانـی مـرۆڤ" و "مافـی ئافـرەت" و "مافـی منـداڵ" و "مافـی خـاوەن پێداویسـتیی تایبـەت" کار بـکات کـە ڕێکخـراوی جیهانیـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دایمەزرانـدوون، سـەرجەم وڵاتانـی پێشـکەوتوو ئەندامـن لـەو ڕێکخـراوەدا و ئیمزایان لەسـەر بەندەکانـی مافـی مـرۆڤ کـردووە، بـەو پێیـە هـەوڵ دەدات ڕێ لـە پێشـێلکارییەکان بگرێـت. کاك کامـەران کەیسـی کوشـتنی دەشـنێ سـامیی لەلابـوو، هـەر لەسـەرەتاوە بەدواداچوونـی بـۆ کردبـوو و داتاکانـی کۆکردبـووەوە. پرسـیاری ئـەوەم لێکـرد کـە لـە مەسـەلەی کوشـتنی دەشـنێ سـامیدا بـە چ شـێوەیەك چارەسـەری عەشـایەری کـراوە؟ چونکـە مـن دەشـنێ سـامی و خێزانەکەیانـم دەناسـی و ئـاگاداری زۆر لایەنـی ژیانـی ئـەو خێزانـە دامـاوە بـووم، بەزەییـم بـە دەشـنێدا دەهاتـەوە و زۆریشـم خەفـەت بـۆ خـوارد، حـەزم دەکـرد بزانـم لـە مەسـەلەی بەناهـەق ڕشـتنی خوێنـی دەشـنێدا چـۆن چارەسـەری عەشـایەری کـراوە، یانـی خوێنـی بەناهـەق ڕژاوی دەشـنێ بـە چەنـد فرۆشراوە. کامـەران حسـێن لـە هەمـوو وردەکارییەکانـی ئـەو چارەسـەرە عەشـایەرییە ئـاگاداری کردمـەوە، لەگەڵیـدا ڕەخنـەی لـە دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی و خێڵەکـی دەگـرت کـە بکـوژان داڵـدە دەدەن و چاوپۆشـی لـەو تاوانانـە دەکـەن، بـە وردی باسـی هۆکارەکانـی هاوسـەرگیریی پێشـوەخت و لێکەوتەکانـی بـۆ کـردم.

(٧)

کامـەران حسـێن وایدەبینـی یەکێـك لـە هۆکارەکانـی ئـەو دەرەنجامـە تراژیدییـەی دەشـنێ سـامیی تێکـەوت، ئەوەیـە کـە لـە تەمەنێکـی زوودا و هێشـتا مناڵ بـووە داویانە بە شـوو، کاك کامـەران لەوەیـش ئـاگاداری کردمـەوە کـە مەسـەلەی هاوسـەرگیریی پێشـوەخت لـە ئاسـتی جیهانـدا رەتکراوەتـەوە، تەنانـەت لـە سـاڵی ١٩٩٤دا لـە رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، کۆنفرانسـی تایبەتیـی لەبـارەوە کـراوە، داوا کـراوە ئـەو پرۆسـە نامرۆڤانەیـە قەدەغـە بکرێـت. پێویسـتە وەك بەشـێك لـە دابینکردنـی مافەکانـی منـداڵ، هاوسـەرگیریی منـداڵ لـە هەمـوو جیهانـدا قەدەغـە بکرێـت. لـە بەرامبـەر ئـەوەدا داوایـان کـرد تەمەنـی هاوسـەرگیری بـەرز بکرێتـەوە، کـە پێشـتر و لـە بەندەکانـی مافـی مرۆڤـدا تەمەنـی هاوسـەرگیری بـۆ کـوڕ ٢٢ سـاڵ و بـۆ کـچ ١٨ سـاڵ دانـراوە، بەپێـی ئـەو پێـوەرەش هـەر کەسـێك تەمەنـی نەگەیشـتبێتە هــەژدە ســاڵی، ئــەوە بــە منــداڵ دادەنرێــت و نابــێ هاوســەرگیری بــکات. لــە بەنــدی یەکەمـی رێکەوتننامـەی مافەکانـی منداڵـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ لەلایـەن رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە دەرچـووە، دەڵـێ منـداڵ مرۆڤێکـە تەمەنـی لەخـوار ١٨ سـاڵییەوە بێـت، واتـە لـەرووی یاسـایی و بایۆلـۆژی و کۆمەڵایەتییـەوە بـە ناتـەواو و ناکامـڵ دەژمێردرێـت.

کاك کامــەران ســەرنجی منــی بــۆ یاســایەکی گرنــگ راکێشــا کــە لــە هەرێمــی کوردســتاندا دەرچــووە، ئەویــش یاســای ژمــارە ٨ی ســاڵی ٢٠١١یــە بــۆ رووبەڕووبوونــەوەی توندوتیژیــی خێزانـی، بەتایبەتـی ئـەو توندوتیژییانـەی رووبـەڕووی ژنـان و منداڵان دەبنـەوە. ئـەم یاسـایە تەنیــا لــە هەرێمــی کوردســتاندا دەرچــووە و کاری پێدەکرێــت، بەداخــەوە لــە شــارەکانی دیکــەی عێراقــدا کاری پێناکرێــت. لــە رێکەوتــی ٢٠١١/٦/٢١دا بــۆ یەکەمجــار لەمێــژووی هەرێمـی کوردسـتان و عێراقـدا، یاسـایەك لەلایـەن پەرلەمانـەوە دەرچـوو بـە نـاوی "یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی خێزانـی"، دەقـی ئـەم یاسـایە لـە ژمـارە ١٣٢ی رۆژنامـەی وەقائعـی کوردسـتاندا بـڵاو کرایـەوە کـە لەلایـەن وەزارەتـی داد دەردەچێـت، پاشـان ئـەم

یاسـایە چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە.
ئـەم یاسایە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـە تایبەتەکانـی مـرۆڤ و خێـزان و کۆمەڵگـە و داب و نەریـت و ئاییـن و چەندیـن پرسـی دیکـە دەکات کـە سـەدان سـاڵە و بگـرە هـەزاران سـاڵە سیسـتمی "پیاوسـالاری" ریشـەیەکی قووڵـی لـە کۆمەڵگەکانـی ئێمـەدا هەیـە و پارێـزگاری لـە نەریتـە کۆنـەکان دەکات، بۆیـە جێبەجێکردنـی یاسـای ژمـارە ٨ی سـاڵی ٢٠١١ رووبـەڕووی چەندیـن ئاسـتەنگ و ململانێـی گـەورە دەبێتـەوە. لـەم یاسـایەدا جۆرەکانـی توندوتیژیـی خێزانـی لـەم خاڵانـەدا دیـاری کـراوە: (هاوسـەرگیریی بـەزۆر، هاوسـەرگیریی ژن بـە ژن "شـغار"، منـداڵ بەشـوودان، بەشـوودان لەجیاتـی خوێـن، لێکجوداکردنـەوەی بـەزۆر، خەتەنەکردنـی مێینـە، ناچارکردنـی منـداڵ بـۆ کارکـردن و سـواڵکردن و بەجێهێشـتنی خوێنـدن، لەباربـردن لـە ئەنجامـی توندوتیژیـی خێزانـی، لێدانـی ژن و منـداڵ و تاکەکانـی خێـزان بـە هـەر بیانوویـەك بێـت.. و زۆری تریـش).
بەپێـی قسـەکانی کاك کامـەران، یەکێـك لـە هـۆکارە بەهێزەکانـی ئـەو کارە نەشـیاوە، بریتییـە لـە دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی کـە ریشـەیەکی مێژوویـی دوور و درێـژی هەیـە، واتـە ئـەو دووکەڵـە بـێ ئاگـر نییـە، ئـەو نەریتـە کۆنانـە چەقیونەتـە نێـو زەیـن و بیرکردنـەوەی زۆربـەی تاکەکانـی کۆمەڵگـەی ئێمـە، هـەر بۆیـە دەبینیـن لـەڕووی کولتوورییـەوە هیـچ رێگرییـەك نییـە بـۆ پرۆسـەی هاوسـەرگیریی پێشـوەخت. ئـەم دیاردەیـەش بـە زۆری لـە لادێـکان و لەناوچـە دوورەکانـدا بوونـی هەیـە، لـە شـارە قەرەباڵغەکانـدا بـە دەگمـەن کاری نەشـیاوی وەهـا بوونـی هەیـە، وەختـە بڵێـم لـە شـارە پێشـکەوتووەکاندا ئـەم دیاردەیـە بەهـۆی پێشـکەوتنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و بیـری ئینسـانی و فراوانبوونـی شـارەکان و بەرزبوونـەوەی هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییـەوە، کـەم بۆتـەوە. خێزانـی دەشـنێ سـامی، وەکـو خێزانێکـی کۆنەپارێـز، لەترسـی ئابڕووچـوون و پاراسـتنی شـەرەف و بەهەڵـە تێگەیشـتن لـە شـەرەف و نامـووس، هـەر زوو دەشـنێ لـە خوێندنگـە بێبـەش دەکـەن، هـەر کـە یـەك تـۆز سـینەی بڵنـد دەبێتـەوە، ئەمـان ترسـی شـەرەف و ئابڕوچوونیـان لـەلا گـەورە دەبێـت، بۆیـە هـەر لـە منداڵییـەوە کچەکەیـان دەدەن بـە شـوو، بـە ئەقڵییەتـی خۆیـان، خۆیانـی لـێ رزگار

دەکـەن.

کاك کامـەران هۆکارێکـی دیکـەی ورووژانـد کـە شـوێنی قسـە لەسـەر کـردن و گفتوگۆیـە، ئـەو بـە ڕاشـکاوی ئامـاژەی بـۆ هەنـدێ هـۆکاری دیکـەش کـرد، یـان راسـتتر ئـەو کاتـەی هـۆکارە نەریتـی و ئاینییـەکان ئاوێزانـی یەکـدی دەبـن، چـۆن نەریـت دەیـەوێ سـوود لـە هەنـدێ لایەنـی ڕێگەپێـدراوی ئایینـی وەربگرێـت و ڕێسـاکانی خـۆی بسـەپێنێت، کـە دابونەریـت و ئاییـن تێکـەڵ دەبـن، ئیـتر دیـاردەی وەکـو بـەزۆر بەشـوودانی کچـان و بەشـوودانی پێشـوەخت و خەتەنەکردنـی کچـان و ژن بـە ژن و گـەورە بـە بچـووك و کوشـتن لەسـەر شـەرەف و زۆر نموونـەی دیکـەش ڕەوایـی پێدەدرێـت. چونکـە ئـەو جـۆرە کەسـانە لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان و بەهەڵـە سـوود لـە ئاییـن وەردەگـرن، پێیـان وایـە نـە لـە قورئـان و نە لـە فەرموودەکانـی پێغەمبـەردا شـتێك نییـە ڕاسـتەوخۆ ڕێگـری لـەو دیاردانـە بـکات، لەولاتـر چەندیـن فەقیهـو فەتـوای ئایینـی هـەن ڕێگـە نـادەن منـداڵ شـوو بـکات. پیاوانـی ئایینـی منـەوەر و ڕۆشـنگەر هـەن بەهیـچ شـێوەیەك ڕێگـە نـادەن کچـی خـوار هـەژدە سـاڵی مـارە بکرێـت، تەنانـەت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لیژنـەی بـاڵای فەتـوای کوردسـتان لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٩/٥/٢٠دا زۆر ئازایانـە بڕیاریـان داوە مارەکردنـی کچـی منـداڵ قەدەغـە بکرێـت، هـەر مەلایەکیـش ئـەو کارە بـکات لێپێچینـەوەی لەگەڵـدا دەکرێـت، دەقـی فەتواکـەش لـە هەمـان سـاڵدا لـە گۆڤـاری "دەنگـی زانـا"دا بـڵاو کراوەتـەوە".

پێـم وت: "باشـە کاك کامـەران، ئـەی کـێ مـارەی دەشـنێ سـامیی بـۆ سـۆران حەمیـد بڕیـوە، ئـەو مەلایـە کێبـوو؟ بەپێـی ئـەو فەتوایـە بێـت، دەبـێ لەپـاش کوشـتنی دەشـنێ سـامی، مەلاکـە دەسـتگیر کرابێـت".

کاك کامــەران گووتــی: "بەڵــێ ئێســتا حاڵــی حــازر دەســتگیر کــراوە، ئەویــش لــە ژێــر لێکۆڵینەوەدایــە. بــەڵام درەنــگ دۆزیانــەوە و بــە زەحەمــەت ئاشــکرا بــوو".

کامـەران حسـێن لـە درێـژەی قسـەکانیدا گووتـی: بەداخـەوە هـۆکاری ئابـووری یەکێکـی تـر بـوو لـەو هۆکارانـەی چارەنووسـی دەشـنێیان گەیانـدە ئـەو ئاسـتەی بـە دەسـتی مێردەکـەی بکوژرێـت. سـەرباری دواکەوتوویـی و نەریتـە ڕزیوەکانـی کۆمەڵگـە، هەژارییـش ڕۆڵـی

لـەو دەرئەنجامانـەدا زۆرە، چونکـە هەژاریـی کاریگەرییەکـی زۆری هەیـە لەسـەر زۆربـەی ئـەو کێشـە و دیاردانـەی رووبـەڕووی ژیانـی خەڵکـی دەبنـەوە، بۆیـە دەڵێـم کـەم و کورتـی دەسەڵاتیشـی تێدایـە، ئەگـەر چاودێـری لەسـەر گەندەڵـی و گەندەڵـکاران هەبێـت و سـزای توونـد بدرێـن و دادپـەروەری هەبێـت، تـا رادەیەکـی زۆر هـەژاری کـەم دەبێتـەوە، مـن لەخۆمـەوە ئـەم قسـانە ناکـەم، بڕوانـە وڵاتانـی پێشـکەوتوو و دەوڵەمەنـد، کـە سیسـتمێکی رێـك و پێکـی ئابـووری بەڕێـوە دەبـەن، تـا ئەندازەیەکـی گـەورە هەژارییـان بنەبـڕ کـردووە. توندوتیژیـی نێـو خێـزان هۆکارێکـی تـری ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتییـە نەرێنییانەیـە، بـۆ نموونـە دەشـنێ لەدەسـتی توندوتیژیـی نێـو خێزانەکەیـان و لـە شـەڕی بەردەوامـی نێـوان دایـك و باوکیـدا، وەڕس و بێـزار بـووە، کـە دەیبینـی چـۆن رۆژانـە شـەڕ دەکـەن و باوکـی پەنـا دەباتـە بـەر لێدانـی دایکـی، ئەوەنـدەی تـر ژیانـی لـەلا تاریـك دەبـوو. شـەڕ و ئـاژاوە بـەردەوام لەنێـو ماڵـی دەشـنێ سـامیدا ئامـادە بـووە.

مەسـەلەی مانـەوەی دیـاردەی هاوسـەرگیریی پێشـوەخت لـەم جـۆرە کۆمەڵگەیانـەدا، پەیوەندیـی بـە لاوازیـی جێبەجێکردنـی یاسـاکانەوە هەیـە لەلایـەن دادگاکانـەوە، بەتایبەتـی لەلایەنـی بەرگریکـردن لـە مافەکانـی ژنـان و منـداڵان، زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کوشـتنیان بـە بیانـووی شـەرەف ئەنجـام داوە، بـە سـزای سـووك دەربـاز بـوون، یـان بـە پـارە و سـوڵحی عەشـایەری، کێشـەکەیان یـەکلا کردۆتـەوە. لـە مەسـەلەی دەشـنێ سامیشـدا بـە هەمـان شـێوە، بـە سـوڵحی عەشـایەری کۆتایـی پێهێـنراوە، واتـە هێشـتا دادگا مەسـەلەکانی یەکلایـی نەکردۆتـەوە، کەچـی بـە بڕێـك پـارە، خێزانـی دەشـنێ سـامی رازی کـراون کـە لـە خوێنـی کچەکەیـان خـۆش بـن و داوا لەسـەر سـۆران حەمیـد پێشـکەش نەکـەن. واتـە تەنازولیـان کـرد و دادگاش تەنهـا بـە ١٠ سـاڵ زیندانـی بـۆ سـۆران حەمیـد کۆتایـی بـە مەسـەلەکە هێنـاوە، هێشـتا تەمییـز و تانـە و شـتی تریـش مـاوە و لەوانەیشـە دواجـار سـۆران حەمیـد ئـازاد بکرێـت.

• ناو و شوێنی کەسایەتیەکانی ئەم چیرۆکە خوازراوە

# کانییەك، کەس ئاوی لێ نەخواردۆتەوە

(١)

فەرەیدوونــی ڕۆژنامەنــووس، ئــاگاداری هەمــوو وردەکارییەکانــی ڕووداوەکەیــە، کنــە و پشـکنینی بـۆ هەمـوو لایەنەکانـی ئـەو ڕووداوە تراژیدییـە کـردووە، بە گـەڕان و پرسـیارەکانی، هەمـوو ئـەو کەسـانەی هێنابـووە قسـەکردن کـە ڕۆڵـی سـەرەکی و لاوەکییـان لـە کوشـتنی ئــەو ژنــە بێگوناهــەدا هەبــوو، هــەر لــە ســەرەتاوە بــەدوای ڕووداوی بەناهــەق کوشــتنی "کانـی سـەعید ڕەسـووڵ"ەوە بـوو. ئەمـە یەکـەم دۆسـییە و یەکـەم کەیـس نییـە فەرەیدوونی ڕۆژنامەنـووس بەدواداچوونـی بـۆ بـکات و وردەکارییەکانـی تۆمـار بـکات، ئاخـر ئـەو وەك ئەرکـی ڕۆژنامەنووسـی و وەك ڕۆشـنبیرێك، ڕووداوەکانـی ژنکوشـتن لـە کۆمەڵگەکانـی ئێمـەدا کۆدەکاتـەوەو لـە چەندیـن ڕیپۆرتـاژدا دەیانخاتـەڕوو، پـتر لـە بیسـت کەیسـی کوشـتنی ژنانـی کۆکردۆتـەوە، هەموویـان بەشـێوەیەکی جەرگبـڕ کـوژران، بگـرە هەندێکیـان لاقـەش کـراون. بـەڵام لـە دووتوێـی لاپـەڕە پەرشـوبڵاوەکانیدا و لەنێـو ئـەو کەیسـانەدا، کوشـتنی کانی سـەعید جیـاواز بـوو، ڕووداوی کوشـتنی ئـەو ژنـە، کـە ماوەیەکـی زۆر نەبـوو دەسـتی کەوتبـوو، وەسـتان و هەڵوێسـتەیەکی زۆری پێکـرد، چیرۆکـی کوژرانـی کانـی سـەعید بـە دەسـتی بـاوك و براکانییـەوە، دوچـاری شـۆکی کردبـوو.

لـەدوای کوشـتنی کانـی، کۆمەڵـێ ڕاسـتی ئاشـکرا دەبـن، ئـەو ڕاسـتییانەی نـەك تەنیـا خەڵکـی دوچـاری شـۆك و سەرسـوڕمان کـرد، بەڵکـو بکوژانیشـی خسـتە نێـو دۆخێکـی پـڕ لـە شـڵەژان و نائارامیـی دەروونـی و پەشـیمانبوونەوە. ئـەو ڕاسـتییانەی لـەدوای کوشـتنی کانـی ئاشـکرا بــوون، دەریانخســت ژنکوژانــی کۆمەڵگــەی ئێمــە، لەنــاو چ وەهمێکــی ترســناکدا دەژیــن. پیاوانـی کۆمەڵگـەی ئێمـە گومـان لـە هەمـوو جووڵانەوەیەکـی ژنـان دەکـەن، بگـرە گـوێ

بـۆ هەناسەکانیشـیان هەڵدەخـەن، دەریانخسـت چـۆن کۆمەڵگـەی پیاوسـالاریی ئێمـە، بـەردەوام بـە چـاوی گومانـەوە تەماشـای ئافـرەت دەکات، ئافـرەت هەمیشـە بوونەوەرێکـی گومانلێکـراوە تـا ئەگـەر هیچیشـی نەکردبـێ.

(٢)

مامۆسـتا نەجیـب، لەلایەکـی دیکـە و بـە شـێوازێکی جیـاواز، دەیویسـت رووداوی کوشـتنی "کانـی سـەعید" بەبیانـووی شـەرەف، بنووسـێتەوە. ئاخـر ئـەو بـۆ تێـزی دکتۆراکـەی، پێویسـتی بـەوە بـوو لێکۆڵینـەوە لـە چەنـد کەیسـێك بـکات، بەپێـی ناونیشـانی تێزەکـەی، دەبوایـە لـەرووی دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەوە، لـە دیـاردەی ژنکوشـتن بکۆڵێتـەوە، مامۆسـتا نەجیـب دەیویسـت لەرێگـەی تێـزی دکتۆراکەیـەوە رەخنـە لـە کۆمەڵگەیـەك بگـرێ، بەشـێک لـە پیاوەکانـی هەمـوو جوانییـەك دەکـوژن. وەهمێـك زەینـی پیاوەکانـی داگیرکـردووە، پـڕە لـە توندوتیـژی. ئەمـەش وایلێکردبـوو بـە شـێوازێکی دیکـە و بـە رێگەیەکـی جیاوازتـر بەدوای هۆکارەکانـی کوشـتنی کانـی سـەعیدەوە بچێـت، کۆششـێکی زیاتـر بـکات تـا بـەدوای هـۆکارە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەو کوشـتنەوە بێـت. ئاخـر کوشـتنی کانـی سـەعید بەبیانووی شـەرەف مۆرێکـی رەشـە بـە نێوچەوانـی کۆمەڵگـەی پاشـکەوتوو و تاکـی نـەزان و دواکەوتوو. کوشـتنی کانـی دەرەنجامـی کۆمەڵـێ دیـاردەی ترسـناکە کـە کۆمەڵگـەی ئێمـە بەدەسـتیەوە دەناڵێنـێ، مامۆسـتا نەجیبیـش نیـازی وایـە لـە تێزەکەیـدا بـەدوای چارەسـەرەکاندا بگەڕێـت. لێـرەدا ئامانجـی فەرەیدوونـی رۆژنامەنـووس، لەتـەك ئامانجـی مامۆسـتا نەجیبـدا، یەکانگیـر دەبـن، ئامانجـی هەردووکیـان لـە نووسـینەوەی چیرۆکـی کوشـتنی کانـی سـەعید و ئاشـکراکردنی نهێنییـە شـۆکئامێزەکەدا، یەکدەگرنـەوە، بـەڵام بـە شـێوازی جیـاواز.

(٣)

مامۆستا نەجیب زانیبووی فەرەیدوون هەموو وردەکارییەکانی کوژرانی "کانی سەعید"ی لەلایە، بیستبوویەوە فەرەیدوون بەدواداچوونی وردی بۆ کردووەو نیازی وایە نهێنییە شاراوەکەی دوای کوشتنی کانی سەعید ئاشکرا بکات، ئەمە بۆ مامۆستا نەجیب گرنگ بوو، چونکە ئەو دەیویست بچێتە قووڵایی ڕووداوەکە و شۆڕبێتەوە بۆ ڕەگوڕیشەی هۆکارەکانی کوشتنی ئەو ژنە بێگوناهەوە. جا بۆ ئەوەی بتوانێ شیکردنەوەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی بۆ بکات، دەیویست سەرەداوەکانی دەست بکەوێت تا بگاتە دەرەنجامێك تێزەکە دەیخوازێت. جا بۆ ئەوەی ئەو سەرەداوانەی دەستبکەوێت و وردەکاریی زیاتر لە ڕووداوەکە هەڵبهێنجێنێت، پێویستیی بەوە بوو فەرەیدوون ببینێت، تا بیدوێنێت و زانیارییەکانی لێوەربگرێت. دوای ئەوەی ژمارەکەی لەرێگەی هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسیەوە دەستکەوت، تەلەفۆنی بۆ کرد. فەرەیدوون مامۆستا نەجیبی دەناسی و دەیزانی سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرایە و بابەتەکەیشی دەربارەی هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنکوشتنە لە کۆمەڵگەی نەریتپارێزیدا، بۆیە تەلەفۆنکردنەکەی مامۆستا نەجیبی پێ نامۆ نەبوو، دەیزانی بۆ چ مەبەستێك پەیوەندیی پێوە دەکات. کاتێکیش مامۆستا نەجیب تەلەفۆنی بۆ کرد تا پێکەوە قاوەیەك بخۆنەوە و پاشان مەبەست و داواکارییەکەی بۆ خستەڕوو، فەرەیدوون بێ دوو دڵی ڕەزامەندیی دەربڕی، کات و شوێنێکیان دیاریکرد تا لەوێ یەکتر ببینن.

فەرەیدوون وتی: "پێم خۆشە لە کافیتریای (شەن) یەکتر ببینین، شوێنێکی هێمن و بێدەنگە و دەتوانین لەوێدا بە ئیسراحەت قسە بکەین. دواتریش پێت دەڵێم بۆچی ئەو کافیتریایەم هەڵبژاردووە". مامۆستا نەجیب خۆشحاڵیی دەربڕی.

(٤)

فەرەیدوون کۆمەڵێك رۆژنامە و چەندین لاپەڕەی نووسراوی لەسەر مێزەکەی بەردەمیاندا دانابوو، مامۆستا نەجیبیش هەندێ کتێبی لەسەر مێزەکە دانابوو، دەفتەرێکیشی بەدەستەوە گرتبوو، چاوەڕێی دەکرد فەرەیدوون رووداوی کوشتنی کانی سەعیدی بۆ بگێڕێتەوە و ئەو نهێنییەیشی بۆ ئاشکرا بکات کە هەمووانی دوچاری شۆك کردووە. فەرەیدوون وتی: ”دەزانم ناوەرۆکی بابەتەکەی تۆ چییە، بەڵام تا کوێ ئاگاداری کوژرانی کانیت؟ یانی لەکوێوە دەست پێبکەین؟“.

مامۆستا نەجیب وەڵامی دایەوە: ”من کوژرانی کانی سەعیدم لە رۆژنامەکانەوە خوێندۆتەوە، لە کەناڵەکانەوە گوێم لێبووە، رووداوێکی زۆر کاریگەرە، ئەوەی من دەیزانم هەموو چیرۆکەکە نییە، وا هەستدەکەم تۆ وردەکاریی دیکەت لەلایە، چونکە بەدواداچوونی وردت بۆ کردووە. ئینجا من دەمەوێ ئەو نهێنییە بزانم کە لەدوای کوژرانی کانی سەعیدەوە ئاشکرا دەبێت“.

فەرەیدوون وتی:

ئێستا زانیارییەکانی خۆمت سەبارەت بە کوژرانی کانی سەعید بۆ دەخەمە بەردەست، ئەگەرچی بەپێی پەڕاوەکانی دادگا، گێڕانەوەی جیاجیای لەسەرە، بەڵام من رووداوەکانم رێکخستوونەتەوە.

کانی لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا، بە بیانووی ”شەرەفپارێزی“ کوژرا. ئەو، وەکو زۆربەی کچانی کۆمەڵگەکەی ئێمە، لە خێزانێکی نەریتپارێزدا پەروەردە بووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە پڕ لە جووڵە و چالاک بووە، لە شوێنێکدا ئۆقرەی نەگرتووە، هەمیشە حەزی کردووە کارێك بکات و جێدەستی دیار بێت، کەچی وەك زۆربەی هەرزەکارانی

وڵاتــی ئێمــە، ڕێــی لێدەگیرێــت و بەشــێوازی جیــاواز، کۆتــی نەریــت و شــەرم و عەیبــەی بــۆ دادەنرێــت، کــە گــەورە دەبێــت و دەســت دەکات بــە خوێندنــەوە، فێــری ئــەوە دەبێــت بیــر لــە نەریتــەکان و دیــاردە کۆمەڵایەتییــەکان بکاتــەوە، خۆبەخــۆ ناتەواوییەکانــی ژیانــی کۆمەڵگەکــەی بــۆ دەردەکەوێــت و بەشــێوازی خــۆی ڕەخنــە دەگرێــت، زۆربــەی ڕەفتــارە کۆمەڵایەتییەکانــی بــەدڵ نابێــت و ڕەخنەیــان لێدەگرێــت، دەبینــێ بــە ئاشــکرا کچــان پەراوێــز دەخرێــن و ڕێگــەی چوونــە دەرەوەیــان لێدەگیرێــت، کوڕانیــش بــە ئــارەزووی خۆیــان دەچنــە دەرەوە و ســنووری ئازادییەکانیــان زیاتــرە.

هەســتی بێــزاری و ناڕازیبــوون لــەلای کانــی ســەعید گەورەتــر دەبێت، لــە ڕەفتار و قســەکانیدا دەردەکەوێــت کــە ئەویــش دەیــەوێ وەکــو کــوڕان ئــازاد بێــت، ئــەم هەســتەی کانــی ســەعید ســەرەتای یاخیبوونــی لــەلادا دەڕسکێنێت، بەتایبەتــی کــە دەبینێــت مەســەلەی "شــەرەف" و "حەیاچــوون" و عەیــب و شــەرم و شــوورەیی و ئــەم شــتانە، دەکرێــن بەبیانــووی کۆتکردنــی ئــەو و هەزارانــی وەك ئــەو، بێئــەوەی کارێکــی ناشایســتەش ئەنجــام بــدەن، کەچــی لەوڵاتــر چڵێســیی پیاوانــی دەبینــی چــۆن دەڕواننــە سینە و ســمتی کچــە هــەرزەکار و ژنــە جوانــەکان، چیرۆکــی ســەیر و ســەمەرەی دەربــارەی لاقەکردنــی کچــان دەبیســت، بــۆ نموونــە یەکێــك لــە کچــەکان باســی ئــەوەی کــردووە کــە چــۆن لــە ســەرەتای هەرزەکارییــدا، لەنــاو پاســدا پیاوێــك لــە تەنیشــتی دادەنیشــێت، وردە وردە ڕانــی لــە ڕانــی ئــەو نزیــك دەکاتــەوەو پێــوەی دەنووســێنێت، ئینجــا دەســتی کچــە هەرزەکارەکــە دەگرێــت و دەیخاتــە نێوگەڵــی خۆیــەوە، ئــەو کچــە بەجۆرێــك ڕووداوەکــەی دەگێڕایــەوە، هەموویانــی تۆقاندبــوو، ئــەو چیرۆکانــە گرێیەکــی دەروونیــی وایــان لــەلای کانــی ســەعید خوڵقاندبــوو کــە لەپیــاو بترســێت و ســڵ لــە هاوســەرگیری بکاتــەوە.

پیــاو و هاوســەرگیری و ســێکس، خوێــن و پــەردەی کچێنــی، چیرۆکەکانــی لاقەکردنــی کچــان لەلایــەن پیاوانــەوە، ئەمانــە بەســەریەکەوە حاڵەتێکــی دەروونیــی خراپیــان لــەلای کانــی ســەعید دروســت کردبــوو. لــە بەرامبــەر ئــەو حاڵەتــەی کانــی ســەعیددا، خێزانەکــەی بیریــان لــەوە دەکــردەوە چــۆن بیــدەن بەشــوو، دەیانبینــی کانــی وردە وردە گــەورە دەبێــت و ڕەفتاری

رەتکردنــەوە و یاخیبوونــی تیــادا ســەرهەڵدەدات، باســی یەکســانی دەکات و کاریگەریــی لەســەر کچانــی تریــش جێدەهێڵێــت، ئەمــە لــەلای بــاوك و براکانــی، دەبێتــە مایــەی تــرس، تــرس لــەوەی کانــی گــەورە بــووە، ئەگــەر زوو نــەدرێ بەشــوو، ئــەوا لەوانەیــە ئــەو خێزانــە دوچــاری کارەســاتێك بــکات، وەك بــاوە لــە کۆمەڵگــە نەریتییەکانــدا پێیــان وایــە حەیــا و ئابڕوویــان بــەوە دەچێــت".

فەرەیــدوون لەســەر قســەکانی بــەردەوام بــوو، گووتــی: "ماموٚســتا نەجیــب گیــان، تــۆ بڕوانــە ئــەو دوو حاڵەتــە دژ بەیەکــە لەنێــو ئــەو خێزانــەدا کــە نموونــەی ســەدان و هــەزاران خێزانــی دیکەیــە، واتــە کچانــی ئێمــە لــە ژینگەیەکــدا پــەروەردە دەبــن دوچــاری چەشــنەها گرێــی دەروونــی دەبــن، لەلایــەك ئــەو ژینگــە کۆمەلایەتییــە دواکەوتــووە، دۆخێکــی دەروونیــی نائاســایی بــۆ کانــی ســەعید دەخوڵقێنــێ، بــە رادەیــەك ترســی لــە پیــاو و لــە هاوســەرگیری دەبێــت، لەلایەکــی تــر بــاوك و مــام و بــراکان بیــر لــەوە دەکەنــەوە زوو بیدەنــە شــوو، پێــش ئــەوەی کار لــەکار بــترازێ. کــە تەمەنــی دەگاتــە هــەژدە ســاڵ، دەیــدەن بــە کوڕێکــی خزمــی خۆیــان نــاوی ســۆران عەبدوڵلایــە، چــوار ســاڵ لــە خــۆی گەورەتــرە، کانــی بــە نابەدڵــی ئــەو هاوســەرگیرییە قبــوڵ دەکات، بێگومــان ســەرکەوتوو نابێــت، زوو زوو لەدەســت مێردەکــەی رادەکات و دەگەڕێتــەوە بــۆ ماڵــی باوکــی.

دوای چــوار مانــگ، ســۆران کانــی تــەلاق دەدات و دەیهێنێتــەوە بــۆ ماڵــە باوانــی، بێئــەوەی نهێنییــە راســتەقینەکەیان بــۆ بدرکێنێــت، بــاوك و مامیــش لــەو بــاوەڕەی گوایــە کانــی ســەرەڕۆ و ســەربەگۆبەندە، بیــر لــەوە دەکەنــەوە لــە شــارێکی دیکــە بیــدەن بــە پیاوێکــی غەریــب، بــەو پێیــەی کانــی بــەردەوام لەدەســتی ماڵــەوە و خزمــان هەڵدەهــات، دواجــار لــە شــارێکی دیکــە لەگــەڵ پیاوێکــدا هاوســەرگیریی کــرد نــاوی ســەرکەوت ئیســماعیل بــوو، بــەلام زۆر لــە کانــی گەورەتــر بــوو، ئەگەرچــی بــۆ مــاوەی پێنــج ســاڵ بەرگــەی یاخیبــوون و هەڵاتنەکانــی گــرت و تــا رادەیــەك نەرمــتر بــوو لەگەڵیــدا، بــەڵام دواجــار ئەویــش تەڵاقیــدا.

کانــی لەگــەڵ سەرکەوتیشــدا بێئــارام و ناڕەحــەت بــوو، خــۆی بەدەســتەوە نــەدەدا، زوو زوو هەڵدەهــات و دەگەڕایــەوە ماڵــە باوانــی، نەسرینــی دایکــی کانــی، زۆری هەوڵــدا کێشــە

سـەرەکییەکەی کچەکـەی بزانێـت، بـە شـێوازی خـۆی کـە هەندێجـار نـەرم و هەندێجـار تونـد و رەق بـوو، ویسـتی لەرێگـەی قسـەی دایـك و کچـەوە، هـۆکاری سـەرەکیی راکردنـی لـە دەسـت مێردەکـەی بزانێـت، سـوودی نەبـوو، تەنیـا لـە یـەك شـت حاڵـی بـوو، ئەویـش کانـی دەیویسـت بگەڕێتـەوە بـۆ شـارەکەی خـۆی و لـە نزیکـی ماڵـی باوکی بژیـن. دایکـی کانی ئەو خواسـتەی گەیانـدە مێـرد و بـاوك و براکانـی، پـاش هەوڵێکـی زۆر، ماڵـی کانـی گواسـترایەوە بـۆ زێـدی خـۆی و لـە نزیکـی ماڵـی باوکییـەوە خانوویەکیـان بەکـرێ گـرت، کەچـی کانـی لەوێشـدا ئۆقـرەی نەدەگـرت و زوو زوو دەگەڕایـەوە بـۆ ماڵـی باوکـی، سـەرکەوت ئیسـماعیل چیـتر بەرگـەی یاخیبوونەکانـی کانیـی نەگـرت و دواجـار ئەویـش تەڵاقیـدا.

(٥)

مامۆسـتا نەجیـب رۆچووبـووە نێـو قووڵایـی قسـەکانی فەرەیدوونـەوە و لەگەڵیـدا تێبینیـی دەنووسـییەوە، سـەیرێکی فەرەیدوونـی کـرد و وتـی: "کەواتـە کانـی سـەعید بـەر لـە کوژرانی، دوو شـووی کـردووە، بـەڵام دواجـار لەدەسـت هـەردوو پیاوەکـەی هەڵاتـووە".

فەرەیـدوون کـە بـە حەماسـەوە رووداوەکـەی بـۆ دەگێڕایـەوە، قومێکـی تـری لـە قاوەکـەی دا و وتـی: "تـۆ بووەسـتە، رووداوی سـەیرتر مـاوە".

مامۆسـتا نەجیـب جـۆری دانیشـتنەکەی خـۆی گـۆڕی و وتـی: "ئاخـر منیـش بـە پەرۆشـەوە چاوەڕێـم چیرۆکـی رووداوەکـەم بـۆ تـەواو بکەیـت، دەمـەوێ گوێـم لـەو نهێنییـە شـاراوەیە بێـت کـە هەمووانـی دوچـاری شـۆك کـردووە و تـا ئێسـتاش بـۆت نەدرکانـدووم".

فەرەیــدوون وتــی: "ئێســتا نهێنییەکــەت بــۆ ئاشــکرا دەکــەم، بــەڵام پێویســتە لەپێشــدا رووداوی کوشـتنەکەت هەمـووی بـۆ بگێڕمـەوە". رۆژنامەیەکـی لەسـەر مێزەکـە هەڵگـرت و وێنـەی کانـی سـەعیدی بـە کـوژراوی پیشـان دا، کـە هـەر خـۆی لـەو رۆژنامەیـەدا بڵاوی کردبـووەوە، بـە مانشـێتێکی گـەورە نووسرابـوو: (کانـی سـەعید بـە ناهـەق کـوژرا)، لەژێـر

ئـەو ناونیشانەشـدا، بـە خەتێکـی سـوور نووسرابـوو: (نەریتـی دواکەوتووانـەی کۆمەڵگـە و عەقڵـی قفڵـدراو).

مامۆسـتا نەجیـب سـەرنجی رۆژنامەکـەی دا، وێنـەی کوژرانـی کانـی دوچـاری خـەم و نیگەرانیـی کـرد، ئینجـا وتـی: "مـن رەخنـەم لـە وشـەی -بەناهـەق کـوژرا- هەیـە، نەدەبوایـە رۆژنامەکـە ئـەم وشـەیە بـە زەقـی دابنێـت. چونکـە لـە کوشـتنی ژنانـدا هـەق و ناهـەق نییـە. هەمـوو جـۆرە کوشـتنێك لەسـەر شـەرەف ناهەقـە".

فەرەیدوون وتی: "چۆن؟".

مامۆسـتا نەجیـب وتـی: "ئـەوە دواتـر بەدرێـژی گفتوگـۆی لەسـەر دەکەیـن، تـۆ جـارێ چیرۆکـی رووداوەکـەم بـۆ تـەواو بکـە".

فەرەیـدوون وتـی: "بەهەرحـاڵ مـن وەکـو رۆژنامەنووسـێك سـەیری ئـەو کەیسـە دەکـەم و تۆیـش وەکـو توێژەرێـك، واتـە ئاسـاییە دوو دیـد و دوو تێڕوانینـمان بـۆ کوژرانـی کانـی سـەعید هەبێـت".

مامۆسـتا نەجیـب وتـی: "بێگومـان، هیـچ کێشـەیەك نییـە بـە زیـاد لـە دیدێکـەوە لێـی نەڕوانرێـت، بـەڵام لـەم کێشـەیەدا ئێمـە جیـاواز نییـن لـەوەی کـە لەژێـر هـەر ناونیشـانێکدا بێـت و بـە هـەر بیانوویەکـەوە بێـت، ئـەوا ژنکوشـتن تاوانـە".

فەرەیـدوون وتـی: "زۆر راسـتە". ئینجـا بـە هەمـان حەماسـی پێشـوویەوە لەسـەر گێڕانـەوەی کوژرانـی کانـی سـەعید بـەردەوام بـوو:

"دوای ئـەوەی لـە مێـردی دووەمیشـی جیابـووەوە، نەیتوانـی لەنێـو چواردیـواری ماڵێکـی پـڕ لـە قسـە و پلارهاویشـتن و بەسـووك تەماشـاکردنی بـاوك و براکانـی بمێنێتـەوە، هەسـتی بـە بێزارییەکـی زۆر کـرد بەهـۆی قسـەو قسـەڵۆکی خزمـان و گەڕەکێکـی میللیـی دواکەوتـوو، ئەمێـك کـە هەسـتێکی ناسـکی هەبـوو، ژیاندۆسـت بـوو، گیانێکـی رۆمانسـییانەی هەبـوو، حەزیدەکـرد دوو باڵـی هەبێـت و هەمیشـە بفڕێـت، کەچـی لـە ژیانـی واقعیی خۆیـدا هەموو شـتێکی لـێ قەدەغەکرابـوو، بـەو پێیـەی ژنـی جیابـووەوە لـە کۆمەڵگـەی دواکەوتـوودا بـە چاوێکـی سـووك و پـڕ لـە گومانـەوە سـەیر دەکرێـت، چیـتر نەیتوانـی بەرگـەی ئـەو هەمـوو

ئـازارە بگرێـت. بـەردەوام بیـری لـە فڕیـن دەکـردەوە، زوو زوو بڕیـاری فڕیـن و جێهێشـتنی کۆتەکانـی خێـزان و کۆمەڵگـەی دەدا، تـا ڕۆژێکیـان بڕیارەکـەی جێبەجـێ کـرد و ڕۆیشـت. هـەڵات و دوورکەوتـەوە لـەو نەهامەتییـەی تیایـدا دەژیـا، لـەو ژینگەیـە دوورکەوتـەوە کـە بـە سـووك تەماشـای ژنـی جیابـووەوە دەکات، لـەو کەشـوهەوایەی گومـان لـە ژنـی ئـازاد دەکات. ئیـتر هـەڵات و ونبـوو، کـەس نەیزانـی بـۆ کـوێ چـووە، بـۆ مـاوەی پـتر لـە سـاڵێك کـەس هیـچ هەواڵێکـی نەدەزانـی".

مامۆسـتا نەجیـب زیاتـر لـە فەرەیـدوون نزیـك بـووەوە و پـتر گوێـی بۆ هەڵخسـت، قسـەکەی پێبـڕی و وتـی: "باشـە بـۆ کـوێ هەڵاتـووە، ئاخـۆ بـۆ چ سـەرزەمینێکی خەیاڵیـی رایکـردووە، چ خاکێـك توانیویەتـی بیگرێتـە خـۆی و لـە چنگـی نەریتـی دواکەوتووانـەی کۆمەڵگـە و لـە چەکمـەی پیاوسـالاری بیپارێزێـت، بـاوەڕ ناکـەم گەیشـتبێتە وڵاتێکـی ئەوروپـی، ئەگینـا نەدەکـوژرا".

فەرەیـدوون وتـی: "نـا، ئـەو دامـاوە دۆخێکـی وای بـۆ نەڕەخسـابوو بتوانـێ بگاتـە وڵاتێکـی ئەوروپـی و داوای پەنابـەری بـکات. بەڵکـو رایکـردووە بـۆ ئـەم شـارەی خۆمـان، لێـرەدا کەمێـك هەسـتی بـە ئارامـی کـردووە".

مامۆسـتا نەجیـب وتـی: "ئاخـر ئـەم شـارەی ئێمـەش لەشـارەکەی ئـەوەوە ئەوەنـدە دوور نییـە، ئینجـا هەمـان ژینگـە و هەمـان نەریـت و هەمـان ئەقڵییەتـی هەیـە، بـە کەمێـك جیاوازییـەوە".

فەرەیدوون وتی: "ئاخر بۆیە دوای ساڵێك، لەم شارەدا دۆزیویانەتەوە و کوشتوویانە".

مامۆسـتا نەجیـب پەڕاوەکانـی خسـتە سـەر مێزەکـە و تەماشـایەکی فەرەیدوونـی کـرد و وتـی: "ئـەرێ تـۆ هـەر پێـت نەووتـم، ئـەو نهێنییـە چییـە کـە هەمووانـی تووشـی شـۆك کـردووە؟".

فەرەیدوون زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی: "پەلە مەکە مامۆستا گیان".

پەرداخێـك ئـاوی خـواردەوە و ئینجـا وتـی: "کانـی سـەعید، بـەر لـە ئاشـکرابوونی، بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـەم شـارەدا کاری دەکـرد، لـە ڕێگـەی هاوڕێیەکـی دێرینیـەوە توانیبـووی هـەم کارێـك بدۆزێتـەوە و هـەم شـوێنی نیشـتەجێبوون".

مامۆستا نەجیب ملی بۆ خوار کردەوە و وتی: "کاری چۆن و لەکوێ؟".

فەرەیـدوون بـۆ ماوەیـەك سـەیری مامۆسـتا نەجیبـی کـرد، ئینجـا ئامـاژەی بـۆ شـوێنی دانیشـتنەکەی خۆیـان کـرد و وتـی: "لـەم کافتیریایـەدا کاری دەکـرد. کافتیریـای شـەن. هـەر بۆیـە حەزمکـرد لێـرەدا یەکـتر ببینیـن و ڕووداوی کوژرانـی کانـی سـەعیدت بـۆ بگێڕمـەوە. هـاوڕێ دێرینەکەیشـی کچێکـی هاوڕێـی بـوو لـە قوتابخانـەدا پێکـەوە بـوون، کـە شـووی کردبـووماڵیـان گواسـتبووەوە بـۆ ئـەم شـارە، ئـاگاداری بارودۆخـی کانـی بـوو، بۆیـە هەوڵیـدا یارمەتیـی بـدات".

مامۆسـتا نەجیـب سـەری هەڵبـڕی و تەماشـایەکی چـواردەوری خـۆی کـرد، بـە حەپەسـانەوە سـەیرێکی کارمەنـد و کاشـێر و کورسـی و مێزەکانـی کـرد، چـاوی تـەڕ بـوو و هیچـی بـۆ نەوتـرا. قەڵەمەکـەی دانـا و پشـتی دایـە کورسـییەکەوە، پـاش کەمێـك بێدەنگـی، وتـی: "فەرەیـدوون گیـان تکایـە بـەردەوام بـە".

فەرەیـدوون کەوتـە ژێـر کاریگەریـی کاریگەربوونەکـەی مامۆسـتا نەجیبـەوە و کەمێك سـەری داخسـت، ئینجـا سـەری بـەرز کـردەوەو دەسـتیکردەوە بـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکە:

"کانـی سـەعید بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـەم کافتیریایـەدا کاری دەکـرد، لەرێگـەی خاوەنـی کافتیریاکـەوە شـوێنی خەوتنیشـی بـۆ دابینکـرا، خاوەنـی کافتیریاکـە ژنێکـی تەمـەن پەنجـا سـاڵە، بەنـاوی زەینـەب عەلـی. تەنهـا خـۆی و کچێکـی لـە ماڵێکـدا دەژیـن. هاتنـی کانـی سـەعید بـۆ نێـو ئـەو خێزانۆچکەیـە، زەینـەب عەلیشـی خۆشـحاڵ کردبـوو، بۆیـە بـە هەمـوو شـێوەیەك یارمەتیـی دەدا، بەتایبەتـی پـاش ئـەوەی کانـی هەنـدێ لایەنـی ژیانـی خـۆی بـۆ گێڕابـووەوە. زەینـەب ژنێکـی مرۆڤدۆسـت و ئەقڵکـراوەو بەڕەحمـە".

مامۆسـتا نەجیـب سـەیرێکی لای کاشـێرەکەی کـرد و وتـی: "ئایـا ئـەو ژنـە ئێسـتا لێرەیـە؟ دەتوانـم لەدواییـدا ببینـم و قسـەی لەگەڵـدا بکـەم؟"

فەرەیدوونیـش تەماشـایەکی لای کاشـێرەکەی کـرد و وتـی: "نـا ئێسـتا لێـرە نییـە، پرسـیارم کـرد وتیـان سـەفەری کـردووە. هـەر کاتێـك هاتـەوە دەتوانـی ببینیـت. بـەڵام بۆچی؟".

مامۆسـتا نەجیـب وتـی: "حـەز دەکـەم هەنـدێ پرسـیاری سـەبارەت بـە ژیانـی کانـی سـەعید

لێبکـەم، هەنـدێ لایەنـی ژیانـی لـەم شـارەدا بزانـم“.
فەرەیـدوون وتـی: ”وابزانـم ئاسـاییە، مـن پێشـتر قسـەم لەگـەڵ زەینـەب خـان کـردووە. وتـی بـە کانیـم وتـووە ئەگـەر لـە ژیانـی خـۆت دڵنیـا نیـت، بۆچـی ناچیـت بـۆ یەکێـك لـە شـێڵتەرەکان، کانـی وتویەتـی شـێڵتەر چییـە؟ زەینـەب خانیـش بـۆی روونکردۆتـەوە کـە شـێڵتەر بریتییـە لـە خانـەی داڵدەدانـی ئـەو ژنانـەی هەڕەشـەی کوشـتنیان لەسـەرە، ئـەم شـارە زیـاد لـە سـەنتەرێکی تیایـە بـۆ شـێڵتەر. کانـی وتوویەتـی نـا پێویسـتیم بـە شـوێنی وا نییـە“. ئینجـا لەسـەر گێڕانـەوەی رووداوەکـە بـەردەوام بـوو:
”کانـی هـەم لـە کارکردنیـدا لـەم کافتیریایـە و هـەم لەگـەڵ ئـەو ژنـەدا، خۆشـحاڵ بـوو، تارادەیـەك توانیبـووی دەروونـی ئـارام بکاتـەوە و هەسـت بـە جۆرێـك لـە ئـازادی بـکات، بـۆ یەکەمجـار کەمێـك هـەوای ئازادیـی هەڵمـژێ. وابزانـم پەیوەندیـی لەگـەڵ کوڕێکیشـدا هەبـوو نـاوی ئـاراس مسـتەفاە، ئەمەیـان زەینـەب خـان بـۆی گێڕامـەوە. ئەگەرچـی تەمەنـی ئـاراس مسـتەفا لەسـەرووی سـی و پێنـج ساڵییەوە بـوو، بـەڵام ژنـی نەهێنابـوو، زەینـەب خان دەیـووت: مـن ئاراسـم بینیـوە و زوو زوو دەهـات بـۆ کافتیریاکـە و جاروبـار لەگـەڵ کانـی قسـەی دەکـرد، رۆژێکیـان کانـی باسـی ئـەو کـوڕەی بـۆ کـردم و وتـی کەسـێکی زۆر رۆشـنبیر و هێمـن و راسـتگۆیە، وا هەسـتدەکەم دەیـەوێ لـە نزیکـەوە بمناسـێ، بـە نیـگا و قسـەکانیدا دیـارە مەیلـی بـۆم هەیـە، کانـی پێـی گووتـم ئەگـەر سـەردار داوای هاوسـەرگیریم لێبـکات باوەڕناکـەم رەتیبکەمـەوە، منیـش بـە زەردەخەنـەوە پێمـووت لـەوە دەچـێ خۆشـتبوێ عەیـار، ئەویـش بـە شـەرمێکی پـڕ لـە گەشـانەوەوە وتـی نازانـم“. فەرەیـدوون ئـەو قسـانەی بـۆ مامۆسـتا نەجیـب دەگێڕایـەوە و ئەویـش لـە دەفتەرەکەیـدا دەینووسـییەوە. فەرەیـدوون بـەردەوام بـوو: ”زەینـەب خـان پێـی گووتـم کانـی لـەم دواییـەدا کەسـێکی زۆر کـراوەو گەشـبین بـوو، دیاربـوو کەوتبـووە ژێـر کاریگەریـی قسـەو رەفتارەکانـی سـەردارەوە، دڵـی بـە ژیـان خۆشـبوو، بیـری لـە ئایندەیەکـی گـەش دەکـردەوە، بگـرە بیـری لـەوەش دەکـردەوە رۆژێـك بێـت بتوانـێ بگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، تـا ئەگـەر ئـاراس داوای هاوسـەرگیریی لێکـرد، بـە رەسـمی شـووی پێبـکات“.

مامۆستا نەجیب وتی: "ئایا ئەو ئاراسە دێت بۆ ئەم کافتیریایە؟".
فەرەیـدوون وتـی: "زەینـەب خـان دەڵـێ لـەدوای کوژرانـی کانـی، تەنهـا یەکجـار ئاراسـم بینیـوە، ئەویـش زۆر شکسـت و خەمبـار بـوو، بـە قوڕگـی پـڕ لـە گریانـەوە وتوویەتـی ئـەو کارەسـاتە وێرانـی کـردووم".
فەرەیـدوون هەناسـەیەکی خەمئامێـزی دایـەوە و بـەردەوام بـوو: "بـەڵام هێشـتا کانـی بەتـەواوی دەروونـی ئـارام نەبـوو، هێشـتا هەسـتی بـە ناڕەحەتـی دەکـرد، لەلایـەك سـۆزی بـۆ ماڵەوەیـان دەجـووڵا و حـەزی دەکـرد سـەر لـە دایکـی بـدات، لەلایەکـی دیکـە ترسـێك لـە ناخیـدا جێگیـر ببـوو، (سـۆز) و (تـرس) هەسـتێکی ناسـەقامگیر و خەمهێنەریـان لـەلا دروسـت کردبـوو. بۆیـە کاتێـك زانـا حەمیـدی لـە کافتیریاکـەدا بینـی، دڵـی پێـی کرایـەوە".
مامۆستا نەجیب وتی: "زانا حەمید کێیە؟".
فەرەیـدوون وەڵامـی دایـەوە: "زانـا حەمیـد کـوڕی خاڵێتـی، لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا هاتبـوون بـۆ ئـەو کافتریایـە، کاتێـك کانیـی بینـی لێـرەدا کار دەکات، ئەبڵـەق بـوو. لەراسـتیدا یەکەمجار کانـی ئـەوی ناسـییەوە، سـۆز گرتـی و چـووە لای، کاتێـك کـوڕە خاڵەکـەی بینـی، کەمێـك گەشـایەوە، نەیزانـی ئـەم دیـدارە دەبێتـە سـەرەتای کۆتایـی ژیانـی".
مامۆسـتا نەجیـب سـەرێکی بـۆ راوەشـاند و وتـی: "تێگەیشـتم. لـەوە ئەچـێ کـوڕە خاڵەکـەی تووشـی کێشـەیەکی گـەورەی کردبـێ".
فەرەیـدوون وتـی: "نـا، یەکسـەر نـا، واتـە دەمودەسـت خەبـەری ماڵەوەیانـی لێنەدابـوو، بەڵکـو بەپێـی گێڕانەوەیەکـی دیکـە، زانـا حەمیـد لەسـەرەتادا لەگـەڵ کانـی سـەعید میهرەبـان بـووە و بگـرە یارمەتیشـی داوە. بـەڵام دواجـار، رۆژێـك زانـا حەمیـد تەلەفـۆن بـۆ براکانـی کانـی سـەعید دەکات. کانـی دوو بـرای هەیـە: هەڵـۆ و شـێرکۆ، هەردووکیشـیان ژن و منداڵیان هەیـە و لـە کانـی گەورەتـرن. وەك بەرێـزت دەڵێـی ئـەم تەلەفۆنکردنـە دەبێتـە سـەرەتای کۆتاییهاتنـی ژیانـی کانـی".
مامۆستا نەجیب بە خەمبارییەوە وتی: "چۆن؟".
فەرەیـدوون بـەردەوام بـوو: "ئاخـر کـە زانـا تەلەفـۆن بـۆ براکانـی دەکات، لـە سـەرەتادا

نیـازی خـراپ نەبـووە، بەپێـی گێڕانەوەیەکـی دیکـە، زانـا ویسـتوویەتی یارمەتیـی کانـی و خێزانەکـەی بـدات، تـا بەسـەلامەتی و بەبـێ کێشـە بگەڕێتـەوە بـۆ لای کەسـوکاری. گوایـە پێشـتریش زەمینـەی بـۆ ئـەوە خۆشـکردووە تـا کانـی بـە سـەلامەتی بگەڕێتـەوە، یانـی قسـەی لەگـەڵ بـاوك و براکانیـدا کـردووە، دوای ئـەوە پێـی وتـوون مـن شـوێنەکەی دەزانـم“.

مامۆسـتا نەجیـب بـە کەسـەرێکەوە وتـی: ”جـا دابونەریتـی دواکەوتـوو و ئەقڵـی داخـراو، چـۆن بـە قسـەی گەنجێکـی وەکـو زانـا نـەرم دەبنـەوە، چـۆن بیرکردنـەوەی چەقبەسـتوو و گومانکـردن لـە ژن، بـە ئامۆژگاریـی ئـەم و ئـەو کۆتایـی پێدێـت؟ ئەمـە پێویسـتیی بـە گۆڕانکاریـی ریشـەیی هەیـە، دەبـێ کۆمەڵگـە لـە بناغـەوە بگـۆڕدرێ“.

فەرەیـدوون وتـی: ”ئاخـر مامۆسـتا گیـان هـەر واش بـوو. ئـەو بەڵێنانـەی زانـا کـە بـە کانیـی دابـوو تـا ژیانـی پارێـزراو بێـت، بەڵێنـی پـووچ بـوون. قسـەکەی تـۆ راسـتە، گیانـی کۆنەپەرسـتی و گومانکـردن لـە هەمـوو جووڵانەوەیەکـی ژنـان، ئەوەنـدە لـە ناخـی پیـاوی کۆمەڵگـەی ئێمـەدا ریشـەی داکوتـاوە، هـەروا بـە ئاسـانی لەنێـو ناچێـت. زانـاش بـە هەڵـەدا چـووە کـە وایزانیـوە بـە قسـەو وەعـد و بەڵێنـی زارەکـی، گیانـی تۆڵەسـەندنەوەو نەریتـی کوشـتن لەسـەر شـەرەف، کاڵدەبێتـەوە. زانـا ویزانیـوە بـەم کارەی، کانـی لـە کوشـتن دەربـاز دەکات. بـەڵام بەداخـەوە ئەمـە دەبێتـە سـەرەتای دانانـی پیلانێـك بـۆ کوشـتنی کانـی. ئاخـر لەلایەکـی دیکـەوە کانیـش سـاویلکە بـوو کـە بـاوەڕی بـە وەعـد و بەڵێنـی زارەکـی کردبـوو. بۆیـە بـە ئاسـانی چـووە بەردەسـتیان. پێشـتر بـە تەلەفـۆن قسـەی لەگەڵـدا کردبـوون، براکانیشـی دڵنیایـی ئەوەیـان تیـادا چاندبـوو کـە ژیانـی پارێـزراو دەبێـت“.

مامۆسـتا نەجیـب قسـەکانی پێبـڕی و وتـی: ”فەرەیـدوون گیـان مـن داوای چاییـەك دەکـەم، تـۆ چییـتر دەخۆیتـەوە؟“.

فەرەیدوون وتی: ”منیش حەزم لە چاییە“.

ئیتر دوو چاییان داواکرد و فەرەیدوون بەردەوام بوو:

”بەمجـۆرە پیلانێکیـان بـۆ گەڕاندنـەوەی کانـی سـەعید دانـا، پیلانەکـە گێڕانـەوەی جیاجیـای لەسـەرە، مـن ناچمـە نـاو وردەکاریـی گێڕانـەوە جیاوازەکانـەوە، بەڵکـو هێڵـە گشـتییەکانی

ڕووداوەکـەت بـۆ دەگێڕمـەوە“.
مامۆسـتا نەجیـب کەمێـك بێتاقـەت بـوو، کتێبەکانـی کۆکـردەوە و وتـی: ”فەرەیـدوون گیـان هەسـتە بـا بڕۆیـن، بـا بچینـە شـوێنێکی تـر“.
فەرەیـدوون ویسـتی پـارەی چایـی و قـاوەکان بـدات، مامۆسـتا نەجیـب نەیهێشـت، خـۆی پێشـکەوت و پارەکـەی دا و ڕۆیشـتن.

(٦)

بـە شـەقامی ئەوبـەری کافتیریاکـەدا پەڕینـەوە و چوونـە سـەر شۆسـتەکە، بـە پیاسـە بـەرەو پارکـی نـەورۆز ڕۆیشـتن. ئەگەرچـی کەشـی نێـو پارکەکـە خـۆش و سـەرنجڕاکێش بـوو، بۆنـی درەخـت و گوڵـی هەمەچەشـن ئاسـوودەییەکی پێبەخشـین، بـەڵام ئەمـان زیاتـر سـەرقاڵی کەیسـی کوژرانـی کانـی سـەعید بـوون، ئـەو بابەتـە پـتر زەینـی داگیـر کردبـوون. فەرەیـدوون گێڕانـەوە جیاوازەکانـی پیلانـی کوشـتنی کانـی سـەعیدی کـورت کـردەوە و وتـی:
”دوای ئـەوەی زانـا حەمیـد تەلەفـۆن بـۆ براکانـی کانـی سـەعید دەکات و لـە شـوێنی کارکردنەکـەی ئاگاداریـان دەکاتـەوە. بـاوك و براکانـی بیـر لـەوە دەکەنـەوە چـۆن کانـی بگەڕێننـەوە نێـو خێزانەکەیـان، بێئـەوەی خێزانەکـە، بەپێـی ئەقڵیەتـی ئـەوان، دوچـاری ریسـوایی ببێـت. کەچـی لـە گێڕانەوەیەکـی دیکـەدا، بـاوك و بـراکان هەر لـە سـەرەتاوە پیلانی کوشـتنی کانییـان داڕشـتووە. بەپێـی گێڕانـەوەی یەکـەم، خێزانەکـە داوا لـە زانـا دەکـەن، بـە شـێنەیی و بێدەنگـی قسـە لەگـەڵ کانیـدا بـکات و قەناعەتـی پێبهێنێـت بگەڕێتـەوە بـۆ نێـو خێزانەکـەی و واز لـە یاخیبـوون بهێنێـت، گەرەنتیـی ئەوەیشـی دەدەنـێ کـە ژیانـی پارێـزراو دەبێـت. زانـا ئـەو داواکارییـە جێبەجـێ دەکات و قەناعـەت بـە کانـی دەکات، کانیـش کەمێـك نـەرم ببـوو، سـۆزی گەڕانـەوەی بـۆ منداڵـی و بـۆ لای دایکـی و گەڕانـەوە بـۆ نێـو باوەشـی خێـزان و بیرکردنـەوەی لـە ئـاراس مسـتەفا، وایانلێکـرد ڕەزامەنـدی دەرببڕێـت، بەتایبەتـی

دوای ئـەوەی براکانـی بـە تەلەفـۆن قسـەی لەگەڵـدا دەکـەن و دڵنیایـی پێدەبەخشـن. بـەو چەشـنە ئێوارەیـەك زانـا بـە ئۆتۆمبێلەکـەی خـۆی کانـی سـەعید دەباتـەوە بـۆ لای بـاوك و براکانـی، ئەوانیـش هـاوکات لـە دەرەوەی شـار و لـە شـوێنێکی سەرشـەقامەکەدا، لـە ئۆتۆمبێلەکـە هاتبوونـە دەرێ و چاوەڕێیـان دەکـرد، تـا زانـا لەوێـدا کانییـان رادەسـت بـکات و خـۆی بگەڕێتـەوە. کاتێـك کانـی بـاوك و براکانـی دەبینێـت، بـە پێکەنیـن و بەشـێوەیەکی ئاسـایی بـەرەو روویـان دەچێـت، بـەو پێیـەی دڵنیاکراوەتـەوە لـە نیازپاکییـان، ئەوانیـش باوەشـی پیـادا دەکـەن و دەیخەنـە نـاو ئۆتۆمبێلەکـەی خۆیانـەوە. لـە رێـگادا زۆر پرسـیاری لێدەکـەن، دەیانـەوێ بزانـن لـەو ماوەیـەدا لەکوێـدا ژیـاوە و چـۆن ژیـاوە، لەگـەڵ کێـدا پەیوەندیـی هەبـووە. لـەو گێڕانەوەیـەدا هاتـووە، ئـەوان کانییـان خسـتۆتە ناوەڕاسـتی خۆیانـەوە، بـە پرسـیار و تووڕەبـوون و هەڕەشـە، گەمارۆیـان داوە، ئەمـە ترسـێکی راسـتەقینە دەخاتـە دڵـی کانییـەوە و واهەسـت دەکات دەیانـەوێ بیکـوژن، دەیـەوێ بقیژێنـێ، هـاوار دەکات و دەیـەوێ هەڵبێـت، ئەمانیـش دەمـی دەگـرن و بـە پەڕۆیـەك دەمـی دەبەسـتنەوە و بـە شـێوەیەکی تەمومـژاوی کاری کوشـتنەکە ئەنجـام دەدرێ. بـەڵام لـە گێڕانـەوەی دووەمـدا، ئـەو خێزانـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە نیـازی کوشـتنی کانـی بـوون بـە بیانـووی "بەرگریکـردن لـە شـەرەف"، پیلانیـان بـۆ کوشـتنی داڕشـتووە، بەپێـی لێکۆڵینـەوەی پۆلیـس لـە رووداوەکـە، هـەر ئـەو ئێوارەیـەی زانـا کانیـی رادەسـت کردوونەتـەوە، لـە رێـگادا دەسـت و قاچـی کانییان بـە پـەت و وایـەر بەسـتۆتەوە و بردوویانەتـە شـوێنێکی دەرەوەی شـار و خنکاندوویانـە، پاشـان فڕێیانداوەتـە نێـو جۆگـە ئاوێکـەوە و بەجێیانهێشـتووە. بـۆ رۆژی دوایـی شـوانێك لاشـەکەی دەبینێـت و پۆلیسـی لێئـاگادار دەکاتـەوە. پـاش لێکۆڵینـەوەی وردی پۆلیـس و دادگا، هەروەهـا بەپێـی ئاسـەواری کەرەسـتەکانی کوشـتن و دۆکیومێنتـەکان، دادگا بەپێـی رووداوە راسـتەقینەکانی گێڕانـەوەی دووەم، سـزای بەسـەر بکوژانـی کانـی سـەعیددا سـەپاندووە".

فەرەیـدوون هەسـتیکرد مامۆسـتا نەجیـب کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی جـۆری کوشـتنەکەوە، بـۆ ماوەیـەك بێدەنـگ بـوو. هـەر بـەو بێدەنگییـە لـە پیاسـەکردن بـەردەوام بـوون و هەردووکیـان خەیاڵیـان لـەلای کوشـتنی کانـی سـەعید بـوو.

(٧)

مامۆستا نەجیب کەمێك وەستا و سەیرێکی فەرەیدوونی کرد، بێدەنگییەکەی شکاند و وتی: "فەرەیدوون دڵم تەقی، هەر پێت نەوگووتم ئەو نهێنییە چییە کە هەمووانی تووشی شۆك کردووە، دەی پێم بڵێ دوای کوشتنی کانی سەعید، چ نهێنییەك ئاشکرا بوو؟".

فەرەیدوون وتی: "مامۆستا نەجیب، ئەگەر حەقیقەتەکەت بۆ ئاشکرا بکەم، لەوانەیە باوەڕ نەکەیت، یان لەوانەیە تۆیش دوچاری شۆك بیت".

مامۆستا نەجیب چیتر خۆی نەگرت و بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە وتی: "فەرەیدوون، تەواو تەحەمولم نەما. دەی نهێنییەکەم بۆ ئاشکرا بکە".

فەرەیدوون سەری داخست و هەناسەیەکی خەمئامێزی هەڵکێشا، سەری بەرزکردەوە و وتی:

"دوای کوژرانی کانی سەعید بەبیانووی شەرەف، کەچی...لە توبعەدلی و دوای پشکنینی پزیشکیی....دەرکەوت کە.....کانی..... ژن نییە.....بەڵکو کچە.....بەڵێ هێشتا کچە...".

ئەم رستەیە مامۆستا نەجیبی دوچاری حەپەسان و واقوڕمان کرد، ئەبڵەق بوو، هەر دەیڕوانییە فەرەیدوون، بێئەوەی وشەیەك بڵێ، لەشوێنی خۆیدا چەقی، باوەڕی بە گوێیەکانی خۆی نەدەکرد. چی دەبیستێت؟ فەرەیدوون چیدەڵێت؟ بە دەنگێکی کز و نیمچە نووساوەوە وتی:

"ئەوە تۆ دەڵێی چی فەرەیدوون؟ یانی چی کچ بوو؟ چۆن کانی سەعید بەبیانووی "شەرەف" و "نامووس" کوژراوەو کەچی لەکۆتاییدا دەردەکەوێت هێشتا کچە؟...یانی چی لەدوای دووجار شووکردن و جیابوونەوەی، هەر بە کچی ماوەتەوە؟".

فەرەیدوون وتی: "بەڵێ، ئەوە حەقیقەتی کانی سەعید بوو. چونکە بەپێی رۆژنامەکان

و دۆکیومێنتـەکان، لـەدوای کوشـتنەکەی و ئاشـکرابوونی ئـەوەی کـە کانـی هێشـتا کچـە، بـۆ سـەلماندنی ئـەو راسـتییە، پەیوەندییـان بـە مێـردی یەکـەم و مێـردی دووەمـەوە کـردووە، هەردووکیـان راسـتیی ئـەو حەقیقەتەیـان سـەلماندووە، هەردووکیـان دانیـان بـەوەدا نـاوە کانـی تـا سـاتی تەڵاقدانـی، هـەر کـچ بـووە، مێـردی دووەمـی بـە ئاشـکرا وتوویەتـی: لـە مـاوەی هاوسـەرگیریماندا نەیهێشـتووە لێـی نزیـك ببمـەوە".

فەرەیــدوون لاپەڕەکانــی یەکێــك لــە رۆژنامەکانــی دەســتی کــردەوەو لەســەر لاپــەڕەی ریپۆرتـاژدا وەسـتا، ئـەو بەشـەی بـۆ مامۆسـتا نەجیـب خوێنـدەوە کـە نـووسراوە: کانی سـەعید نـە لەگـەڵ مێـردی یەکـەم و نـە لەگـەڵ مێـردی دووەم و نـە لەگـەڵ هیـچ پیاوێکـی تـردا سێکسـی نەکـردووە.

مامۆسـتا نەجیـب بـۆ سـەلماندنی ئـەو راسـتییە، باسـی ئـەو گـرێ دەروونییانـەی کـرد کـە لـە کۆمەڵگـەی نەریتپارێـزی و دواکەوتـوودا دوچـاری کچـان دەبێـت، بـەو پێیـە بەشـێك لـە کچـان، لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ پیـاوان و سـێکس دەترسـن، سـڵ لـە هاوسـەرگیری دەکەنـەوە، ئـەو گـرێ دەروونییـە دەبێـت بـە نەخۆشـی و لەهەندێکیانـدا تـا کۆتایـی ژیـان تیایانـدا دەمێنێتـەوە، تەنانـەت شـووش بکـەن، هـەر ناتوانـن لەگـەڵ مێردەکانیانـدا سـەرجێیی بکـەن. دەشـێت کانـی سـەعید بـە هەمـان دۆخـدا تێپەڕیبێـت.

مامۆسـتا نەجیـب ئەمجـارە بـە دەنگێکـی گـڕ و بـەرزەوە وتـی: "لـە بەنـدی دووەمـی جـاڕی گەردوونیـی مافەکانـی مرۆڤـدا هاتـووە: "هەمـوو خەڵکـی لـە کەرامـەت و مافەکانـدا یەکسـانن، هەمـوو مرۆڤێـك، بەبـێ جیـاوازی، مافـی ژیـان و ئازادییەکانـی هەیـە". هەمـوو چەشـنەکانی کوشـتنی ژنـان تاوانـە. کوشـتن بەبیانـووی شـەرەف، یـان بـە هـەر بیانوویەکـی تـر، تاوانـە. کانـی سـەعید بـۆ خۆپاراسـتن، شـەڕێکی سـەختی لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا کـردووە. بەداخـەوە بـە دەسـتی نەزانیـن و نەریتـی خێـڵ و ئەقڵـی قفڵـدراو دەکوژرێـت. ئەمـە چ کۆمەڵگەیەکـە وا بەئاسـانی ژن دەکوژرێـت؟".

(٨)

مامۆستا نەجیب لەسەر نووسینەوەی تێزی دکتۆراکەی بەردەوام بوو، بەشێکی تەرخانکردبوو بۆ کۆمەڵگەی ژنکوژ، یان ئەو ژنانەی بە بیانووی شەرەف دەکوژرێن. بە پێی هەردوو میتۆدی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، شیکردنەوەیەکی زانستیی بۆ ئەو دیاردەیە کردبوو، چەمکی "شەرەف"ی لەڕووی زانستی مێژوویی و لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا شیکردبووەوە. گەیشتبووە کۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگ.

لە یەکێك لە خاڵەکانی ئەو دەرئەنجامەدا دەڵێ: شەرەف پەیوەست نییە بە جەستەی ژنەوە، رەوشت نابێت بە پێوەر بۆ جەستەی ژن و رەوشت. جەستەی ژن و شەرەف دوو چەمکی زۆر جیاوازن، ئەوە نەریتی کۆمەڵایەتییە هەوڵدەدات ئەو دوو چەمکە پێکەوە گرێ بدات. لێرەدا شەرەف دەبێتە کۆدێك بۆ کۆیلەکردنی ژن. "شەرەف" و "شوورەیی" و "حەیاچوون" نیشتەجێی جەستەی ژنان نین. کاتێك بەهای ئینسان پێشێل دەکرێت و ئازادییەکان دەکوژرێن، نەریتە کۆنەکانی پیاوسالاری زاڵدەبن و ژن دەبێت بە بوونەوەرێکی لاواز و گومانلێکراو، لێرەدا جەستەی ژن دەبێت بە شەرەفی پیاو. ئەمە کۆمەڵگە بەرەو نەهامەتییەکی گەورە دەبات. لەو چەشنە نەریتانەدا هیچ چەشنە ئازادییەك نایەتە دی، بەتایبەتی ئازادیی تاکەکەس کە بنەمای سەرجەم ئازادییەکانی ترە، لەوانە ئازادیی ژنان.

شەرەف و رەوشت بریتین لە کار و ئاکاری ئینسان خۆی، رەوشت بریتییە لە گیانی مرۆڤدۆستی و یارمەتیدانی ئەوانیدی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، لەپێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەراندا کە دوا ئامانجی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. بەڵام ژنکوشتن لەکوێی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدایە؟

پێشکەوتنە خێراکانی کۆمەڵگە و دنیای مۆدێرن، تێگەیشتنی شەرەف و رەوشتیان گۆڕیوە، ئەمڕۆ دنیا باسی ئازادی و مافەکان دەکات، نەك شەرەف و رەوشت بە مانا

خێڵەکییەکەی، ئەمڕۆ کۆمەڵگەکان هەوڵی پێشکەوتنی ژیان و پەروەردەیەکی مۆدێرنانەی نەوەکان دەدەن، نەك ژنکوشتن.

پێویستە ئەم چەمکانە لە دروشمی نووسراوەوە بگۆڕدرێن بۆ کردار و پراکتیك. تا ئازادیی ژیان و ئازادیی هەڵبژاردن لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا بنجداکوتن، کۆتکردنی ژنان و بەزۆربەشوودان و هاوسەرگیریی پێشوەخت و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بنەبڕ بکرێن، تا ئایین و نەریت نەبن بە بیانوویەك بۆ خۆدزینەوە لە تاوانی کوشتنی ژنان. تا ژنکوشتن وەك تاوانێکی گەورە تەماشا بکرێت و بکوژەکە توندترین سزا بدرێت. تا چیتر کانی سەعیدەکان نەکوژرێن.

- ناو و شوێنی کەسایەتیەکانی ئەم چیرۆکە خوازراوە

# تاریکی لەنێو تاریکی

(١)

خاتـوو شـاناز، کـە پارێـزەری کەیسـی کوشـتنی "نیـان رەمـەزان غەفور" بـوو، پەڕاوەکانی سـەر مێزەکـەی پێچایـەوە و دەسـتی "ئازیـز مەحەمـەد"ی گـرت و گووتـی: "بابچینـە ژوورەکـەی خـۆم". ئازیـز مەحەمـەد، خوێندکارێکـی چالاکـی دوا قۆناغـی زانکۆ بـوو، لـە دادگادا راهێنانی هەبـوو، دەیویسـت شـارەزایی زیاتـر لەسـەر چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کەیسـەکاندا پەیـدا بـکات، ئـەو خواسـتی ئـەوەی هەبـوو لەبـواری پسـپۆرییەکەی خۆیـدا زانیـاری و ئەزمـوون کۆبکاتـەوە، تـا هەرچـی زیاتـر بتوانـێ لەرێگـەی کەمکردنـەوەی بەکارهێنانـی توندوتیـژی، لەلایـەك خزمەتـی کۆمەڵگەکـەی بـکات، لەلایەکـی تـر ئەمـە ئامانجـی هەمـوو ئـەو کەسـانەیە کـە مامەڵـە لەگـەڵ کەیسـدا دەکـەن. ئازیـز هەنـدێ سـەرچاوەی لەسـەر توندوتیژیـی خێزانـی و شـێوەکانی تـری توندوتیـژی خوێندبـووەوە، تـا ئەندازەیەکـی بـاش دەیزانـی سـەرچاوە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانـی بەکارهێنانـی توندوتیـژی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا چیـن. توێژینـەوەی دەرچوونـی لـە زانکـۆدا، کـە هێشـتا سـەرقاڵی نووسـینەوەی بـوو، لەسـەر هەمـان بابـەت بـوو: بنەمـا دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانـی توندوتیـژی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا. بـەڵام ئـەم کەیسـە، دوچـاری حەپەسـان و سەرسـوڕمانی کردبـوو.
ئەمـە یەکـەم دانیشـتنی دادگا بـوو لەسـەر کوشـتنی نیـان رەمـەزان کـە ئازیـزی خوێنـدکار ئامـادەی ببـوو، پێشـتر چەندیـن دانیشـتنی دیکـە کرابـوو، وتـەی تاوانبارەکـە و کەسـوکاری کوژراوەکـە وەرگیرابـوو. ئازیـز سـەری لـەوە سـوڕمابوو، چـۆن دەشـێت شـتێکی لـەو چەشـنە رووبـدات، چـۆن ئەقـڵ دەیگرێـت مرۆڤێـك تاوانێکـی لـەو شـێوەیە ئەنجـام بـدات، ئاخـر زۆر سـەیرە کوڕێـك جورئەتـی ئـەوە بـکات دەسـتدرێژیی سێکسـی بکاتـە سـەر خوشـکەکەی،

چـۆن توانیویەتـی کارێکـی قێزەونـی لـەو چەشـنە ئەنجـام بـدات، دواجاریـش تەنهـا خوشـکەکەی دەبێـت بـە قوربانـی.

ئازیـز بـەو ئەزموونـە کەمـەی ژیانییـەوە، بـە حەپەسـانەوە سـەیری شـانازی دەکـرد و هێشـتا شـۆکی ڕووداوی نێـو کەیسـەکەی کوشـتنی نیـان ڕەمـەزان بـەری نەدابـوو، پەلـەی بـوو لەوەی وردەکارییەکانـی ڕووداوی نێـو کەیسـەکە بزانێـت، بۆیـە بـە شـپرزەییەوە پرسـی: "ئەزانـی خاتـوو شـاناز، سـەرم سـوڕماوە چـۆن دەبـێ شـتی وا ڕووبـدات، لـە چ زەمـان و زەمینێکـدا تاوانـی وا گـەورە ئەنجـام دراوە، لـە کام کۆمەڵگـە و لـە چ ژینگـەو شارسـتانیەتێکدا ئـارەزووی بـرا بـۆ خوشـك جـووڵاوە، بەڕادەیـەك دەسـتدرێژیی سێکسـیی بکاتـە سـەر، دواییـش ئـەو کچـە غەدرلێکـراوە بەدەسـتی برایەکـی دیکـەی، لەسـەر هەمـان ڕووداو، بکوژرێـت؟".

شـاناز کتریـە کارەباییەکـەی داگیرسـاند و گووتـی: "پەلـە مەکـە ئازیـز، بـا سـەرو چاییـەك بخۆینـەوە، ئێسـتا وردەکارییەکانـی کوشـتنی نیـان ڕەمەزانـت بـۆ دەگێڕمـەوە". هەسـتا و بۆکـس فایلێکـی گـەورەی لـە جامخانەکـە دەرهێنـا، بۆکـس فایلەکـەی کـردەوە و تەماشـای دۆسـییەکانی دەکـرد، دۆسـییەکی تـری دەرهێنـا کـە دەربـارەی هەمـان بابەتـی کوشـتنی ژنـان بـوو بەبیانـووی نامـووس و شـەرەف، بـۆ ئـەوەی لـە ماڵـەوە لەگـەڵ کەیسـی کوشـتنی نیـان ڕەمەزانـدا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بـکات. ڕووی کـردە ئازیـز و گووتـی: "ئەزانـی ئازیـز، ئـەم بۆکـس فایلـە پـڕە لـە کەیسـی جۆراوجـۆری کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف؟ سـاڵانێکی دوورودرێـژە سـەرقاڵی ئـەم جـۆرە کەیسـانەم و ڕووداوی سـەیر و سـەمەرە و سەڕسـوڕهێنەری تیادایـە".

ئازیـز گووتـی: "شـانازخان گیـان، دەزانـم کۆمەڵگـەی ئێمـە پـڕە لـە تاوانـی لـەو چەشـنە، بێئـاگا نیـم لـەوەی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا بـە هـۆکاری جیـاواز ژنـان دەکوژرێـن، ئـاگاداری ئاسـتی هۆشـیاریی بەشـی هـەرە زۆری پیاوانـم چـۆن دەڕواننـە ئافرەتـان، چـۆن بـە چاوێکـی نزمـەوە سـەیری خـودی ئافرەتـان و جەسـتەی ژن دەکـەن، وەکـو کاڵایـەك بـۆ چێـژی خۆیـان مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـەن، بـەڵام ئـەم کەیسـە سەرسـوڕهێنەرە، دوچـاری شـۆکی کـردووم".

(٢)

شـاناز بـەدەم تێکردنـی دوو کـووپ چاییـەوە، ئاهێکـی هەڵکێشـا و کەمێـك سـەری بـادا و گووتـی: "ئازیـز گیـان تـۆ چیـت بینیـوە، جـارێ لەسـەرەتادایت، دادگا پـڕە لـە کەیسـی هەمەجـۆر و لـە تاوانـی سەرسـوڕهێنەری لاقەکردنـی ژنـان و پاشـان کوشـتنیان، پـڕە لـە کەیسـی سێکسـی مەحـرەم، کاری تـۆ ئەوەیـە ئەزمـوون و شـارەزاییەکانی خـۆت لـەو بـوارەدا دەوڵەمەنـد بکەیـت، ئیـتر خـۆت بـۆ کەیسـی سـەیرتر و شـۆکی زیاتـر ئامـادە بکـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە ئـەو رووداوانـە لـەڕووی دەروونییـەوە بەشـێوەیەکی خـراپ کارت تێنەکـەن، بەڵکـو بـە هێمنـی مامەڵـە لەگـەڵ کەیسـەکاندا بکـە، تـا بەشـێوەیەکی ئەقڵانـی بیریـان لێبکەیتـەوە، لەدواییـدا خۆیشـت لەگـەڵ رووداوە شـۆکئامێزەکانی نـاو کەیسـەکان ڕادێیـت".
ئازیـز بـە دەروونێکـی خەمبـارەوە قومێکـی لـە چاییەکـە دا و گووتـی: "سـەیر ئەوەبـوو تاوانبارەکـە بـە ئەعسـابێکی سـاردەوە قسـەی دەکـرد، بەجۆرێـك دەدوا وەك ئـەوەی تاوانـی ئەنجـام نەدابێـت، پەشـیمانبوونەوەی پێـوە دیـار نەبـوو".
شـاناز گووتـی: "ئەمـە هەسـت و هۆشـیاریی بەشـێك لـە پیاوانـی ئێمەیـە کـە هێشـتا بـە دیدێکـی پـڕ لـە هەڵـە و زۆر دواکەوتووانـە تەماشـای ئافـرەت و سـێکس و جەسـتەی ژن دەکـەن، بـە مێشـکێکی چەقبەسـتوو، بـە شـانازی و قەناعەتـەوە ئـەو جـۆرە تاوانانـە ئەنجـام دەدەن".

ئازیـز قسـەکەی شـانازی سـەلماند و گووتـی: "بـەڵام ئەمـە پێویسـتیی بـە چاکسـازییەکی راسـتەقینە هەیـە، کۆمەڵگـەی ئێمـە لەسـەرەتای مۆدێرنـە و مەدەنییەتدایـە، رێکخـراو و هۆیەکانـی راگەیانـدن و شـێوازی هەمەچەشـن هـەن، بـۆ چاکسـازی و هۆشـیارکردنەوەی

گەنجـان لـە ئاسـتی مەسـەلەکانی سـێکس و ئازادییەکانـی تـاك و مافـی ژنـان".
ئازیـز کتێبێکـی بەدەسـتەوە بـوو، پیشـانی خاتـوو شـانازی دا، کتێبی (شـەرەف: تـاوان، چەمك، توندوتیـژی بەرانبـەر بـە ژن) کـە بریتییـە لـە کۆمەڵـێ بابـەت دەربـارەی توندوتیـژی دژی ژنـان و تاوانەکانـی شـەرەف، لەلایـەن چەندیـن نووسـەرەوە ئامـادە کـراوە و وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی. شـاناز سـەیرێکی کتێبەکـەی کـرد، گووتـی: "وەختـی خـۆی ئـەم کتێبـەم هەبـوو، نازانـم کـێ بـردی، کتێبێکـی گرنگـە، حـەز دەکـەم لەدواییـدا بمدەیتـێ تـا جارێکـی دیکـە بیخوێنمـەوە"، ئازیـز بـە خۆشـحاڵییەوە گووتـی: "بەچـاوان، بـەڵام ئێسـتا ئـەم کتێبـەم وەك سـەرچاوەی توێژینەوەکـەم پێویسـتە، دوای تەواوکردنـی توێژینەوەکـە، بێگومـان دەتدەمـێ. ئـەم کتێبـە سـارا حسـێن و لین وێڵشـمان سەرپەرشـتییان کـردووە، پاشـان گرووپێك وەریانگێـڕاوە، ئـەم کتێبـە بەشـێکە لـە سیاسـەتی حکومەتـی هەرێـم بـۆ دروسـتکردنی هۆشـیاریی گشـتی لەبـارەی ئـەو کوشـتن و تاوانانـەی بەنـاوی شـەرەفەوە ئەنجـام دراون. بـۆ توێژینەوەکـەم زۆرم سـوود لێبینیـوە و هانـی هاوڕێکانیشـم دەدەم بیخوێننـەوە. حـەز دەکـەم هەمـوو کەسـێك ئـەم کتێبـە بخوێنێتـەوە، بەتایبەتـی گەنجانـی ئێمـە. چونکـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتیی تێدایـە لەسـەر تاوانەکانـی کوشـتنی ژنـان بەبیانـووی پاراسـتنی شـەرەف لـە کوردسـتان و پاکسـتان و هیندسـتان و ئەفغانسـتان و میـسر و ئـوردن و زۆربـەی وڵاتانـی عەرەبـی، هەروەهـا بابەتـی تیادایـە لەسـەر چاکسـازی و هۆشـیاریی کۆمەڵایەتـی، پێشـنیازی چارەسـەرەکانیش کـراوە".
شـاناز دەسـتی ئازیـزی گـرت و گووتـی: "ئافەریـن ئازیـز، دڵخۆشـم بـەوەی کەسـانی وەکـو ئێـوە هـەن و لـە خەمـی ئـەم مەسـەلە گرنـگ و چارەنوسسـازەدان، دڵـم خۆشـە کـە دەبینـم کەسـانی وەکـو تـۆ بـە جـدی هـەوڵ بـۆ بنەبڕکردنـی توندوتیـژی دژی ژنـان و کوشـتن بەبیانـووی شـەرەف دەدەن، دەزانـم و ئـاگام لێیـە ژمارەیەکـی زۆر لـە پیـاوان و گەنجانـی ئێمـە بـە هۆشـیارییەوە کار بـۆ ئـەم مەسـەلەیە دەکـەن، بەشـێکی زۆر لـە گەنجانـی ئێمـە هۆشـمەندن و دەخوێننـەوە و ئاسـتێکی رۆشـنبیریی بەرزیـان هەیـە، تێدەگـەن مافـی مـرۆڤ و مافـی ژن و مافـی منـداڵ چییـە، ئازیـز گیـان ئـەم گەنجانـە هـەر لەنـاو زانکۆکانـدا نیـن،

بەڵکو لـە هەمـوو شـوێنێك و لـە هەمـوو ناوەندێكـدا کەسـانی وا زۆرن کـە دژی تاوانـی کوشـتنی ژنـان دەوەسـتنەوە، سـا ئـەو کوشـتنە بەهـەر بیانوویـەك بێـت، بۆیـە گەشـبینم و دەزانـم کۆمەڵگـەی ئێمـە هەنـگاوی سـەرکەوتووانە دەنێـت بـەرەو کۆمەڵگەیەکـی پێشـکەوتوو، مۆدێـرن و مەدەنـی".

ئازیـز بـە دوو چـاوی گەشـەوە سـەیری شـانازی کـرد و گووتـی: "منیـش زۆر گەشـبینم بـە ئاینـدەی خۆمـان، ئـاگام لێیـە رۆژ لـەدوای رۆژ ژمـارەی ئـەو کەسـانە زیـاد دەکات کـە پاڵپشـتی ئـەم مەسـەلەیەن. شـانازخان گیـان ئێسـتا بـۆم بـاس بکـە، بەسـەرهاتی کوشـتنی نیـان رەمـەزان چـۆن بـووە؟".

شـاناز فایلـی کەیسـەکەی کوشـتنی نیـان رەمەزانـی کـردەوە، سـەیرێکی لاپەڕەکانـی کـرد، گووتـی: "باشـە ئازیـز، گـوێ بگـرە، بـا ئـەم بەسـەرهاتەت بـۆ بگێڕمـەوە، بـەڵام بیـرت نەچـێ ئـەم کەیسـە نهێنییـە و دەبـێ جـارێ لـەلای تـۆ بـە نهێنـی بمێنێتـەوە".

ئازیـز زیاتـر لێـی نزیـك بـووەوە و بـە دڵنیاییـەوە گووتـی: "بێگومانبـە خاتـوو شـاناز گیـان، بەمسـۆگەری ئـەم کەیسـە بـە نهێنـی دەمێنێتـەوە. ئێمـە لـە زانکـۆدا وانەیەکـمان هەیـە دەربـارەی چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کەیـس، هەمیشـە مامۆسـتاکانمان لـە پاراسـتنی نهێنیـی کەیسـەکان ئاگاداریـان کردووینەتـەوە، بەتایبەتـی لـە کاتـی راهێنانـدا نابێـت نهێنییـەکان ببەینـە دەرەوە، مەبەسـتم ئەوەیـە دەزانـم مەرجەکانـی چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کەیـس و چۆنێتیـی هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ خـاوەن کەیسـەکەدا چییـە".

(٣)

شاناز جۆری دانیشتنەکەی رێك کردەوەو رووی لە ئازیز کرد و گووتی:

تەمەنـی نیـان رەمـەزان ١٥ سـاڵان بـوو کاتێـك هۆزانـی بـرای بـە چەقـۆ پەلامـاری دا و کوشـتی، ئەمـە پـاش ئـەوەی زانـای بـرای، دەسـتدرێژیی سێکسـیی کردبـووە سـەری و

گوایە هۆزانیش بەهۆی ئەو کردەوەیەوە قینێکی زۆری لەدڵدا هەڵگرتووە، هەستی بە شەرمەزاری کردووە، لەبری ئامۆژگاری و پیشاندانی رێگەی راست، کەچی چەندین جار بەشێوەیەکی زۆر خراپ لە خوشکەکەی داوە، تا دواجار کوشتوویەتی، مەسەلەکە کەمێك ئاڵۆزە و جاریّ لە لێکۆڵینەوەدایە، هێشتا هەر هەموو سەرەداوەکان ئاشکرا نەبوون، بەڵام ئێستا هەردوو براکە دەستگیر کراون و لەژێر لێکۆڵینەوەدان. واتە برایەکی دەستدرێژیی سێکسیی کردۆتە سەری و براکەی دیکەی کوشتوویەتی، هەردووکیان لە زینداندان، سەیر ئەوەیە بکوژەکە خۆی بە تاوانبار نازانێت. تۆ لەدواییدا لەو هۆکارانە بکۆڵەرەوە کە بۆچی ئەو گەنجە، لەدوای ئەنجامدانی تاوانێکی قێزەون و گەورە، کەچی خۆی بە تاوانبار نازانێت، ئەو مێشکە چییە و ئەو ئەقڵە چۆن بیر دەکاتەوە، بزانە ئەوە چۆن مێشکێکە کە بەباوەڕێکی تەواوەوە بە بیانووی پاراستنی شەرەف، دەستی دەچێتە کوشتنی خوشکەکەی.

خێزانەکەی نیان رەمەزان هەشت کەس بوون، دایك و باوك و سێ برا و سێ خوشك، خوشکە گەورەکەی شووی کردووە و لەماڵی خۆیدایە، براکانیشی یەکێکیان بچووکە و دوانەکەی دیکە گەورەن، بەڵام هاوسەرگیرییان نەکردووە، ئەم خێزانە لەنێو خانوویەکی بچووکی دوو ژووریدا دەژین، بەکرێ لەو خانووەدا نیشتەجێن، واتە خانووی خۆیان نییە، دەرامەتیان باش نەبوو، منداڵەکان هەموویان لەیەك ژووردا دەنووستن، بەهۆی کەمدەرامەتیشەوە دووکوڕە گەورەکە قوتابخانەیان تەواو نەکردووە، خەریکی کاسبیی ناو بازاڕن.

کێشەکەی نیان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە یەکێك لە برا گەورەکانی، بەناوی زانا، دەستدرێژیی سێکسیی کردۆتە سەری، نیانیش لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا بوو، بەڵام زانا تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، واتە زانا لەرووی یاسایی و فسیۆلۆجی و مێشك و ئەقڵەوە، کەسێکی هۆشیار و بە ئاگایە و دەزانێ چی دەکات، دەزانێت ئەو جۆرە کارانە تاوان و قەدەغە و حەرامن، کەچی تاوانێکی قێزەونی دەرهەق بە خوشکەکەی ئەنجام داوە، بۆیە هەموو سزایەك دەیگرێتەوە، برا بکوژەکەیشی، هۆزان،

ئەویـش بەهەمـان شـێوە هەمـوو سـزایەك دەیگرێتـەوە، تـا سـزای لەسـێدارەدان.
دوای ئاشـکرابوونی تاوانـی دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر نیـان لەلایـەن زانـای برایـەوە، ژیانـی نیـان کەوتۆتـە مەترسـییەوە، لەترسـی کوشـتن لەماڵـەوە هەڵاتـووە، لەرێگـەی ناسـیاوێکیانەوە خـۆی گەیاندۆتـە یەکێـك لـە سـەنتەرەکانی داڵدەدانـی ژنانی هەڕەشـەلێکراو، بـۆ ماوەیـەك لـە شـێڵتەردا ماوەتـەوە، بـەڵام لەدواییـدا، لەسـەر قسـەو بەڵێنی کەسوکارەکەی، کـە وتبوویـان نیـان هیـچ کێشـەیەکی نەمـاوە و بـا بگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، بەڕێوەبـەری شـێڵتەرەکەش بـە بەڵێننامەیەکـی فەرمـی ڕەوانـەی ماڵـەوەی دەکاتـەوە، کەچـی لـەدوای چەنـد ڕۆژێـك، هۆزانـی بـرای کـە زانیویەتـی باوکـی لـە ماڵـەوە نییـە و چـووە بـۆ نوێـژ، دەرفەتـی هێنـاوە و بەچەقـۆ پەلامـاری داوە، بەپێـی پشـکنینی پزیشـکی و دانپیانانـی تاوانبارەکـە، دەرکەوتـووە هـۆزان بـە دوو جـۆر چەقـۆ نیانـی کوشـتووە، یەکێك لـە چەقـۆکان لـە شـان و ملـی نیانـدا شـکاوە، کەچـی هـۆزان وازی نەهێنـاوەو چەقۆیەکـی گەورەتـری هێنـاوە و بـە چـوار لێدانـی دیکـە بەشـێوەیەکی دڕندانـە کوشـتوویەتی.
لـە یەکێـك لـە دانیشـتنەکانی دادگادا، قسـەی مـام ڕەمەزانـی باوکـی نیـان وەرگیـراوە، بـە خەمبارییـەوە باسـی کوشـتنەکەی کـردووە، وتوویەتـی: "بـۆ نوێـژی نیـوەڕۆ لـە مزگـەوت بـووم، دواتـر زانیـم هـۆزان بـە چەقـۆ نیانـی کوشـتووە، درەنگتریـش هـۆکاری کوشـتنەکەم زانـی، مـن لەهەموویـان داماوتـر و وێرانـترم، چونکـە مـن باوکـم، بکوژەکـە و کوژراوەکـەش هەردووکیـان ڕۆڵـەی منـن، منداڵەکانـم بـۆ وا دەکـەن؟ بۆچـی ئابـڕووم دەبەن؟"، ئیتر دەسـتی کـردووە بەگریـان، بـە فرمێسـك و هەناسـەبڕکێوە خـەم و ناسـۆرەکانی خـۆی دەردەبـڕی.
لەکاتـی وەرگرتنـی قسـەی دایکـی نیانـدا، بەشـێکی تـری لـە ڕووداوی تاوانـی کوشـتنەکە ئاشـکرا کـردووە، ئـەو وتویەتـی: "کاتێـك هـۆزان بـە چەقـۆ پەلامـاری نیانـی دا، مـن لـە ماڵـەوە بـووم، گوێـم لـە دەمەقاڵێـی هـۆزان و قیـژەی نیـان بـوو، بـە هەڵـەداوان خـۆم گەیانـدە لایـان، بینیـم هـۆزان چەقۆیەکـی بەدەسـتەوەیە و دەیـەوێ پەلامـاری نیـان بـدات، خەریکبـوو هەنـاوم بێتـە دەرێ، قیژانـدم و یەکسـەر باوەشـم بـە کوڕەکەمـدا کـرد و گووتـم ئامانـە نەکەیـت، بیکـە بـە خاتـری خـوا وازی لێبێنـە و ئـەم تاوانـە ئەنجـام مـەدە، چـۆن

دەسـتت دەچێتـە کوشـتنی خوشـکەکەت، مـن لـەم قسـانەدا بـووم و هۆزانـم گرتبـوو، نیـان بـە دەرفەتـی زانـی و هـەڵات، خـۆی کـرد بـە ماڵێکـی دراوسـێماندا، لـەوێ هـاواری فریاکەوتنـی کردبـوو، بـەڵام هـۆزان خـۆی راپسـکاندو دوای نیـان کـەوت، زانـی خـۆی کـردووە بـەو ماڵـەدا، ئیـتر چۆتـە ژوورەوە و دیسـان پەلامـاری نیانـی داوەتـەوە، هـەر لەوێـدا چەنـد چەقۆیەکـی پیـا کێشـاوە، ژنـی ماڵەکـە هەرچەنـد ویسـتوویەتی رێگریـی لێبـکات، نەیتوانیـوە، نیـان بـە خەسـتی برینـدار بـووە، دراوسـێکان بـە پەلـە گەیاندوویانەتـە خەسـتەخانە، بـەڵام بەداخـەوە، لـەوێ گیانـی لەدەسـتدا".

کاتێکیـش لـە دادگادا قسـەی بکوژەکـە وەرگیـرا، ئـەو زۆر بـە راشـکاوی دانـی بـە تاوانەکەیـدا نابـوو، بـە هێمنـی و بـە ئەعسـابێکی ساردەوە تەفاسـیلی کوشـتنەکەی دەگێڕایـەوە، بـەڵام دانـی بەوەشـدا نـاوە کـە لـە سـەرەتادا نەیویسـتووە بیکوژێـت، واتـە پلانـی پێشـوەختی بـۆ کوشـتنی دانەنـاوە، بـەڵام وردە وردە و لەدواییـدا گەیشـتۆتە ئـەو قەناعەتـەی پێویسـتە خوشـکەکەی بکوژێـت. بێگومـان بـە هـۆکاری دەرەکـی، واتـە لەژێـر کاریگەریـی قسـەو قسـەڵۆکی خەڵکـی، تانەوتەشـەر و پـلاری ئـەم و ئـەو، تێڕوانینـی خەڵکـی بـۆ ئـەو دەسـتدرێژییەی کراوەتـە سـەر خوشـکەکەی، باسـکردنی ئـەم مەسـەلەیە لەنێـو کەسـوکار و دراوسـێ و خەڵکیـدا بـە ڕادەیەکـی زۆر و شـەرمهێن وەك خـۆی دەڵـێ، ئیـتر ئـەم قسـانە کاریگەرییەکـی زۆر خراپیـان لـە دەروونیـدا جێهێشـتووە، جـا لەبەرئـەوەی خۆیشـی هۆشـیارییەکی نزمـی هەیـە و تێگەیشـتنێکی هەڵـەی لەسـەر چەمکـی "شـەرەف" هەیـە، بـڕوای بـە شـتنەوەی ئابـڕوو و بـە کۆمەڵـێ نەریتـی دواکەوتووانـەی کۆمەڵگـە هەیـە کـە پێـی وایـە بـە کوشـتن ئابڕووچوونەکـەی نامێنێـت، ئیـتر گەیشـتۆتە ئـەو قەناعەتـەی تاوانەکـە ئەنجـام بـدات. بۆیـە دەڵێـم بـە قەناعەتـەوە تاوانەکـەی ئەنجـام داوە، چونکـە بـە ئاشـکرا وتوویەتـی خـۆم بـە تاوانبـار نازانـم، دابونەریتـی کۆمەڵگـەم جێبەجـێ کـردووە.

ئازیـز گیـان، ئـەم جـۆرە کەسـانە مێشـکیان قفڵـدراوە، دابونەریتـی دواکەوتووانـەی کۆمەڵگـە مێشـکی قفـڵ داون، بـە جۆرێـك پێیـان وایـە تاکـە چارەسـەر بریتییـە لـە کوشـتنی ژنـان، ئـەو مێشـکە داخراوانـە وادەزانـن "شـەرەف" لـە رێگـەی ژنانـەوە لەکـەدار دەبێـت، بۆیـە دەبێـت

ئـەو "شـەرەفە" بپارێزرێـت، سا ئەگـەر "لەکـەدار بـوو"، ئـەوا دەبێـت تاوانـی کوشـتن ئەنجام بدرێـت، واتـە لایەنـە گرنگەکانـی رەوشـت فەرامـۆش دەکرێـن، تەنیـا "شـەرەف" دەبێتـە جێـی بایەخـی کۆمەڵگـەی نێرسـالاریی ئێمـە. مەسـەلەکانی تـری پەیوەسـت بـە رەوشـت، گرنـگ نیـن، وەکـو درۆ و فێڵکـردن و قۆڵبڕیـن و چەوسـاندنەوە، یـان دووفاقـی و دووڕوویـی و دوو زمانـی، خۆدزینـەوە لـە یارمەتیدانـی ئەوانیـدی، ئـەم شـتانە بـەلای بەشـێك لـە پیاوانـی نەریتخـوازی ئێمـەوە گرنـگ نیـن، ئـەوە گرنـگ نییـە کـە بەنـاوی ئایینـەوە چەنـد فێـڵ و بێڕەوشـتی ئەنجـام دەدات، تەنهـا بیـری لـەلای پاکیزەیـی ئافـرەت و "شـەرەف"ی ژنانـە. ئاخـر ئەمـە هۆکارێکـی گرنـگ و سـەرەکیی نەهامەتیـی ئێمەیـە، ئەمـە هۆکارێکـی راسـتەوخۆی دواکەوتنـی ئینسـان و کۆمەڵگـەی ئێمەیـە.

دەزانـی ئازیـز، تـا ئـەم سـاتەوەختەش، هیـچ سـکاڵایەك لەلایـەن کەسـە نزیکەکانـی نیـان رەمەزانـەوە لـە دژی تاوانبارەکـە نەدراوەتـە دادگا، تەنانـەت دایـك و باوکیشـیان، باوکـی نیـان دەڵـێ هەردووکیـان جەرگـی منـن و ناتوانـم سـکاڵا لـەدژی کوڕەکـەم تۆمـار بکـەم. واتــە بــە سـۆز بیــر دەکاتــەوە، لەوانەیشــە لەژێــر فشــاری قســەو قســەڵۆك و نەریتــی دواکەوتووانـەی کۆمەڵگـەدا ئـەو قسـانەی کردبـێ، دەنـا لەڕاسـتیدا سـۆزی بـاوك بـۆ کـچ سـۆزێکی راسـتەقینەیە، بـەو ئەندازەیـە سـارد و بێپـەروا نییـە. مـەرج نییـە بۆچوونەکـەی منیـش بـە ڕەهایـی راسـت بێـت، ئەمانـە هەمـووی بابەتـی توێژینـەوەن، بابەتـی توێژینـەوەی هەمەجـۆر و هەمەلایەنـن، پێویسـتە بـە زیـاد لـە رەهەندێکـەوە، توێژینـەوە لەسـەر ئـەم جـۆرە کەیسـە هەسـتیارانەدا بکرێـت.

شـاناز و ئازیـز، لـە درێـژەی قسـەکانیاندا، بیـروڕای جیاجیـان ئاڵوگـۆڕ کـرد، سـەبارەت بـە هۆکارەکانـی سێکسـی حـەرام و دەسـتدرێژیی سێکسـیی لەنێـو ئەندامانـی یـەك خێزانـدا، کـە لـە عەرەبیـدا پێیدەوترێـت: "زنـا المحـارم"، بـە ئینگلیـزی: Incest ، چەندیـن راسـتیی مێژوویـان خسـتەڕوو، ئازیـز هەوڵـی دەدا لـە هـۆکارە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەو رووداوە ناشـیرین و قێزەونـە تێبـگات.

شـاناز، بەپێـی زانیارییەکانـی خـۆی سـەبارەت بـە دەسـتدرێژی بـۆ سـەر کەسـانی پلـە یـەك،

رووی کـردە ئازیـز و گووتـی: "لەوەتـەی مـرۆڤ لەسـەر زەوی دەژی، قێـزی لـە سێکسـی حـەرام، واتـە سێکسـکردن لەگـەڵ کەسـانی نێـو هەمـان خێـزان، بۆتـەوە، ئینسـان هـەر لـە منداڵییـەوە فێـر دەبێـت و بـەو شـێوەیە پـەروەردە دەکرێـت و سـایکۆلۆجیای لەسـەر ئـەو حاڵەتـە رادەهێنرێـت کـە سێکسـی نێـو ئەندامانـی یـەك خێـزان قێـزەون و حەرامـە. سـەرجەم ئایدیـا، رەوت، فەلسـەفە، حیکمـەت و ئایینەکانـی دونیـا، مـرۆڤ لەسـەر ئـەوە رادەهێنـن کـە سێکسـی حـەرام قەدەغـە و قێزەونـە، تەنانـەت لەنێـو هـۆزە دێرینەکانـی ئەفریقیـا و ئاسـیای دوور و لەکاتـی ئاهەنـگ و کەرنەڤاڵـە پیرۆزەکانیانـدا، کـە سـاڵانە ئەنجامیـان دەدا و نێـر و مـێ تێکـەڵ دەبـوون، سێکسـی نێـو هەمـان خێـزان، قێزەونتریـن جـۆری سێکسـکردن بـووە و رێگـەی لێگیـراوە، هەمـوو فەلسـەفەو ئایینـەکان و هەمـوو کتێبـە ئاسـمانییەکان، نەفرەتیـان لـەم چەشـنە سێکسـە کـردووە، تەنانـەت ئایینـە سـەرەتاییەکانی بـەر لـە سـێ ئایینـە سـەرەکییە یەکتاپەرسـتییەکانیش نەفرەتیـان لێکـردووە و بـە تێکدانـی رەوشـت ژماردوویانـە. تەنانـەت هـۆزی (هیبـارد) کـە وەکـو مرۆڤـی سـەرەتایی دەژیـان، سێکسـی نێـو یـەك خێزانیـان حـەرام کردبـوو.

کاریگەریـی ئـەم تاوانـە لەسـەر قوربانییەکانـدا گەلێـك گەورەیـە، شـوێنەواری تاوانەکـە بەدرێژایـی ژیـان بەسـەر قوربانییەکـەدا دەمێنێتـەوە، هەنـدێ لـە قوربانییـەکان هەوڵـی خۆکوشـتن دەدەن، بـەردەوام دوچـاری خەمۆکـی و نارەحەتـی و شـەرم و نائارامـی دەبـن، نەخـۆش دەکـەون، بەشـێوەیەکی نائاسـایی قەڵـەو دەبـن و جەسـتەی خۆیـان فەرامـۆش دەکـەن، بگـرە رقیـان لـە جەسـتەی خۆیـان دەبێتـەوە، نایانـەوێ چیـتر جەسـتەیەکی سەرنجراکێشـیان هەبێـت، نایانەوێـت هیـچ پیاوێـك تەماشـایان بـکات. ئـەو ژنانـەی بـە منداڵـی دەسـتدرێژیی سێکسـییان کراوەتەسـەر، دوچـاری زەبـری دەروونـی دەبـن کـە بـە "تراومـای سێکسـی" ناودەبرێـت، دوچـاری شـۆکێکی قـووڵ دەبـن و هەسـت بـە برینێکـی دەروونیـی سـەخت دەکـەن، ئەمـەش بـە "سـتیگماتیزە" نـاو دەبرێـت و هەمیشـە هەسـت بـە دڵتەنگـی و نامۆیـی و مەلوولـی دەکـەن. لەراسـتیدا ئـەم جـۆرە تاوانانـە دەرئەنجامـی ترسـناکیان لێکەوتۆتـەوە، وەك: خەمبـاری، خەونـی ناخـۆش، شـەرمی بـەردەوام، گۆشـەگیری،

پچڕانــی شــیرازەی خێــزان، هەوڵــی خۆکوشــتن، جیابوونــەوە، هەســتکردن بــە کەمــی، خــۆ بەتاوانبــار زانیــن و چەندیــن نەخۆشــیی دەروونیــی دیکــە.

لـە شارسـتانیەتی نوێـدا و لـە ئەنجامـی تێکەڵبوونـی کولتـوور و رۆشـنبیریی گـەلان و نەتـەوە جیاجیاکانــدا، پەیوەندیــی نێــر و مــێ کرانەوەیەکــی گەورەتــری بەخۆیــەوە بینیــوە. چەنــد پلەیەکــی پەیوەندیــی خێزانــی هــەن کــە پەیوەندیــی سێکســی تیایــدا حــەرام و نەشــیاو و قەدەغەیــە، پلــەی خێزانــی بریتییــە لــە چــوار پلــە، لــە پلــەی چوارەمــدا هاوســەرگیری رێگەپێـدراوە، بـەڵام لـە پلـەی یەکـەم و دووەمـدا و هەروەهـا لـە سێیەمیشـدا بەهیـچ جۆرێك نابێــت هاوســەرگیری بکرێــت. پلەکانیــش بــەم شــێوەیەی خــوارەوە دەستنیشــان کــراون:

پلەی یەك لە خێزاندا: دایك، باوك، داپیرە، باپیرە، کوڕ، کچ، خوشك و برا.

پلـەی دوو لـە خێزانـدا: دایـك و باوکـی مێـرد، کـوڕ و کچـی کـوڕ، دایـك و باوکـی ژن، کـوڕ و کچــی کــچ، کــوڕی کچــی کــچ، کچــی کچــی کــچ، براکانــی ژن و پیــاو، داپیــرە و باپیــرەی ژن و مێــرد.

پلــەی ســێ: پــوور و مــام و خــاڵ، خاڵــۆژن و ئامــۆژن، کوڕەکانــی بــرا، مــام و ئامۆژنــی ژن و مێــرد، خــاڵ و خاڵۆژنــی ژن و مێــرد، کــوڕی براکانــی ژن و مێــرد، باپیــرە و داپیــرەی دایــك و باوکــی ژن و مێــرد.

پلــەی چــوار: کــوڕ و کوڕەزاکانــی بــرا، کــوڕ و کچــی مــام، کــوڕ و کچــی خــاڵ، کــوڕ و کچــی پــوور، مامــی دایــك و بــاوك، خــاڵ و پــووری دایــك و باوك،کوڕەکانــی مــام و پــووری ژن و مێــرد، کــوڕی کــوڕی بــرای ژن و مێــرد، مــام و پــوور و خــاڵ و خاڵــۆژن و ئامۆژنــی مێــرد، باپیــر و داپیــری ژن و مێــرد.

بــەڵام لــە پلــەی چوارەمــدا هاوســەرگیری لەنێــوان کــوڕان و کچانــی مــام و خــاڵ و پــووردا رێگەپێــدراوە".

ئازیــز هەڵوەســتەیەکی کــرد و کەمێــك کشــایە دواوە، پشــتی بــە کورســییەکەوە گیــر کــرد، ئاراســتەی بابەتەکــەی گــۆڕی و گووتــی: "زۆربــەی تاوانەکانــی کوشــتنی ژنــان لــەماڵــەوە لەنــاو خێــزان، یــان لــە دەرەوە لەشــوێنێکی چــۆڵ و دوور، ئەنجــام دراون، لــە زۆربــەی

حاڵەتەکانیشدا ئەو پاساوەی لەلایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەوە دەهێنرێتەوە، پەیوەندیی بە سێکسکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیرییەوە هەیە".

شاناز سەری لە ئازیز نزیک کردەوە و گووتی: "دەزانی ئازیز، تەنانەت زۆربەی ئەو پیاوانەی بەبیانووی پاراستنی شەرەف ژن دەکوژن، خۆیان لە دەرەوەی هاوسەرگیری، پەیوەندیی دیکەیان هەیە".

شاناز کەمێک کشایە دواوە، هاتە سەر باسکردنی بابەتێک کە پەیوەندیی بە توێژینەوەکەی ئازیزەوە هەیە: "بەڵام ئایا هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو چەشنە پەیوەندییە لە کۆمەڵگەی داخراودا چییە کە دەگاتە ئاستێك برا جورئەتی ئەوە بکات و ئارەزووی بۆ خوشکەکەی بجوڵێت و سێکسی لەگەڵدا بکات. ئاخۆ هۆکارەکەی تەنها ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی داخراوە؟ پەیوەندیی هەردوو رەگەز لە ئاستێکی نزمدایە و تێکەڵبوونیان لێ قەدەغە کراوە؟ ئاخۆ لەبەر ئەوەیە کچان و کوڕان تێکەڵ نابن و بێبەش کراون لە هەموو چەشنەکانی تێکەڵبوون؟ ئەگەر لە دەرەوەی خێزاندا بوار نەبێت ئارەزووی سێکسی بەتاڵ بکرێتەوە، ئەوا ئاراستەی ئارەزووەکە پێچەوانە دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەندامانی خێزانەکە؟".

شاناز گووتی ئەم پرسیارانە پرسیاری جدین، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد و توێژینەوەی زانستیی لەسەر بکرێت، پێویستە چاو لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو بکەین و سوود لە ئەزموونەکانی ئەوان وەربگرین.

(٤)

شاناز دەیویست مەسەلەی کوشتنی ژنان بەبیانووی شەرەف، گرێ بداتەوە بە هەندێ هۆکاری دیکە، یان دەیویست سەرچاوە و رەگوڕیشەکانی ئەم تاوانە بۆ ئازیز پتر روون بکاتەوە. بەحوکمی ئەوەی شاناز وەکو پارێزەرێك، ئەزموون و شارەزاییەکی

زیاتـری لـەو مەسـەلانەدا هەیـە و ئـاگاداری تاوانـی کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف لـە وڵاتانـی دیکـەی خۆرهەڵاتیشـدا هەبـوو، گووتـی: "بەداخـەوە بەشـی هـەرە زۆری ئـەو چەشـنە تاوانـە، لـە وڵاتانـی عەرەبی-ئیسـلامیدا، ئەنجـام دراون، بـەو پێیـەی تاوانـی شـەرەف بریتییـە لـە کوشـتنی ژنـان لەلایـەن بـاوك یـان بـرا، یـان مێـرد، لەسـەر ئەنجامدانـی کاری سێکسـی، یاخـود گومانـی ئەنجامدانـی کاری سێکسـی پێـش شـووکردن، یـان لـەدەرەوەی هاوسـەرگیریدا. سـەیر ئەوەیـە ئـەو کەسـانەی تاوانـی کوشـتنی ژنانیـان بـە بیانـووی شـەرەف ئەنجـام داوە، تەمەنیـان لەنێـوان ١٨ بـۆ ٢٥ سـاڵیدا بـووە، واتـە گەنـج بـوون، بۆیـە دەبـێ کەسـانی روناکبیـر و دەسـتەبژێری رۆشـنگەر و رێکخـراوە مەدەنییـەکان و حکومەتیـش کار بـۆ ئـەوە بکـەن گەنجـان هۆشـیار بکەنـەوە.

شـەرەف لـەو جـۆرە کۆمەڵگەیانـەدا بریتییـە لـەو رۆڵـە سێکسـییەی بـە ژن دراوە، تەنهـا ژن، نـەك پیـاو، واتـە پیـاو لـەوەدا ئـازادە کـە لـەدەرەوەی هاوسـەرگیری، یـان پێـش هاوسـەرگیری، سـێکس بـکات، بـەڵام ئـەم کارە بـۆ ژن، بەپێـی نەریتـی کۆمەڵایەتـی، سـزای کوشـتنی لەسـەرە. واتـە تەنهـا سـێکس دەبێتـە هـۆی شـکاندنی شـەرەف لەلایـەن مێینـەوە، نـەك رەفتـار و رەوشـت و بەهاکانـی دیکـە، سـا سێکسـی فیعلـی، یـان گومـان لـەوەی کـە سێکسـی کردبـێ. لێرەوە بـە ئاشـکرا دەردەکەوێـت کـە لـەو جـۆرە کۆمەڵگـە دواکەوتووانـەدا "شـەرەف" بەکارهێـنراوە بـۆ توونـدکردنـی دەسـەڵاتی پیـاو بەسـەر ژنـەوە. ئەمـە چەمکێکـی دیاریکـراوی رەوشـت و شـەرەفە لـەلای کەسـانی نەریتخـواز و دواکەوتـووی ئێمـە، واتـە رەوشـت و شـەرەف لـەلای ئێمـە تەنهـا سێکسـی ژنـان دەگرێتـەوە".

ئازیـز قسـەکەی بـە شـاناز بـڕی و گووتـی: "باشـە خاتـوو شـاناز گیـان، ئـەی سـەبارەت بـەو کەسـانە دەڵێـی چـی کـە لـە ئەوروپاشـدا دەژیـن و کەچـی لەوێشـدا لەسـەر شـەرەف ژنیـان کوشـتووە، نموونـەی لـەم چەشـنە کـەم نییـە، ئەوانـەی بـەرەو ئەوروپـا کۆچیـان کـردووەو سـاڵانێکی زۆرە لەوێـدا دەژیـن، کەچـی ئـەو تاوانانەیـان ئەنجـام داوە".

شـاناز جدیـتر درێـژەی بـە قسـەکانی دا و گووتـی: "ئازیـز گیـان ئاخـر ئـەو کەسـانە بـە هەمان ئەقڵییـەت و بـە پەیڕەوکردنـی هەمـان نەریتـی کۆمەڵایەتـی چوونەتـە ئـەو وڵاتانـە، کولتووری

کـراوەی وڵاتانـی پێشـکەوتوو کاری تێنەکـردوون، ئەزانـی بەپێچەوانـەی ئـەو حاڵەتانەشـەوە، ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆری پیاوانـی خۆرهـەڵات کـە کۆچیـان کـردووە و تێکـەڵ بـە کولتـووری کۆمەڵگەکانـی تـر بـوون، گۆڕانکارییەکـی پۆزەتیڤیـان بەسـەردا هاتـووە، مێشـکیان بەرامبـەر بـە ئازادییەکانـی تـاك و ئازادییەکانـی ژنـان کراوەتـەوە. ئینجـا ئـەوەش بزانـە شـەرەف و ڕەوشـت لـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـدا هەمـان مانـا هەڵناگـرن، لای ئێمـە شـەرەف و ڕەوشـت مانایەکیـان هەیـە و لـە کۆمەڵگـەی پێشـکەوتوو و کـراوەدا مانـای دیکەیـان هەیـە".

ئازیز گووتی: "چۆن؟"

شـاناز وەڵامـی دایـەوە: "شـەرەف بـە چەمکـە کۆنەکـەی و لـە کۆمەڵگەکانـی خۆرهەڵاتـدا، واتـە پیاوەتـی و نێرسـالاری، ئـەو پیاوەتییـەش لـە جەسـتەی ژنـدا پارێـزراوە، بۆیـە بەشـێکی زۆری پیـاوی خۆرهەڵاتـی بـە مافـی خـۆی دەزانێـت ئـەو جەسـتەیە، لەکاتـی بەزاندنـی نەریتەکانـدا، لەناوبەرێـت. بـەڵام شـەرەف لـە کۆمەڵگـەی مۆدێـرن و پێشـکەوتوودا، واتـە کار و چالاکـی و راسـتگۆیی، شـەرەف بریتییـە لـە متمانـەی خەڵکـی بـە تاکەکـەس لـەڕووی کار و کردەوەکانیـەوە، شـەرەف ئەوەیـە تـۆ لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە خانـەدان بیـت، خانـەدان واتـە پاڵپشـتی خەڵکـی هـەژار و لێقەمـاو بکەیـت و یارمەتیـی کەسـانی لاواز و بێدەسـەڵات بدەیـت و مرۆڤدۆسـت بیـت، ئەمەیـە شـەرەف. شـەرەف ئەوەیـە تـۆ راسـتگۆ بیـت و لـە ڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و رامیـاری و ڕەگەزییـەوە داکۆکـی لـە مافـی مافخـوراوان بکەیـت، ئەوەیـە تـۆ خەبـات بـۆ ژیانێکـی ئـازاد و دادپەروەرانـە بکەیـت، لەپێنـاوی یەکسـانی و ئازادییەکانـدا تێبکۆشـیت. شـەرەف ئەوەیـە بـاوەڕت بـە پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ هەبێـت. لـە مـادەی ١ی بەندەکانـی جاڕی گەردوونیـی مافەکانـی مرۆڤـدا هاتـووەو دەڵـێ: هەمـوو مرۆڤێـك ئازادانـە لەدایـك دەبێـت، هەمـوو مرۆڤـەکان لـە کەرامـەت و مافەکانـدا یەکسـانن.

کەواتـە شـەرەف بەپێـی کۆمەڵگـەکان و ژینگـە جیـاوازەکان، مانـای جیـاوازی هەیـە، کۆمەڵگـەی پێشـکەوتوو مانایەکـی مرۆڤدۆسـتانە بـۆ چەمکـی شـەرەف و ئەخـلاق بەرهـەم دەهێنێـت کـە تیایـدا ڕێـز لـە مـاف و ئازادییەکانـی ژنـان دەگرێـت، کۆمەڵگـەی دواکەوتـووش

مانایەکـی مەرگدۆسـتانە بـۆ شـەرەف و ئەخـلاق بەرهـەم دەهێنێـت، بۆیـە بەبیانـووی شـەرەف ژن دەکوژێـت.

ئازیـز، ئایـا دەزانیـت لـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا نوێنـەری تایبەتـی هەیـە بـۆ توندوتیـژی دژی ژنـان و بـۆ کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف؟ سـاڵانە ڕاپۆرتـی کوشـتن لەسـەر شـەرەف بـڵاو دەکاتـەوە و هۆکارەکانـی ئـەو تاوانـە دەخاتـەڕوو، ئینجـا هـەوڵ دەدات ئـەو کۆمەڵگەیانـە هۆشـیار بکاتـەوە کـە بەبیانـووی شـەرەف ژن دەکـوژن، بودجـەی تایبەتییـان تەرخـان کـردووە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی گەنجـان، بـەو پێیـەی هـەم دەبێـت ڕەخنە لـە کۆمەڵگـە و تاکـەکان بگیرێـت، هـەم ڕەخنـە لـە حکومـەت و یاسـای دادگاکانیـش بگیرێت کـە مـادەی سـووك بـۆ تاوانـی کوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف پەیـڕەو دەکـەن، واتـە تاوانبارانـی کوشـتنی ژنـان، بـە ئاسـانی لـە دادگاکانـدا دەربـاز دەبـن و سـوود لـە هەڵوێسـتی نەرمـی یاسـا وەردەگـرن. ئەمـەش هۆکارێکـی تـری هاندانـی ئـەو جـۆرە تاوانانەیـە کـە لەڕاسـتیدا حکومەتیـش بەشـدارە لـەو تاوانـەدا.

نەتـەوە یەکگرتـووەکان بڕیارنامـەی تایبەتیـی دەرکـردووە بـۆ کۆتایـی هێنـان بـەو تاوانانـەی بەنـاوی شـەرەفەوە دژ بـە ژنـان دەکرێـن، داوا دەکات یاسـای تونـد دەربکرێـت و سـزای تونـدی ئـەو کەسـانەیش بدرێـت کـە ئـەو تاوانـە ئەنجـام دەدەن، لەتـەك هەوڵـدان بـۆ بەرزکردنـەوەی هۆشـیاریی دانیشـتوان، ئینجـا دانانـی کاریگـەری لەسـەر کەسـایەتییە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکـو مامۆسـتایان و پیاوانـی ئاییـن و سـەرۆك هـۆز و میدیـاکان.

دەزانـی ئازیـز وەك چـۆن لـە ریفۆرمـی ئایینیـدا پێویسـتە پیاوانـی ئاییـن هۆشـیار بکرێنـەوە، ڕۆڵـی گرنـگ بدرێـت بـە کەسـانی ڕۆشـنگەری نێـو ئایینـەکان، لـە مەسـەلەی تێگەیشـتن لـە چەمکـی شـەرەف و کوشـتن بەبیانـووی شەرەفیشـدا پێویسـتە کەسـایەتییە دیارەکانـی نێـو ئـەو چەشـنە کۆمەڵگەیانـە وریـا بکرێنـەوە و ڕۆڵیـان بدرێتـێ.

• ناو و شوێنی کەسایەتیەکانی ئەم چیرۆکە خوازراوە

# ڕۆشناییەك لە كۆتایی تونێلەكەدا

(١)

تـا ئـەم سـاتەوەختەیش، مەسـەلەی کوشـتنی "نازەنیـن موحسـین عەبدوڵـڵا"، تەمومژاوییـە، هێشـتا دیـار نییـە بـە چ شـێوازێك نازەنیـن بردراوەتـە دەرەوەی ماڵـەوە و پاشـان کـوژراوە، سـەرباری هەنـدێ دانپیانـان لـەلای پۆلیـس و دادگادا و چەنـد وتەیەکـی ئـەو کەسـانەی پەیوەسـتن بـە تاوانـی کوشـتنەکە، هێشـتا زۆر لایەنـی نادیـار ماوەتـەوە کـە لـە کوشـتنی نازەنینـدا یـەکلا نەبوونەتـەوە، ئەمـە لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی کارەکتەرەکانـی تاوانـی کوشـتنی نازەنیـن زۆرن، زۆرن ئەوانـەی بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لـەو تاوانـی کوشـتنەدا تێـوەگلاون. سـەرباری ئـەوەی تاوانبـارە سـەرەکییەکە دەسـتگیر نەکـراوە و هەڵاتـووە، ئەوانیدیکـە نکوڵـی لـەوە دەکـەن تاوانەکەیـان ئەنجـام دابێـت. بەپێـی لێکدانەوەکانـی لێکۆڵینـەوەی دادگایـی، هەڵاتنـی تاوانبـاری سـەرەکی لـەم مەسـەلەیەدا، بووەتـە پاسـاوێك بـۆ ئەوانیدیکـە تـا خۆیـان لـەم تاوانـی کوشـتنە بـە بیانـووی شـەرەف، بێبـەری بکـەن.

بەداخـەوە ئەمـەش چیرۆکێکـی تـری کوشـتنی ژنانـە بـە بیانـووی شـەرەف، ئـەم تاوانـە نائینسـانییە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا بەردەوامـە، مایـەی شـوورەییەکی گەورەیـە کـە لەسـەردەمی پێشـکەوتنە گەورەکانـی دنیـادا، هێشـتا ئـەم دیاردەیـە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا بەردەوامـە، لەکاتێکـدا لـە کۆمەڵگەکانـی تـری دنیـای پێشـکەوتوودا، تـاك ئازادییەکـی پـتری هەیـە، زیاتـر سـەرقاڵی کاری داهێنـان و خزمەتکردنـی کۆمەڵگـە و ژیانێکـی خۆشـگوزەرانە،

نـەك چاودێریکردنـی ژنـان و خـۆ بـە پاسـەوان دانانـی شـەرەفی ژنـان، کـە ئـەو کەسـانە لـە بنەڕەتـدا هەڵگـری مانایەکـی هەڵـە و خراپـی چەمکـی شـەرەفن.

ئێستا هەنـدێ لایەنـی گشـتیی ڕووداوی کوشـتنەکەتان بـۆ دەگێڕمـەوە، ئەگەرچـی سـەرە داوەکان کەشـف نەکـراون و هێشـتا لێکۆڵینـەوە لـە وردەکارییەکانـی ئـەم مەسـەلەیەدا بەردەوامـە، بـەڵام بـەو پێیـەی بەدواداچوونـم بـۆ کـردووە، هەنـدێ دۆکیومێنتـی بەڕێوەبەرایەتیـی پۆلیسـم دەسـت کەوتـووە، لـە دادگاشـدا زانیاریـی پـترم کۆکردۆتـەوە، دەتوانـم سـەرەتایەکی ڕووداوەکەتـان بـۆ بگێڕمـەوە، ئینجـا دوای ئـەوە گێڕانـەوەی ئـەو کەسـانەتان بـۆ دەخەمـەڕوو کـە لـەم مەسـەلەیەدا تێـوەگلاون و لـە دادگادا وتەیـان لێوەرگیـراوە. پاشـان شـیکردنەوەی بـۆ دەکـەم و هۆکارەکانـی ئـەم چەشـنە تاوانـە دەخەمـەڕوو، بۆئـەوەی تـۆی خوێنەریـش لەگـەڵ منـدا بچیتـە قووڵایـی ئـەم مەسـەلەیەوە و پێکـەوە بیـر لـە شـێوازی چارەسـەرەکان بکەینـەوە، واتـە گفتوگـۆی بەردەوامـی لەسـەر بکەیـن، ئـەو ڕێگەچارانـە دەشتنیشـان بکەیـن کـە دەشـێت ببنـە هـۆی بنەبڕکردنـی ئـەم تاوانـە قێزەونـە، یـان لانیکـەم ببنـە هـۆی کەمکردنـەوە و پاشـان نەهێشـتنی ئـەم دیاردەیـە.

(٢)

تەمەنـی نازەنیـن موحسـین لەکاتـی کوشـتنەکەیدا ٢٣ سـاڵ بـوو، ژنێکـی خوێنـدەوار و چاوکـراوە بـوو، ئەگەرچـی لەنێـو خێزانێکـی تەقلیـدی و کۆنەپارێـزدا پـەروەردە ببـوو، بـەڵام کەسێکی شـەرمن و ترسـنۆك نەبـوو، پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتیـی باشـی هەبـوو، پەیوەندیـی نێـوان کـوڕان و کچانـی بـەلاوە تەندروسـت بـوو، هەوڵـی دەدا پشـتگیریی لـەو کچانـە بـکات کـە بەهـۆی پەیوەندییـەوە، لەماڵـەوە ئەشـکەنجە دەدران، یـان لـە قوتابخانـە دەردەهێـنران و بـە زۆر دەدران بـە شـوو، ئـەم هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتانەی نازەنیـن، دەمـاری

کۆنەپەرستانەی هەردوو برا گەورەکەی ورووژاند، ئەوان بەپێچەوانەی نازەنینەوە، دوو کەسی توندڕەو و هەمیشە تووڕە بوون، بۆچوونی خراپیان لەسەر ئازادیی ژن هەبوو و بەشێوەیەکی خێڵەکییانە بیریان دەکردەوە.

نازەنین لەدوای تەواو کردنی قۆناغی ئامادەیی، حەزی دەکرد لە زانکۆ یاخود لە پەیمانگەدا بەردەوامی بە خوێندن بدات، نەیدەویست لە تەمەنێکی زوودا شوو بکات و بچێتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام لەژێر فشاری قسە و زۆرلێکردنی براکانیدا، وازیان لە خوێندن پێهێنا و دایان بە شوو، شووی بە کەسێك کرد کە ١٢ ساڵ لەخۆی گەورەترە، ناوی فەریق عەبدوڵڵایە و ئەو ئێستا بە تاوانی کوشتنی یەکێکی دیکە لە زینداندایە، تاوانەکەی فەریق عەبدوڵڵای مێردی نازەنین، هەر پەیوەستە بە تاوانی کوشتنی نازەنینەوە. فەریق عەبدوڵڵا وەستای کاشی بوو، بەردەوام ئیشی هەبوو و بارودۆخی داراییان خراپ نەبوو، بەڵام پیاوێکی کەللە رەق بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ نازەنین باش نەبوو، سەبارەت بە ئازادیی ژنان عەشایەری بیری دەکردەوە، هەمان بۆچوونی دوو برا گەورەکەی نازەنینی هەبوو کە نابێ ژن لە دەرەوەی ماڵەوە ئیش بکات، پیاو لە دەرەوە کار دەکات، دەبێ ژنیش لە ماڵەوە خەریکی خزمەتکردنی مێرد و منداڵەکانی بێت، خوێندەوارییەکی کەمی هەبێت بەسیەتی. واتە نازەنین کەوتبووە ناوەندێکەوە، بە سێ پیاوی کۆنەپەرست دەورە درابوو، چاودێریی هەموو جووڵانەوەیەکی نازەنینیان دەکرد، جووڵانەوە و هاتوچۆی ئەویان زۆر سنووردار کردبوو، بیرکردنەوە و حەز و خواستی نازەنینیش بەتەواوی پێچەوانەی ئەو سێ پیاوە بوو، ئەمە سەرەتای کێشەکە بوو، سەرەتای زنجیرەیەك فشار بۆ سەر نازەنین، ئەو فشارانە هەندێ جار دەگەیشتنە ئاستی لێدان و ئەشکەنجەدان، نەك تەنها بە دەستی مێردەکەی، بەڵکو بە دەستی براکانیشیەوە، تا گەیشتە رادەی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن.

پێدەچێ جیاوازیی ئاستی رۆشنبیری و بیرکردنەوەی نازەنین و مێردەکەی، هۆکارێکی راستەوخۆی کێشەکانی نێوانیان بووبێت، کە لە کۆتاییدا دەگاتە کارەساتی تراژیدی.

(٣)

سـەرچاوەی هەڵسـوکەوتی ناشایسـتەی وەسـتا فەریـق لەگـەڵ نازەنینـدا، دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەوەی کـە پیاوێکـی زۆر گومانـکار بـوو، پێیوابـوو تاڵـە موویـەك ژن و شـەیتان لەیەکـتر جیـا دەکاتـەوە، پێـی وابـوو شـەیتان ئەوەنـدە نزیکـە لـە ژنـەوە، دەتوانـێ بـە ئاسـانی فریـوی بـدات، بـەردەوام گومانەکانـی دەخسـتە سـەر نازەنیـن و تەفسـیری هەڵـەی بـۆ هەمـوو رەفتارێکـی دەکـرد، بـەم گومانکردنانـە مێشـکی خـۆی مانـدوو کردبـوو، تەنانـەت لـە کاتـی کارکردنـدا کاتێـك کاشـییەکانی لـە تەنیشـتی یەکـترەوە دادەنـا و بـە چەکوشـە پلاسـتیکییەکە پیایـدا دەکێشـان، بـە هـۆی بیرکردنـەوەی گوماناویـی لـە نازەنیـن، هەڵـەی دەکـرد و ئیـتر لـە کرێکارەکـەی بەردەسـتی تـووڕە دەبـوو.

جارێکیـان، هـەر بەهـۆی بیرکردنـەوەی گومانـاوی لـە نازەنیـن کـە ئاخـۆ ئێسـتا بـە تەنهـا لـە ماڵـەوە چـی دەکات و لەگـەڵ کێدایـە، زۆر بـە تونـدی چەکوشـێك دەکێشـێت بـە پەنجـەی خۆیـدا، دوو نینۆکـی خـۆی شـین و مـۆر دەکاتـەوە. جارێکیـان گومـان وای لێکردبـوو خەیاڵـی ناخـۆش بـە مێشـکیدا دەهـات و وایدەزانـی نازەنیـن ئێسـتا لـە ماڵـەوە لەگـەڵ پیاوێکـی دیکەدایـە، تەلەفۆنـی بـۆ کردبـوو وەڵامـی نەدابـووەوە، وازی لـە کارەکـە هێنـا و سـلفێکی لـە پیکابەکـەی دا و بـە بێدەنگـی گەڕابـووە ماڵـەوە، بـە هێواشـی کلیلەکـەی خسـتبووە کونـی دەگاکـەوە و بەبـێ خوسـت دەرگای کردبـووەوە، دڵـی بـە خێرایـی لێیـدەدا و وێنـای ئـەوەی دەکـرد کـە ئێسـتا نازەنیـن بەسـەر ناپاکییـەوە دەگرێـت، بـەڵام هەمـوو ژوورەکان گـەڕا کەسـی نەدیتـەوە، تەنانـەت نازەنینیـش لـە ماڵـەوە نەبـوو، بـە تووڕەییـەوە تەلەفۆنـی بـۆ ماڵـی نازەنیـن کـردووە و وتوویەتـی: "ئـەو کچـەی ئێـوە لەکوێیـە و بـۆ چ بێئەخلاقییـەك رۆیشـتووە، بۆچـی بـە بـێ ئیزنـی مـن ماڵـەوەی بەجێهێشـتووە"، دایکیشـی لێـی تـووڕە بـووە

و وتوویەتـی: "تـۆ بـۆ ئەوەنـدە پیاوێکـی گومانکاریـت، ئەوەتـا نازەنیـن لەماڵـی ئێمەیـە و خـۆم هێناومـە، گووتـم بۆچـی بەتەنهـا لـە ماڵـەوە بێـت و بـا نیـوەڕۆ لـە ماڵـی ئێمـە نـان بخـوات، رۆڵـە گیـان تۆیـش کـە ئیشـەکەت تـەواو بـوو وەرەوە بـۆ ماڵـی ئێمـە، نـان بخـۆ و نازەنینیـش بـەرەوە". زۆر جـار وەسـتا فەریـق ئـەو گومانە بەتـاڵ و پووچانەی دەگواسـتەوە بۆ براکانـی نازەنیـن، ئەمـەش کاریگەرییەکـی نەرێنیـی زۆری لای دوو براکـەی نازەنیـن، (عەباس) و (سـەڵاح)، دروسـت کردبـوو، تەنانـەت کـە سـەڵاح لەگـەڵ خێزانەکەیـدا بـە رێگـەی قاچـاغ خۆیـان دەگەیەننـە ئەوروپـا و لـە ئەڵمانیـادا وەك پەنابـەر وەردەگیرێـن، لەوێـوە تەلەفـۆن بـۆ ماڵەوەیـان دەکات و نازەنینیـش ئـاگادار دەکاتـەوە کـە سـنووری خـۆی بزانێـت.

(٤)

وەسـتا فەریـق، گومانـی لـە کوڕێـك هەبـوو، گوایـە پەیوەندییەکـی نائاسـایی لەگـەڵ نازەنینـدا هەیـە، ئـەو کـوڕە نـاوی دلاوەر قـادر بـوو، بێئـەوەی هیـچ بەڵگەیەکـی هەبێـت، رۆژ لـە دوای رۆژ گومانەکانـی گەورەتـر دەبوونـەوە، ئـەم هەسـتە شـێواوەی خـۆی گواسـتبووەوە بـۆ براکانـی نازەنیـن، تـا جارێکیـان سـەڵاح، کـە لـە ئەوروپـا دەگەڕێتـەوە، دلاوەری بانـگ کردبـووە ماڵـەوە و ئـاگاداری کردبـووەوە کـە لـە نازەنیـن نزیـك نەبێتـەوە، بگرە هەڕەشەیشـی لێکردبـوو، دلاوەریـش نکوڵیـی لـەوە کردبوو هیـچ پەیوەندییەکی ناشایسـتەی لەگـەڵ نازەنیندا هەبێـت، نازەنینـی بـە ئافرەتێکـی رەوشـت بـەرز وەسـف کردبـوو. وەسـتا فەریـق بەمـە دەزانێـت و خـۆی دەگەیەنێتـە ماڵـی سـەڵاح، ئیـتر وەسـتا فەریـق لـەوێ بـە مێشـکێکی پـڕ لـە گومانـەوە قسـە دەکات و تـووڕە دەبێـت، دلاوەریـش بەرەنگاریـی دەبێتـەوە و جنێوەکانـی لـێ قبـوڵ نـاکات، دەبێـت بـە دەمەقاڵێیـان، وەسـتا فەریـق بـە ئەعسـابێکی زۆر توونـدەوە دەمانچەکـەی دەردەهێنێـت، گوایـە سـەڵاح هەوڵیـداوە هێـوری بکاتـەوە و نەهێڵێـت تەقـە بـکات، بـەڵام وەسـتا فەریـق مێشـکی قفـڵ دەبێـت و دوو فیشـەك بـە دلاوەرەوە دەنێـت،

هـەر لەوێـدا دەیکوژێـت، ئینجـا بیـر لـەوە دەکاتـەوە نازەنینیـش بکوژێـت، بـەڵام نازەنیـن لەبەردەسـتدا نابێـت، کاتێکیـش نازەنیـن بـەم مەسـەلەیە دەزانێـت و دەشـزانێ براکانـی چەنـدە کەللـە رەقـن و لایەنـی زاواکەیـان دەگـرن، ناچـار دەبێـت لـە ماڵـەوە هەڵبێـت، بـە هـەر شـێوەیەك بـووە خـۆی گەیاندۆتـە یەکێـك لـە سـەنتەرەکانی داڵدەدانـی ژنـان.

واتـە وەسـتا فەریـق بـە گومانـی پەیوەنـدی لەنێـوان نازەنیـن و دلاوەر، لـە کاتـی تووڕەبونـدا ئـەو تاوانـەی ئەنجـام داوە، نازەنینیـش ناچـار بـووە پەنـا بباتـە بـەر یەکێـك لـە شـێڵتەرەکان کـە بـۆ مـاوەی دوو مانـگ لـەوێ ماوەتـەوە. وەسـتا فەریـق بەهـۆی تاوانـی کوشـتنەوە زیندانـی کـراوە، بـەڵام خـۆی و براکانـی هەمیشـە هەڕەشـەی تۆڵەسـەندنەوەیان لـە نازەنیـن و ماڵـی باوکـی نازەنیـن دەکـرد، کـە ئەگـەر ئـەوان نازەنیـن نەکـوژن، ئـەوا دەبێـت بـە شـەڕی دوژمنایەتـی و عەشـایەری و هەموویـان لەژێـر مەترسـیی کوشـتندا دەبـن.

بەپێـی گێڕانـەوە گشـتییەکان، ئـەوەی کـە لـە بەڕێوەبەرایەتیـی پۆلیسـدا تۆمـار کـراوە، سـەڵاح کـە بـۆ جـاری دووەم لـە ئەوروپـاوە گەڕاوەتـەوە، بـۆ ئـەوە بـووە خوشـکەکەی بکوژێـت. پلانـی بـۆ داڕشـتووە و بـە هاوکاریـی عەباسـی بـرای، کـە پۆلیسـە، تاوانەکەیـان ئەنجـام داوە، پلانەکـەش بـەو جـۆرە بـووە قەناعـەت بـە باوکیـان بهێنـن بچێـت نازەنیـن لـە شـێڵتەر دەربهێنێـت و بیهێنێتـەوە بـۆ ماڵـەوە بـە گەرەنتیـی پاراسـتن و سـەلامەتیی نازەنیـن، باوکیشـیان بـاوەڕ بـە بەڵێنەکانیـان دەکات، نازەنیـن بـە گەرەنتییـەوە لـە شـێڵتەر دەردەهێنێـت، دوای دوو رۆژ، تاوانەکـە ئەنجـام دەدرێـت.

بـەڵام وردەکاریـی زیاتـر و راسـتیی رووداوەکـە بـەو شـێوەیەی روویـداوە، هێشـتا یـەکلا نەبۆتـەوە، وەرگرتنـی وتـەی تاوانبـارەکان بەردەوامـە، نازەنینیـش لـە ژیانـدا نەمـاوە تا راسـتیی رووداوەکەیـان بـۆ بگێڕێتـەوە، سـەڵاحی برایشـیان، دوای ئەنجامدانـی تاوانەکـە، هەڵاتـووە و گەڕاوەتـەوە بـۆ هەنـدەران. بـەڵام لـە رێگـەی دادگاوە ئینتەرپـۆل ئـاگادار کراوەتـەوە و داوایـان لـە پۆلیسـی نێودەوڵەتـی کـردووە سـەڵاح موحسـین محەمـەد لـە هـەر شـوێنێکدا بێـت دەسـتگیر بکـەن و رەوانـەی دادگای بکـەن. وام پێباشـە، بەپێـی ئـەو دۆکیومێنتانـەی دەسـتم کەوتـوون، هەنـدێ لایەنـی ئـەو تاوانەتـان، لـە زاری ئـەو کەسـانەی لـە رووداوەکـەوە

نزیکـن، بـۆ بگوازمـەوە، بێگومـان ڕووداوەکـەش لـە دادگادا وەك تاوانـی کوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف ناسـێنراوە.

(٥)

وتەی باوکی نازەنین:

هیـچ سـکاڵایەکم لەسـەر عەباسـی کـوڕم نییـە، چونکـە ئـەو ڕۆژەی نازەنینـم لـە شـێڵتەر هێنایـەوە، بـۆ شـەوەکەی، خـۆی و ژنەکـەی هاتـن بـۆ ماڵـمان بـۆ بەخێرهێنانـەوەی نازەنیـن، بـۆ بەیانـی ڕۆیشـتنەوە بـۆ ماڵـی خۆیـان، مـن بێئـاگام لـە هەمـوو پلانێـك کـە بـۆ نازەنیـن دانـراوە، هـەر ئەوەنـدەم زانـی وتیـان نازەنیـن کـوژراوە، ئیـتر نازانـم کـێ کوشـتوویەتی، بـەڵام گومانـم لـە سـەڵاحی کـوڕم هەیـە، چونکـە لـە کاتـی گەڕانـەوەی ئـەو لـە ئەوروپـا، ئـەو تاوانـە ئەنجـام درا. سـەڵاح و لەیـلای ژنـی، تاوانەکەیـان ئەنجـام داوە، لەیـلا تەحسـین ژنـی سـەڵاح بەشـدارە لـە تاوانەکـە. مـن لـە شـەوی ڕووداوەکـە و لەکاتـی ئەنجامدانـی تاوانەکـەدا، لـە تـاوا بوورابوومـەوە و ئـاگام لەخـۆم نەبـوو. ئەوەنـدە دەزانـم نازەنیـن بـۆ مـاوەی دوو مانـگ لـە سـەنتەری داڵدەدانـی ژنـان مایـەوە، وەسـتا فەریقـی مێـردی کچەکـەم کەسـێکی کوشـتووە بەنـاوی دلاوەر قـادر، گوایـە پەیوەندیـی لەگـەڵ نازەنینـدا هەبـووە، سـەڵاحی کوڕیشـم لـە ئەوروپـاوە گەڕاوەتـەوە بـۆ کوشـتنی نازەنیـن، مـن دەزانـم نازەنیـن کاری وا نـاکات، سـەڵاح زۆری لێدەکـردم کـە نازەنیـن بهێنمـەوە. مـن نازەنینـم بـە ڕەزامەندیـی خـۆی لـە سـەنتەرەوە هێنایـەوە بـۆ ماڵـەوە، شـەوی یەکـەم هیـچ کێشـەیەك نەبـوو، بـەڵام شـەوی دووەم، دوای نانـی ئێـوارە، سـەڵاح و عەبـاس بـە هاوکاریـی شـێرزادی ئامۆزایـان، بەفرتوفێـڵ نازەنینیـان بـردە دەرەوە، بـە بیانـووی ئـەوەی براکانـی وەسـتا فەریـق زانیویانـە نازەنیـن گەڕاوەتـەوە بـۆ ماڵـەوە و لەوانەیـە ڕومانەیـەك فڕێبدەنـە ماڵـەوە، بـەڵام دواتـر هێنایانـەوە، سـەڵاح دەمـی منـی بەسـتەوە و منـی خسـتە ژوورێکـەوە و دەرگاکـەی لەسـەر داخسـتم،

ژنەکەم و هێمنی کوڕمیان خستە ژوورێکی ترەوە و دەرگایان لەسەر ئەوانیش داخست، من دەمزانی کچەکەم دەکوژن، چونکە گوێم لە نازەنین بوو دەگریا و دەیووت: بۆ دەمکوژن من هیچم نەکردووە بێتاوانم. ئیتر بوورامەوەو و لەهۆش خۆم چووم. کاتێکیش هۆشم هاتەوە، دەرگای ژوورەکە کرابووەوە، هاتمە دەرەوە و دەرگای ژوورەکەی تریشم کردەوە، ژنەکەم و هێمنی کوڕم هاتنە دەرەوە و کەس لە ماڵەوە نەمابوو، دواتر بۆمان دەرکەوت کچەکەمیان کوشتووە و لە دەرەوەی شار فڕێیان داوە. من بێتاوانم و بەشدار نەبووم لەو تاوانە. نازەنینیش بە ڕەزامەندیی خۆی لە سەنتەر هاتە دەرەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

وتەی دایکی نازەنین:

ئەو شەوە مەرگی خۆمم بە چاوی خۆم بینی، کە بینیم نازەنین خنکێنراوە و ڕۆحی بە بەردا نەماوە، مردم و ئاگام لە خۆم نەما. ئەو شەوە هەردوو کوڕەکەم، سەڵاح و عەباس، هاتن بۆ ماڵمان، شێرزادی ئامۆزاشیان لای ئێمە مایەوە، کە ئێستا ئەویش دەست بەسەرە، شەو درەنگ لە دەنگە دەنگ و هاوارو قیژەی نازەنین گیان خەبەرم بووەوە، هاواری دەکرد توخوا مەمکوژن من بێتاوانم. کاتێك بە هەڵەداوان بە قادرمەکاندا هاتینە خوارەوە، بینیم نازەنین ڕاکشابوو، بەتانییەکی بەسەرەوە بوو، وامزانی خەوتووە، کاتێك هێمنی کوڕم بەتانییەکەی لەسەر لابرد، بینیم گەردنی سوور ببووەوە و دەموچاویشی مۆر هەڵگەڕابوو، گیانی سپاردبوو، دەستم کرد بە گریان و زانیم کە کچەکەمیان خنکاندووە. من بوورامەوە و هێمن پەیوەندیی بە پۆلیسەوە کردبوو، دوو کوڕە گەورەکەشم لەماڵەوە نەمابوون. تاوانباری سەرەکی، سەڵاحی کوڕم و لەیلای ژنێتی کە ئێستا هەردووکیان هەڵاتوون.

وتەی عەباسی برای نازەنین:

من لەو ڕووداوەدا بێتاوانم، ئەو شەوەی کە زانیم نازەنینیان لە سەنتەرەوە هێناوەتەوە بۆ

ماڵـەوە، لەگـەڵ شـەهلای خێزانـم و مناڵەکانـم ڕۆشـتین بـۆ ماڵـی باوکـم بـۆ بەخێرهێنانـەوەی نازەنیـن، بـۆ بەیانـی هاتینـەوە بـۆ ماڵـی خۆمـان، سـەڵاحی برایشـم لەگـەڵ بـوو کـە لـە ئەوروپـاوە گەڕابـووەوە، بـەڵام سـەڵاح بـۆ ڕۆژی دوایـی داوای ئۆتۆمبێلەکـەی لێکـردم، منیـش دام پێـی و ئـەو ڕۆیشـتەوە بـۆ ماڵـی باوکـم، پـاش ماوەیـەك کـە مـن چـووم بـۆ دەوام، لـەوێ پێیـان ڕاگەیانـدم کـە خوشـکەکەم کـوژراوە و ئیـتر دەسـت بەسـەر کـرام، مـن بێتاوانـم.

وتـەی شـەهلا تاهیـری هاوسـەری عەبـاس موحسـینیش وەرگیـراوە، بـەڵام مـن ئـەو دۆکیومێنتـەم دەسـت نەکـەوت، گوایـە شـەهلا ئامـاژەی بـۆ لەیـلا تەحسـینی هاوسـەری سـەڵاح موحسـین کـردووە و ئـەوی بـەوە تاوانبـار کـردووە کـە دەورێکـی زۆر خراپـی لـە ناوزڕاندنـی نازەنینـدا هەبـووە، گوایـە لەیـلا زۆری ڕق لـە نازەنیـن دەبـووەوە و قسـەی ناجـۆری لـەلای مێردەکـەی، کـە بـرای نازەنینـە، گێڕاوەتـەوە و براکـەی لـە دژی نازەنیـن هـان داوە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات هەندێجـار ژنـان خۆیشـیان ڕۆڵیـان لـەو تاوانـەدا هەیـە، واتـە لـە کۆمەڵگـە تەقلیدییـە پیاوسـالارەکاندا تەنیـا پیـاوان تاوانبـاری "شـەرەف" نیـن، بگـرە ئافرەتیـش تیایـدا بەشـدارە، بـەوەی چاودێـری دەخاتـە سـەر ئافرەتانـی دیکـە و لەدواییـدا بـە قسـەی ناڕاسـت و بێبنەمـا ناویـان دەزڕێنێـت، کـە زۆر جـار بەبـێ بنەمـا ژنێـك دەکوژرێـت. قسـەو قسـەڵۆك لـەو کۆمەڵگـە دواکەوتووانـەدا زیانێکـی زۆری بـە ئافرەتـان گەیانـدووە و هانـی کوشـتنی داون، سـا ئـەو قسـە و قسـەڵۆکانە ڕاسـت بـن یـان نـا.

(٦)

ئەمانـە بەشـێك بـوون لـە وتـەی وەرگیـراوی کەسـوکاری نازەنیـن لەلایەن پۆلیسـەوە، کەسـانی دیکـەش هـەن کـە دەستبەسـەرن و وتەیـان وەرگیـراوە و گومانیـان لەسـەرە، وەکـو (شـێرزاد وەلـی محەمـەد)ی ئامـۆزای نازەنیـن، (شـەهلا تاهیـر)ی ژنـی عەبـاس. بـەڵام هەمـوو وتـەکان

لـە دەوروبـەری ئـەو بابـەت و قسـانە دەخولێنـەوە.

ئێسـتا تـۆی خوێنـەر، دوای ئاگاداربـوون لـە رووداوێکـی دیکـەی تاوانـی کوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف، لەگـەڵ منـدا بیـر بکـەرەوە، هـۆکاری سـەرەکیی ئـەم جـۆرە تاوانانـە دەگەڕێنـەوە بـۆ چ هۆکارێـك؟ کۆمەڵایەتـی یـان سیاسـی؟ ئەقڵـی عەشـایەری یـان ئاییـن؟ دەسـەڵات یـان نەرمیـی بڕیـاری لایەنـە پەیوەندیـدارەکان؟ بیـری کۆنەپەرسـتانە یـان نەزانـی و گەمژەیـی؟ تێنەگەیشـتن لـە مۆدێرنـە و قبوڵنەکردنـی ئازادیـی تـاك و ئازادیـی ژنـان؟ یـان هەمـوو ئـەو هۆکارانـە پێکـەوە؟

وای بـۆ دەچـم هەمـوو ئـەم هۆکارانـە و چەندیـن هـۆکاری دیکـە، پێکـەوە و بـە کۆکراوەیـی، زەمینەیەکـی گونجـاو بـۆ تاوانـی کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف، دەخوڵقێنـن. کەواتـە بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە و بـۆ بنەبڕکردنـی ئـەم دیاردەیـە، پێویسـتە لـە زیـاد لـە بوارێـك و لـە زیـاد لـە کەناڵێکـەوە کاری بـۆ بکرێـت.

کێشـەکە ئەوەیـە ژمارەیـەك پیـاوی خۆرهەڵاتـی و کۆمەڵگـەی ئێمـە بـە گشـتی، بـە هەڵـە لـە چەمکـی "شـەرەف" تێگەیشـتوون، بـە چاوێکـی نـزم تەماشـای ئافـرەت دەکـەن، تـۆ بڕوانـە زۆربـەی پیـاوی کـورد، بـە هاوسـەر و هاوژینـی خۆیـان دەڵێـن (ماڵـەوە) و نـاوی ناهێنـن، یـان لـە هەنـدێ ناوچـەدا دەڵێـن (منداڵـەکان) کـە مەبەسـتیان هاوسـەرەکەیانە، ئـەوان پێیـان شـەرمە پیـاوی غەیـرە نـاوی ژنەکانیـان بزانێـت، گوێـت لـێ بـووە دەڵێـن: ماڵـەوەم لـە گـەڵ نییـە، سـەلام بکـە لـە ماڵـەوە، ماڵەوەمـان نەخۆشـە....تاد. بـەو جـۆرە ناولێنانـەدا پیـاوی کـورد لـە کۆنـەوە تاکـو ئێسـتایش کونجـی ماڵـی بـە شـوێنی شـیاو بـۆ هاوسـەری خـۆی دانـاوە.

یـان زۆرجـار گوێـت لێبـووە خەڵکـی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، کاتێـك بیانـەوێ کەسـێك بشـکێننەوە، دەڵێـن: حەیـا و ناموسـیم بـرد، شـەرەفیم شـکاند، یـان حەیـا و ناموسـم چـوو. یـان جنێـو بـە کەسـێك بـدەن دەڵێـن: شـەرەف و ئەخلاقـی نییـە. جـا ئـەو کەسـە هەرچەنـدە کەسـێکی دڵپـاك و مرۆڤدۆسـتیش بێـت.

مـرۆڤ نێـر بێـت یـان مـێ، ئـازادە، ئـازادی مافـی هەمـوو مرۆڤێکـە، کۆمەڵگـەی ئێمـە کۆمەڵگەیەکـی پاشـکەوتوو و نێرسـالارە. ئافـرەت لـەو چەشـنە کۆمەڵگەیانـەدا هێمایـە بـۆ

جەستە، بۆ ئەخلاق، بۆ شەرەف، نەك بۆ ئەقڵ و ڕۆح و ماف و مرۆڤبوون، کۆمەڵگەی ئێمە بەهای ئافرەتی لە جەستەدا کورت کردۆتەوە. ئەوجا جەستەی ئافرەتیش بە سەرچاوەی چێژو لەزەتەوە گرێدراوە. چونکە نێر تەنها چێژ لە جەستەی دەبینێت نەك لە رۆح و جوانی و سۆز و میهرەبانی و ئەقڵ و ئاوەزی. باس لە ڕەنج و توانا و ژیری و داهێنان و ئەقڵی ژن ناکرێت، بەڵکو یەکسەر باسی جوانیی روخسار و جوانیی جەستەی دەکرێت، نەوەك جوانیی ئاکار و رەفتار.

(٧)

کۆمەڵگەی کوردی، وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری نەریتخواز، پشتی بە کۆمەڵێك داب و نەریت بەستووە، بۆیە تاکەکانی پێیان وایە شەرەف چەمکێکە دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت، ئەم چەمکە پەیوەست کراوە بە ژنەوە، ڕەگەزی نێریش کە پیاوەکەیە خۆی بە خاوەنی ژنەکەی و خوشکەکەی و کچەکەی دەزانێت و مامەڵەیان پێوە دەکات، لێرەدا پیاو خۆی بەکەسێکی ژیر و خاوەن دەسەڵات و بە توانا دەزانێت، ژنیش کەسێکی نەزان و ئەقڵ نوقستانە و زوو هەڵدەخەڵەتێت، بۆیە ئەو پیاوە خۆی کردووە بە چاودێر بەسەریانەوە و پارێزگاری لە شەرەفیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاو خۆی شەرەفی خۆی ناپارێزێت کە خۆی ئەو کارانە لەگەڵ ژندا دەکات، خۆ ئەگەر مەسەلەی شەرەف مەسەلەیەکی کولتوری و نەریتی بێت و پارێزگاری بێت لە پیرۆزییەکان، بۆچی هەم ژن و هەم پیاو لە سزادا هاوبەش نابن، تەنیا ژن بە تاوانبار سەیردەکرێت و دەکرێتە قوربانی، کە خودی پیاوەکەش لەگەڵیدا بەشدارە، لە کۆتاییشدا سزای کوشتن بەسەر ژن بەناوی شەرەفەوە دەسەپێنرێت، ئەمەش لە پەیوەستیدا بە جوانی و ناشرینییەوە ڕەفتارێکی ناشرین و قێزەونە کە بەرامبەر بە ژن دەکرێت.

لە زەینی خێڵدا، شەرەف، غیرەت، پاکیزەیی، داوێنپاکی و پیاوەتی، زنجیرەیەك بنەمای بەرز و زیندوون، هەمیشە بەسەرزارەوەن و زەینی بەشێك لە کوڕانی ئێمەیان داگیر

کـردووە و ئاڕاسـتەی دەکـەن. ئـەم بنەمایانـە تـەواوی ئـاکار و مۆراڵـەکان بـۆ پیـاوی نەریتخواز دیـاری دەکـەن، لـە کولتـووری خێڵـدا بەشـی هـەرەزۆری ژن بـۆ مەبەسـتی سـێکس و وەچـە خسـتنەوە و خزمەتکردنـی پیـاوە. پیـاو تـەواوی دەسـەڵاتی خاوەنداریـی لـە مسـتدایە. ژن لـە کۆمەڵگـەی خێڵەکیـدا خاوەنـی هیـچ داراییـەك نییـە، بۆیـە پیـاو بـۆی هەیـە چەنـد دڵـی دەخوازێـت ژن بهێنێـت، لـەم حاڵەتـەدا ئاینیشـی لـە پشـتە، یـان بابڵێیـن سـوود لـە ئاییـن وەردەگرێـت، کەچـی لـە مەسـەلە مرۆڤایەتییەکانـدا پشـت لـە ئاییـن دەکات. پیـاو خـۆی بـە خاوەنـی جەسـتەی ژن دەزانێـت، لـەو جەسـتەیەدا هـەر لـە قژیەوە هەتـا دەگاتـە پەنجەکانی پێـی، بـە عـەورەت بـۆی حیسـاب کـردووە، چەمکـی شـەرەف لای پیاوانـی بنەماڵـە و خێـڵ چـڕ بۆوەتـەوە، چونکـە جەسـتەی ژن موڵکـی پیـاوە و دەبێـت ئـەو پارێزگاریـی لـێ بـکات، لای خێـڵ شـەرەف تەنکـە، وەك باڵـی مێـش و لـە پـەردەی کچێنیـدا چڕبۆتـەوە، خێـڵ ئـەو پـەردە تەنکـەی لـێ بووەتـە شـوورەی چیـن و لەوێـوە کوڕانـی خێـڵ سـەنگەرەکانی پاراسـتنی شـەرەفیان قایـم کـردووە و بەرگـری لـێ دەکـەن، بۆیـە دەبێـت ئـەو پەردەیـە هـەردەم سـەر مـۆر و پارێـزراو بێـت و تەنیـا بەفەرمـی، واتـە بەحەڵاڵـی، لـە بەیـن بچێـت، چونکـە مێینـە تووشـی هـەر گوناهێـك ببێـت، ئـەوا نێرینەکانـی پـێ دوچـاری عەیـب و شـوورەیی دەبـن.

کـوشـتن بـە بیانـووی شـــەرەف، ئـاکــارێکی دزێـو و نـاشـــرینە لـە لایـەن ڕەگـەزی نێـرەوە پیـادە دەکرێـت، کـۆمــەڵگەی کوردیـش مێژوویەکـی دوور و درێـژی هەیـە، کـە بەداخـەوە تـا ئەمڕۆیـش بـەدی دەکرێـت و هـەر مـاوە.

(٨)

بــەڵام، لێــرەدا بــا راســتییەکی پێچەوانــەی ئــەم قســانە و پێچەوانــەی ئــەو دیاردانــەش بخەینـەڕوو، بـەو مانایـەی هەمـوو کـوڕان و کچانـی کۆمەڵگـەی ئێمـە، بـەو شـێوە نەرێنییـە لــە چەمکــی شــەرەف بیــر ناکەنــەوە، واتــە گەنجانێکــی زۆریــش لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا هـەن، کەسـانی ئازادیخـواز و کـراوەن و باوەڕیـان بـە ئازادیـی تـاك و ئازادیـی ژن و مافەکانـی

مـرۆڤ هەیـە، کـەم نیـن ئـەو کەسـانەی بـە هەمـوو شـێوازێك لەپێنـاوی پەرەپێدانـی ئـەو ئازادییـەدا خەبـات دەکـەن، هـەوڵ دەدەن سـنووری ئازادییـەکان بەرینـتر بکەنـەوە، لەنێـو ژیانـی کۆمەڵایەتیمانـدا پراکتیـزەی بکـەن، دژی هەمـوو جـۆرە پێشـێلکردنێکی مافـی ژنانـن، کەسـانی وامـان زۆرن بـە هەمـوو ڕێگەیـەك ئازادیـی ژنـان دەسـتەبەر دەکـەن و دەیپارێـزن، دژی کوشـتنی ژنانـن سـا بەهـەر بیانوویـەك بێـت. واتـە کۆمەڵگـەی ئێمـە بـەو ئەندازەیـە تاریـك و پاشـکەوتوو نییـە کـە هەرچـی پیـاوی کـورد هەیـە خـۆی بـۆ ژن مـەلاس دابێـت، بـە پێچەوانـەوە پیـاو دەوری زۆرە لـە فراوانکـردن و گەورەکردنـەوەی پەراوێزەکانـی ئازادیـی ژنـان.

جـاران لـە کۆمەڵگـەی نەریتخـواز و کۆنـدا، هەمـوو کەسـێك بـۆی هەبـوو بەبیانووی شـەرەف ژن بکوژێـت، واتـە نـەك تەنهـا بـاوك یـان بـرا، بەڵکـو مـام و خـاڵ و ئامـۆزا و خزمـی دووریش بـە مافـی خۆیـان دەزانـی، بـەو تێگەیشـتنە سـەقەتەوە لەسـەر "شـەرەف"، ژن بکـوژن، ئەمڕۆ ئـەو رووبـەرەی پیـاو زۆر کەمـتر بۆتـەوە، ئێسـتا ئامـۆزا و خاڵـۆزا و پـوورزا، تەنانـەت مـام و خاڵیـش هەقیـان بەسـەر ئـەو مەسـەلانەوە نییـە و ڕۆکێشـی ئـەوە ناکـەن بەبیانـووی شـەرەف ژنـان بکـوژن، ئەمـڕۆ تەنانـەت بەشـێکی زۆری بـاوك و براکانیـش پەنـا بـۆ چـەك و کوشـتن نابـەن، بەڵکـو پـتر پەنـا بـۆ ئامـۆژگاری و پیشـاندانی ڕێگـەی ڕاسـت دەبـەن، پـتر بیـر لـە هـۆکار و چارەسـەرەکان دەکەنـەوە.

لـە ئاسـتی زۆربـەی وڵاتانـی خۆرهەڵاتیشـدا، گۆڕانکارییەکـی گـەورە بـە قازانجـی ئازادیـی ژنـان روویـداوە، بـۆ نموونـە وڵاتـی میسـر، یەکـەم دەوڵەتـی عەرەبییـە کـە لـە سـاڵی ١٩٨١ەوە ڕێککەوتننامـەی بنەبڕکردنـی هەمـوو شـێوازەکانی جیاکاریـی دژی ژنانـی پەسـەند کـردووە، بگـرە کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف بـە تاوانێکـی گـەورە هەژمـار دەکرێـت و توندترین سـزای لەسـەرە، تەنانـەت لـە هـەردوو وڵاتـی پاشـکەوتووی پاکسـتان و ئەفغانستانیشـدا هەنـدێ گۆڕانـکاری لـە یاسـاکاندا بـە قازانجـی ژنـان کـراوە، تەنانـەت خەریکە هاوسـەرگیریی پێشـوەخت و بـە شـوودانی منـداڵ قەدەغـە دەکـەن، کـە پێشـتر بـە ئاشـکرا دادگا هاوسـۆزیی لەگـەڵ تاوانبـاری ژنکـوژدا هەبـوو، لـە یاسـای ئـەو دوو وڵاتـەدا پاراسـتنی "شـەرەف" لـە

ئەسـتۆی پیاودایـە، لێـرەدا شـەرەف تەنهـا مانـای سێکسـی ژن دەگرێتـەوە، نـەك بەهـا مرۆڤایەتییـە گرنگەکانـی وەکـو: راسـتگۆیی و لێکبـوردن و قبوڵکردنـی جیـاوازی و باوەڕهێنـان بـە بەندەکانـی مافـی مـرۆڤ.

سـەیر ئەوەیـە سـەرەڕای ئـەو هەمـوو پێشـکەوتنە گەورانـەی بـواری زانسـتی و تێکنۆلۆجی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ئەقڵـی، کەچـی هێشـتا نەتوانـراوە نەریتـی کۆنـی پیاوسـالاری لـەو چەشـنە کۆمەڵگەیانـەدا بنەبـڕ بکرێـت، بـەڵام وا خەریکـە لـەو دوو وڵاتەشـدا، واتـە پاکسـتان و ئەفغانسـتان، ژمـارەی کەسـانی ئازادیخـواز زیـاد دەکات و لـە میدیاکانـدا باسـی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و ئازادیـی ژنـان دەکـەن، هـەوڵ دەدەن لـە چەندیـن رێگـەوە گەنجـان هۆشـیار بکەنـەوە، بەتایبەتـی لـە رێگـەی میدیـا و بەرنامەکانـی رادیـۆ و کەناڵـە تەلەڤیزیۆنییەکانـەوە، یـان لـە رێگـەی سـیمینار و ئاهەنـگ و گۆرانـی، ناوەرۆکـی ئینسـانییانەی ئـەو شـیعرانەی دەکرێـن بـە گۆرانـی لەلایـەن گۆرانیبێژانـی نـاودارەوە، وتـاری مزگەوتـەکان، خوێندنـی فەرمـی و پرۆگرامەکانـی خوێندنـی قوتابخانـەکان، کردنـەوەی چەندیـن یانـەی وەرزشـی بـۆ گەنجانـی کـچ و کـوڕ، کردنـەوەی یانـەی سـینەما و کافیتریـا و مەلەوانگـە و پـارك و...هتـد.

بگـرە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـەو وڵاتانـە دەخاتـە ژێـر چاودێرییـەوە کـە تاوانـی کوشـتنی ژنانیـان تیـادا روو دەدات، چونکـە لـە بـاری یاسـایی و ئەخلاقییـەوە، هیـچ کەسـێك مافـی ئـەوەی نییـە و مۆڵەتـی پێنـەدراوە بەنـاوی "شـەرەف"ەوە ژیـان لـە کەسـێك بسـێنێتەوە. نـە یاسـا زەمینییـەکان و نـە یاسـا ئاسـمانییەکان و نـە هیـچ ئاینێکیـش مۆڵەتی کوشـتنیان بـە ناوی شـەرەفەوە بـە کـەس نـەداوە. نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەردەوام ئـەو وڵاتـە پاشـکەوتووانە ئـاگادار دەکاتـەوە کـە تیایانـدا کوشـتن بـە نـاوی شـەرەفەوە ئەنجـام دەدرێـت. کوشـتن بـە نـاوی شـەرەفەوە تەنیـا لەناوبردنـی ژنێـك یـان پیاوێـك نییـە، بەڵکـو ئـەو کردەیـە لـەرووی کۆمەڵایەتـی و مەدەنـی و سیاسـییەوە، بریتییـە لـە لەناوبردنـی چەمکـی کۆمەڵگـەی ئـازاد، پێشـێلکردنی مافـی مـرۆڤ و مافـی تـاك و مافـی ژیـان.

لێـرەدا دەسـەڵات بەرپرسـی یەکەمـە لـە رووبەڕووبوونـەوەی تاوانـی شـەرەفدا، دەبـێ بەرەنگاریـی نەریتـە کـۆن و دواکەوتـووەکان ببێتـەوە و سـزای تونـد دابنێـت و جێبەجێـی

بـکات، چونکـە حکومـەت ئەرکـی یاسـایی لەسـەرە، ئـەم ئەرکـەش بریتییـە لـە پاراسـتنی شـکۆی جەسـتەی ژنـان و سـزادانی تاوانبارانـی کوشـتن بـە بیانـووی شـەرەف، خـۆ ئەگـەر حکومـەت خـۆی لـەم ئەرکـە بدزێتـەوە، ئـەوا ڕێگـە بـۆ زیادبوونـی ئـەو دیـاردە نامرۆڤانەیـە دەکاتـەوە، ئەوسـا حکومەتیـش لـەو تاوانانـەدا بەشـدار دەبێـت.

مەسـەلەی شـەرەف لـە کۆمەڵگـە خێڵەکـی و دواکەوتووەکانـدا، ئەوەنـدەی پەیوەندیـی بـە قسـە و قسـەڵۆك و (گووتی..گووتـی) و ناوزڕاندنـەوە هەیـە، ئەوەنـدە پەیوەندیـی بەڕاسـتییەوە نییـە، دەشـێت گومانکـردن و قسـەو قسـەڵۆك، ناوبانگـی کـچ لەکـەدار بـکات، لەوانەیـە ئـەو کچـە بـە فیعلـی هیـچ شـتێکی نەکردبێـت، بـەڵام هـەر بـە قسـە بۆهەڵبەستن و گومـان و ناوزڕانـدن، دوچـاری فشـاری کۆمەڵایەتـی و خێزانیـی گـەورە بووبێتـەوە، چەندین ئافـرەت هـەر بـە قسـە و قسـەڵۆك سـیفەتی بێشـەرەفییان دراوەتـە پـاڵ و دواجـار پیاوانـی نەزانیـش کوشـتوویانن، بـۆ نموونـە کوشـتنی نازەنیـن موحسـین محەمـەد.

***

لـە کۆتایـی تونێلـە تاریکەکـەدا ڕۆشـناییەکی بەهێـز هەیـە، هەمـوو ئومێـدەکان لـە ئامێـز دەگرێـت، لـە ئاسـۆدا دەلاقەیـەك کراوەتـەوە و هـەروا بەریـن دەبێتـەوە. تەماشـای ئاسـۆ بکـە، لەوێـدا ڕۆشـناییەك هەیـە، ئـەو ڕۆشـناییە دەچێتـە نێـو ڕۆحـی کـراوە و بەرینـی تـۆوە، دڵنیایـی و ئاسـوودەییت پێدەبەخشـێت. هەمیشـە بـەو هیوایـەوە بیـر بکـەرەوە کـە: خەونێـك دێتـە دی، دەشـێت ئەمـڕۆ بێـت، یـان سـبەی. خەونـی کرانـەوە و گەیشـتنی ئێمـە بـە کۆمەڵگـە خۆشـگوزەرانەکانی دیکـە.

دەتوانیـن بڵێیـن، خەریکـە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا ژمـارەی ئـەو گەنجانـەی دان بـە ئازادییەکانـدا دەنێـن و باوەڕیـان پێـی هەیـە و کاری بـۆ دەکـەن، زۆر زیاتـرە لـە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـە نەزانیـن و دواکەوتوویـیـەوە، پەنـا دەبەنـە بـەر بـۆ کوشـتنی ژنـان بـە بیانـووی شـەرەف. ئەمـڕۆ ژمـارەی زانکـۆکان، پەیمانگـەکان، ناوەنـدە ڕۆشـنبیرییەکان، دەزگاکانـی چاپەمەنـی، خوێنـدەواران، ڕۆشـنبیران، کەناڵـە ئاسـمانییە پێشـکەوتووەکان و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، بـە ئەندازەیەکـی گـەورە زیادیـان کـردووە و ژنـان ڕۆڵێکـی چالاکـی

تیــادا دەبینــن. ئەمانــە بەســەریەکەوە رۆڵێکــی ئەرێنیــی گەورەیــان هەیــە لــە گۆڕینــی چەمکــی "شــەرەف" لــە زەیــن و بیرکردنــەوەی گەنجانــی ئێمــەدا.

شــەرەف، واتــە: کارکــردن، تێکۆشــان لەپێنــاوی ئازادیــدا، جێبەجێکردنــی یاســا، دادپــەروەری، دەســتپاکی، پابەندبــوون بــە بەهــا مرۆییــەکان، ڕێزگرتــن و یارمەتیدانــی ئەوانیــدی، قبوڵکردنــی جیــاوازی و ڕێزگرتــن لــە ئەویدیکــەی جیــاواز.

بێشــەرەفی، واتــە: گەندەڵــی، فرتوفێــڵ، کوشــتن، درۆکــردن، زوڵــم وســتەمکاری، ناهەقــی، دزی، شــەڕەنگێزی، دووفاقــی، بەرتیل.

• ناو و شوێنی کەسایەتیەکانی ئەم چیرۆکە خوازراوە